- Renig bê ew çaw nezêrî û rifikan rifikaney ême le ber tosiqalleyekîş herizanî bûbê, bellam ewey rasitî bê û nabê lêşiman bigirin, hoy serekî ew ye: Êmey kurd ewendeman raw rawên û derbederî û birsêtî û heqile meqo le desit dûjiminekanimanewe dîtiwe û çêşitiwe, her boye le gişit em diniyeye da, be daîm mote be ewikimanewe nûsawe û tirisî paşeroj û mebadaman her le dill daye û lêman nabêtewe...

**Sîyamend Şêxaxayî**
**Sala 91.09.14**



# HEVALÊ SALÊ
## *Bengt Westerberg*

Federasyona Komelên Kurdistanê li Swêdê û çend rêxistinên bîyaniyan ên din WEQIFA HEVALÊ SALÊ damezradin. Ew weqifa han dê salê carek xelata hevalê salê bidin kesekî.

WEQIFA HEVALê SALê, xelata xwe ya yekemîn di roja 11.12.1991'ê de, da Serokê Partiya Gel (Folkpartiet) Bengt Westerberg.

Herweha îsal Bengt Westerberg bû hevalê salê. Ev xelat ne wek Serokê partiyê, wek şexis dan Bengt Westerberg. Ji ber ku Bengt Westerberg wek şexis li Swêdê li dij dijmintiya bîyaniyan têkoşîneke bê hempa da û dide. Xebata Bengt Westerberg, li cîhanê di hêla bê toleransî û ji bo wekheviya mirovan gelek erciya hat dîtin.

www.arsivakurd.org

# XWI VERODAYÎŞÊ HEPSÎYAN YEW ŞEREFO !



M.HIMBÊLIJ

Seri hinzar û newsey û heştay, hameyîş dê cunta dewleta faşîst a Tirkîya ser a, tam yandes serî vîyartî. Enê yandes seran mîyan di, zaf hepsîyê Kurdan ê sîyasî, îskencexanandê cûnta da faşîst di hamey qetilkerdiş û zaf însanê mayê sîyasî zî seqet mendî.

Hemberdê ena barbarey da cûntada faşîst di, tersxanedê (hepisxane) Dîyarbekirî di egîto hezê Kemal Pîrî û Mazlûm Doxan û bi tay enbazan dê xwi, jîn xwi mîyan di qurarê, xwi veşnayîşî girot. Semedo ki ê îskencexanan di metodê îskence kerdişê dewleta faşîst protesto bikê, enê egîtan, her yewîni, xwi hucredê xwi di xwi veşna û şehîd kewtî.

Çimkî dewleta fasîşt, hemberê însanan dê meyê sîyasîyan di, îskencexanan dê xwi di metodê îskencekerdişê Nazîyan bikar ardênê. Enê metodî îskencekerdişî, yewê ki xwi ra vajo, ez însana û tikêkê boya rehmi tira bêro, îmkan nîyo ki aw kes bişênibo, enê metodan hember dê însanan di karbîyar o. Lakim dewleta faşîst, eno metodo heywankî, hemberdê însanan dê mayê sîyasêyan di bikar ardênê. Îskencexanan dê cûnta da fasîşt di, egîtê do hezê Nejmetîn Buyukkaya û hezê enê enbazî, bi seyan însanê mayê sîyasî, bindê îskencî di, tersxane dê Dîyarbekirî di şehît kewtî û tay enbazî zî, seqet mendî.

Xwi veşnayîş dê enê egîtan dim ra, hepsîyê mayê sîyasî, semedo ki tersxanan di îskencekerdişê dewleta faşîsti protesto bikê, ê hama, hama heme tersxanan dê dewlet faşîst di hebsiyê mayê siyasî, dest bi grevdê nan nêwerdişî kerd. Eno protesto kerdişê hepsîyan, hepsîyan xwirê kerd bi, heze yew çeki û jîn hemberdê dijminî di xwi pê pawitênê. Kurdê ki teberabî zî, ê zî tebera dekewtî bi girev dê nan nêwerdişî,jîn him paştîdatîşê xwi bi hepsîpyan nawnaynê û him zî, bi ena çekda xwi rey da, jîn dewlata faşîst protesto kerdênê. Ê bi enê protesto kerdişî reyda, him vengê hepsîyan dê xwi û him zî, jîn vengê xwi bi dinya ro vila kerdênê. Bi enê vengdê xwi reyda, jîn nalet bi dewleta faşîst ro varnaynê.

Tebera cenîyanê Kurdan, meselada nan nêwerdişî di, jîn yew rolê do pîl girot bi xwi milî ser. Eno zî yeno ena mana ki, Kurdî hepsîyan dê xwinê sîyasîyanê wayîr vejîyenê û paştîya xwi danê bi paştîda jîn.

Vanê ki, dewleta faşîst efoy veta. Lakim, Kurdî teber dê ena efoy di mendê, qala vengi. Hetano ki Kurdistan xelas nêbo, ne zulmê dewleta faşîst qedîyen o û ne zî zîndanê dewleta faşîst veng benê. Dewleta faşîst, wazena wa hinzar ray, hepsîyanê efoy vejo, ma Kurdanê qethîna ferq nêkeno. Xwi ra çîyo do ana sarên zî dijminî ra pawitiş, qala venga.

Qongira federasîyon a kurdan, ê desin dim ra, yew qomîte bi namebê qomîtê paştî dayoxê hepsîyan dê Kurdan ê sîyasîyan, bindê çemsî da federasîyon di Stockholm di hame viraştiş. Eno qomîte, nizdîka des aşmîyo ki, gorebê îmkanan dê xwi dest bi kar û xebata xwi kerda.

Armanca qomîtî, heme çeher parçandê Kurdistanî di kontax

bi hepsîyandê kurdan a yê ki siyasîyê, jîn reyda rono û jînê bibê alîkar. Komîtî hetanî inkay, bi erşawitiş dê naman reyda bi zaf hebsiyan rey di kontax hemo ronayîş. Qomîtî, hetanî inkay 10 000 hinzarî pere, hepsîyanê erşawito. Lakim, çi heyf ki qomîtî îmkan nêdî ki, kontax bi hebsiyan dê parçandê Kurdistanî, bînan reyda rono. Sebebê ji zî, qomîtî kontax bi partiyan dê kurdan, ê parçandê bînan reyda rona. Lakim, hetanî inkay qomîtî yew xeber da pozîtîf nêgrot.

Semedo ki qomîte, mesela malî di hebsiyandê xwinê siyasiyanê bibo alîkar, qomîtî civînda xwena peyin di qerar girot ki, semedê alîkarî yew şewi, semedê hebsiyan organîze biko. Şewê bi namebê paştîdayoxê hebsiyandê siyasîyan, hamey organîzekerdiş.

Şewê 27.10.1991 di Stockholm di salonda Medborgarplats di amey viraştiş. Şewi, seet 17.00 dest bi bidekerd û nêzdîka 600 ten, heme çaher parçandê Kurdistanî ra, temaşoxvanî hemeybî, bi temaşedê şewi. Şewi, bi qalîkerdişdê serokê qomîtî reyda abî. Serokê qomîtî, temaşoxanana va ki, gelê embazan, semedê şehîdandê Kurdistanî, ez şima yew daqa dawetê hurmetkerdişê şehîdan kena. Temaşoxvanî, pêro varîştî pay û yew daqa payra vindertî.

Hurmet nawitişî ra dim, serokê qomîtî, dest bi qalî kerdiş dê xwi kerd. Qalî kerdiş dê serokdê qomîtî dim ra, yewna enbaz, bi namebê qomîtî, hame sahnî ser. Eno enbaz zî, hepsî yê mayê siyasî ki, seri hinzar û newsey û heştay ra bigî hetanî inkay ki, zindan dê dewleta faşîst di ki, bindê îşkencî di şehîd kewtî bî. Enê enbazî, derg û dûr jîyanda şehîdan sero înformasîyon da bi tamaşoxvanan. Qalî kerdişdê enê enbazî dim ra, yew



tîyatro hame kaykerdiş. Eno tîyatro, teraf dê komela da cenîyan ra hame bi viraştiş. Kaykerdişdê tîyatroy dim ra, koma dîlan hamey bi sahnî ser û dest bi govendi kerd. Koma dîlan dim ra, nobi amey bi tembûrvanan û dengbêjan dê Kurdan. Dengbêjê Kurdan, se Şivan Perwer, Rizazî, Kerem Dêrsimî, Leyla û mihem, Delal. Enê senetçîyê Kurdan. Bi heme lehçeyandê Kurdî, se Zazakî, Kurmancî û soranî deyrî kerdî. Şewa paştî dayoxdê hepsîyan, jîn bi deyran dê xwi reyda, xemilnay û zaf kêfê temaşoxan ard, zera jîn zî weş kerd. dengbêj û tembûrvananê ma zî, bi deyîr kerdişî reyda paştîya xwi day bi hepsîyandê mayê sîyasîyan.

Şewa paştî dayox dê hepsîyan, seet des di peynî bide amey. Qomîtê organîzasîyon dê şewi, peynî bi kar û bar dê şewi ard. Enbazê ki, viraştiş dê şewi di ca girot bi, ê topbî pêser.Qomîtî, hameyîşê şewi û şîyayîşê şewi hesap kerd. Perê ki, şewi di hameybî pêser 25 000 kron bi.

Bi namebê qomîtî, ma zaf pê kêfweşbî ki, heme çeher parçandê kurdistanî ra temaşoxvanî hamey bî temaşedê, şewda paştî dayox dê hepsîyan.

Bi namebê qomîtî, ma gelek sipas, Dengbîj û tenbûrvanan kenê ki, hamey şewda paştî dayoxdê hepsîyan û jîn bi deyran dê xwi reyda şewa hepsîyan xemilnay û tew yew qurişa peran zî, viraştiş dê organîzasîyon dê şew ra nêgirot. Bi eno tûtûm dê dengbêjan reyda zî, qomîte zaf pê kêfweş bi.

Semedê yew kurdistanê do aza û serbixwi, eger her kes, bi heme hawadê xwi reyda û bi zerda safî ra, paştîya xwi bidê bi yewbînan. Ne zîndan, ne îskence û nezî dijmin, şêno zorê ma ber o.

Bijî Kurdistano aza û serbixwi!

**Qomîtê Paştîdayoxdê Hepsîyandê Sîyasîyan Ê Kurdan**

www.arsivakurd.org

# WAYA NÊMERDA ÊCA ZARIFA XANIMI

**Koyo Berz**

Ma zaf nêzanê Zarîfa Xanimi kam a? Belkî ma a xo vîr a kerda, yan jî ma bolinan nameyê ci nîyaşnawit o û rind nêsinasnaya. Labrê nay weş bizanê milet a DÊRSIMÎ, milet a QOÇGÎRÎ ay weş sinasnenê û vîr a nêkenê. Cayêdê a yo teybetî esto zerîda mileta Dêrsimî di û vanê bibo jî.

Waya Zarîfa Enbaz a Elîşêrî, kewanîya ci, bermalî û enbazbenda ci ya seran bî.

Şew û roj ey a bî û ey ra nîyabiryayê.

A cinî ya Elîşêr Efendî bî.

Ay jî şêrdê xo ya pîya lejê reyayenî û serkewten da welatê xo kerdê.

A jî welatparêzan a pîya şew û roj girweyayê û dahwa serkewtenî û reyayenda welatê xo kerdê.

Way û birayê êcay!

Bîyayena 1937-1938-an, di zerîda milet a Dêrsimî? di, zerîya milet a Kurdan di, dirbetê da gird û xorî ya. A dirbeti hetan ki Kurdistan destandê dişmendê gonişimitî û zalimî bin ra nêreyo, hetan ki zalimî ceza nêbê vîr a nêşina û nîna pêşyayeni (pişteni).

Milet a ma ya ki hemberdê dişmenî di vinderda û bi camêrdey a lej kerdo, ameyê kişteni û şehîd kewtê ma înan xo vîr a nêkenê.

Namey û camêrdey a înan do zerîda ma ser o nûşteyo nûşnaye bo û tim bîro wendenî.

Ez emeley (bawerey) kena ki ma heme bi namedê Elîşêr û Zarîfa xanim a sereberz û kubar benê.

Name û şanê înan ma rê serefêno, ma rê xurûrêno. Ma bi namedê înan a tim berz benê.

Lazim o ma înan xo vir a nêkerê û ê tim vîrdê ma di bê. Lazim o ma Zarîfa Xanimi jî zey ê şehîdandê bînan tim bîyarê vîrdê xo û ay jî xo vîr a nêkerê.

Ez nêwazena dûr û derg serehewadenda, şoreşdê Dêrsimî û qetlîamdê Dêrsimî ser o vindera. Ez wazena hebê bahsê Zarîfa Xanimi û Elîşêrî bikera û înan bîyara vîrdê şima.

Elîşêr û kewanî ya cî Zarîfa Xanimi Qoçgîrî ra amey bî Dêrsim.

Elîşêr dostê Seyîd Riza yo rawey bî.

Dewlet a Tirkan derheqê Elîşêr di fermanê tepişteni, kişteni û dardakerdeni da bî (vet bî) û heme ca di geyrayê ci. Qandê nê sedemî ê amey bî û Dêrsim di ca bîbî.

Seyîd Riza'y zaf Elîşêrî ra hes kerdê û qîmiş nêbiyê namey ê ci vajo, yan jî bîyaro ziwanî ser. Ci rê vatê "mîrê mi, yan jî Elîşêr Efendî"

Qadir û qîmetê ey, ci heti zaf berz bî. Elîşêr û Zarîfa Xanim a zaf pê ra hes kerdê. Wirna merdimê pê bî û eşîrda Şêxhesenan ra bî.

Înan winî pê ra hes kerdê, winî kerdê, qandê coy jî qîmiş nêbîyê nameyê pê bidê. Înan rojê namedê pê ya neêveynda bî pê û nameyêj pê nêgirot bî zarda ziwanî ser.

Elîşêr ay rê vatî: "Enbaza mi" Zarîfa Xanimi ey rê vatê:"Enbazê mi"

No babet a veng kerdê a pê û veyndayê pê, gazî pê kerdê. Rojê înan qelbê pê nêşikna bî, pê nêtewna bî û pê ver o dîk nêbîbî.

Ronişteni û werîştena înan, dayeni û girotena înan, sîyayenî û amyayen a înan hemina eşt bî û o ciwar di mileti mîyan di nimûne bî.

Înan qedir û qîmet dayê heme mileta xo, dost û enbazandê xo, welat û welatheskerdandê xo. Mileta ci hemê ci rê jew bî.

Qet ferq û nîfaq nêvistê milet a xo mîyan, heme jew tepişti û hemini ra hes kerdê.

Qedir û qîmet dayena înan, mileti mîyan di destani bî. Miletî bi zerîda weş a, can û cîger a bahsê înan kerdê.

Hemini ê gişta nîşan kerdê û waştê ki heme zey înan bê. Ê kewtî bî zerîda mileta Dêrsimî û cayo herî berz girot bî. Hemini waştê ê şirê keyandê ci û meymanê cî bê. Wexto ki şîyê keyeyê şeref dayê î keyî û o keye pa şa bîyê.

Înan hem qedrê pê zanayê hem jî ê milet xo. Goş nayê pê, pê mîyan di qiseyê xo kerdê jewî, pênêtewnayê û pê ra nîyabiryayê.

Zarîfa Xanimi tenîya cinîya keyî kewanîya (kebanîya) keyî nêbî.

Ay jî rext û pûsatê xo girêdayê, tifinga xo eştê xo mil, qolê xo ci ra vetê û mileti mîyan ra, eşîran mîyan di qahr pey da kerdo, meseleyê hewadayeni û sebebê pê ro dayenda eşîran, pê ra qahryayena enbiryanar û ê dewijan bişayê hal kerdê, nêşayê berdê mîr û Seyîd Riza'y rê.

Qandê çareser û hal kerden da ci.

Meseleyê miyabeyndê eşîran bi şeklê do akerdey a, jew bi jew rapor kerdê û berdê mîr, serdar û qîmet giranandê eşîran rê. Qandê ki meseley çareser bê ki kurdî heme pîya sere hewadê û jew dest hemberdê dişmenandê xo di vinderê.

Remayê alîkarey da nêweşan û merdimê dirbetinî dar û kerdê. Moral û cesaret dayê keyna û cîyandê Kurdan û înan rê paştî vijiyayê. Derd û kulê înan dar û kerdê û qandê dest xo berdeni, Bira, pî û merdandê xo rê paştî vijiyayeni girweyayê, cesaret dayê înan û ê teşwîqê kar û barî kerdê.

Waya Zarîfa cinîyê da zaf jîhat û aqili bî. Cinîyê da bejnbala, çarşane û xatûni bî. Merdim qîmişê ay nêbîyê bewnî ro cî ziwan weş, zerînerm û ze-

www.arsivakurd.org

rîtenikî bî.

Ciniyandê serok, şêxan, began, serokeşîran, qîmetgiranan û ê bînan heti alaqeyê do zaf germ ronabî.

Dayenî û gîrotenî û dostaneyê da zaf germi viraştî bî. Bolinan a xo rê kerdi bî way. Karê her kesî nêbî hemberdê ay di qisey bikero û ay ver bivijiyo.

Bi raştey a cinîyê da zaf baqilî û çelengi bî.

Kê bahsê ay kerdê vatê: Xanimê da wina hewna nîyamey a dinya û çinîya.

Fekdê cinîyan di heme a bî.

Cinîyê vatê: "Xanim'a ma wina vato"

A bînî vatê: "Xanim'a wina vana"

Ay veto se beno, ay nêvato se nêbeno.

Ay çiçi vato zey a yo.

Ay vato raşto, ay nêvato çewto.

No hesab a fekan ra doş bîyê.

Ci rê qeçek nêbîyê.

Qandê coy jî tim pey qahriyayê, tim pîrûzin û derdini bî.

Tim sere ver di dişmişî bîyê.

Kotî qeçê dîyê, waştê ki ganê xo bido ê qeçî û qeçekî virar kero ûxo ra pêşo.

Elîşêr Eferndî jîmerdimê do zaf demokrat û zanaye bî. Herûnda ey dijewna bîyayê, do goreyê edet û kulturdê kurdan ray bişîyayê.

Goreyê edet û kulturdê ma Kurdan, camêrdo kî cinîyr da ci rê qeçek nêbeno, biwazo seno newe ra bijewjiyo, cinîna bîyaro cinîyer da xo ya verêni ser. (Ê cinî benê wesnîyê pê).

Labrê Elîşêrî winî nêkerd û wesnînîyardi Zarîfa Xanimi ser. Vanê ya, halê zanayî halnayo, babetnayo.

Zanaye zano se keno, senî nîkeno û senî linga xo çekeno.

Bêbext, telalqslîya, zalim, bêwîjdan û gûnişimitanê dişmenî bi hezaran a camêrd û mêrxasê Dêrsimî, di gûnî mîyan di verday û gûnî mîyan di fetisnay. Labrê Elîşêr û Zarîfa Xanim a bidestandê dişmendê teberî ya nîyamey kişteni. Dişmenê zerî, mêrdim ê rotan, bênamûs û bêgûnîyanê ma ê kiştî, ê sehîd kerdî.

Rayberê xayin û rotî qesdê gandê înan kerd û jê kiştî. Bahdê kişteni sereyê ci gandê ci ra cikerd û berd paşadê tirkan rê. Sereyê ci perandê gûnî da qewmdê xo ya dewlemend bo.

Rayber birarzayê Seyîd Riza'y bî.

Mîyabeyn ê Seyîd Riza'y û birarzadê ci çinê bî, qandê ki birarzayê ci xo rotbî dişmenandê talaqsîyayan. Rayber qandê ki Seyîd Riza'y û merdimanê ci bişikno, qandê kifirsendî dedê xo ra bigîro û înan hemini destandê Tirkan fîno û bido şikitenî û kişteni na ray weçîneno.

Elîşêr seresker bî, qomitanê do zaf zanaye û bi zor bî. Qandê coy lazim bî o bîyameyê kiştenî ki esker jî bişikiyayê û moralê înan xirab bîyayê. Qandê coy qesdê gandê ey kerd û o kişt.

Miletê mîyan di şerî jî estê, bênamûsî î.

Rayber jî xayin, bênamûs û çeqelê milet a ma bî.

Vanê ya, xeber a bêxeyri rew vila bena.

Xeber a bêxeyrî û nêweşî amê xo resna Seyîd Riza'y.

Wexto ki Seyîd Riza peyhesiya ki mîr û Enbazda ci ya ameyê kiştenî, adir kewt a zerîda ci, çimê ci peray tepelikdê seredê ci û bî pirê gûnî, pirê hersî.

Verê xo keno hetê eskeran û cematdê Kurdan a û wina vano:

"Mîro, mîrê mi, şêrê mi" wa herûnda to di ez bîyameyêk işteni. Wa to mergê mi başnawitê, wa mi ê tonîyaşnawitê.

Nê rojî, nê rojî jî mi do bidîyayê, no do jî bîyameyê ma sere di.

Diha xeyr û berket nêmend cepedê ma di. Dest û lingê ma birnay, sêrê ma, sereskerê ma jî şî.

Xayin û bêbextan zey hergi finan, no fin jî kerdenê xo kerdî bî.

Fina kayê xo kay kerdî û kayandê xo di serkewtî. Kerdena xo kerdi, irazê xo ard ca. Ma bêşêr, bêqomştan, bêseresker verday. Kê zanayê Ê do kişta mileta xo ra, kişta dişmenandê zerî ya bîrê şehîd kerdeni.

Şehîd kerden a Elîşêr û Zarifa Xanimi heme ca ra vila bena. O ki aşnawen o verê xo dano kafdê gûninî. Şinê meyitanê wirna delalan zîyaret kenê û vînenê. Cinî û veyvan gileyê xo, porê xo meyitan ser o rûçiknay.

Adir kewt a qesiba da milet a Kurdan Hersê ciman zey geverdê aw a şî.

Bîbî qîjînîya bermîdê cinîyan, veyv û keynan. Labrê veng a camêrdan, xort û egîtandê kurdan nêkewtî. Hemini serey cinay bî xo ver û dişmişî bîyê.

Qefle, qefle însanî ameyê kafî ser û wirna xezalî tewaf kerdê û şîyê.

Qedir û qîmetê wirnan zaf bî, dêrsimîja û kurdan heti.

Rayber o bêşeref seran ê ci beno paşadê Tirkan heti, labrê paşayê Tirkan ey bi destandê xo ya kişeno. Verê kişteni ci rê wina vano: -Merdimî ki êsildê (nesildê) xo rê xayinitey, bêbextey û dişmenitey keno, o qe kesî rê yar û merdim nêbeno.

O kesî rê dost û enbaz nêbeno.

Emeley (bawerey) a ey nêbena û kes nêseno paştî girêdo a ey.

Lazim o na bîyayenî qandê heme xayinkaran welat û mileti bibo destê da zaf girdi.

Lazim o xayîn û bêbextê welat û miletî nay ra payê da girdi, dersê da girdi vejê û bigîrê. Lazim o ê ki zey Rayberî kenê, zîncîya ci biweşo. Lazim o nay goşare kerê û xo goşan a kerê.

Vanê heme zey Rayberî cezayê xo bivînê û ceza bê. Rayber o xayin ceza bî merd, labrê Elîşêr û Zarîga Xanima nêmerdê û nêmirenê.

Ê ki bênamûsey kenê, ci dinamûs, şeref û hesîyet bibo, vanê ageyrê dozdê (meselandê) xo ser, welat û milet a xo rê xiyanetey nêkerê û qandê welat û milet a xo, bi namûs, bi şeref bi hesîyet a bimirê.

Vanê hezar serî bênamûs, bêşeref û bîhesîyet heyat (jîyan) ramiteni ra, rojê bi namûs, bi şeref û bi hesîyet heyat ramiteni diha rinda.

Rojê bo jî lazim o kes bi şerefa heyatê xo biramo. Cinîyandê şehîdandê Kurdistanî mîyan di, ma şenê vajê dûr û derg waya zarîfa girweyaya. Ê ki qandê serbixwoyey û azadî da Kurdistanî xebitiyayê (xebat kerda) û şehîd kewtê, înan ra û jî Zarîfa Xanim a. A şehîya jûyemin a cinîyandê Kurdan a.

Ay rojê mêrdeyê, xo, gan û zerîya xo enîya nêverda. Ey kişta xebitîyê, ey kişt a lej kerd û ey kişta jî şehîd kewti.

Jîyanê do winasîn nêbeno qismetê her merdimî. Heme kes heyranê cesaret û xebitiyayen da ay bî.

Cinîya nêmerdi waya Zarîfa qet nîna vîr a kerdeni.

Selemî, hezar selamî sehîdandê Kurdistanî rê, Elîşêr û Zarîfa Xanimi rê, ê ki qandê serkewteni û azadî da xo lej kenê înan rê, ê ki sere hewadanê û îskencan di xo ver danê, înan rê.

www.arsivakurd.org



**Satellit TV kanalları için**

# UCUZ

# PARABOL ANTENLERİ

## Türkçe TRT İnt ve STAR 1

**Ayrıca**
**Arapça MBC, Amerikan, İngiliz, Fransız, Alman, İspanyol, İtalyan, Yunanistan ve daha bir çok uluslararası satellit TV kanalarını bu parabol antenleri sayesinde seyredebilirsiniz.**

**Özellikle bu Parabol Antenlerden 19 kanal, 48 kanal ya da 79 stereo kanalları içîn olanlar arasında seçim yapabilirsiniz.**

**Aşağıdaki telefon numarasından daha fazla bilgi alabilirsininz.**
**Tel: 0753/81266**



نبيع أجهزة الإستقبال للاقنية
التلفزيونيه التاليه وباسعار مخفضه

# M.B.C القناة العربي

# الاقنية التركية

# TRT. INT
# STAR 1

بالإضافة الي الاقنيه:
الاميركية - الإنكليزيه -
الفرنسيه - الالمانيه -الإسبانيه -
الإيطاليه - اليونانيه - ومحطات
اخرى
بامكانك اقتناء أجهزة
الاستقبال الخاصة بمشاهدة ١٩
قناة او ٤٨ قناة ستريو او ٧٩
قناة ستريو
لزيادة المعلومات اتصل بالهاتف
0753-81266

www.arsivakurdi.org

# EM2 Data AB Fîrmayeke Computorê ye.

**Ji vê firsetê îstîfade bikin û ji xwe re computorekê bikirin.**

**EM2 Fîrmaya Compitorê, bûye pisporê firotina Computorên bi kalîte û bi bihayên li gor we.**

**Bi Computoreke EM2-yê meriv dikare gelek tiştan bike. Weke nimûne Ordbehandling, layout,(Nîzampaj) kalkyler,(qeyîd) register,(hesap) lîstik û gelek tiştên din.**

**EM 2 DATA AB فیرمایەکی کۆمپیوتەرە.**

**لەم دەرفەتە کەڵک وەرگرن و کۆمپیوتەرێ بۆ خۆ بکڕن.**
**فیرمای EM 2 پسپۆری کۆمپیوتەرە بۆ فرۆشتنی کۆمپیوتەری هەرزان و چاک لە باری چۆنێتیەوە. بە کۆمپیوتەری EM 2 مرۆڤ دەکارێ گەلەک کار ئەنجام بدات، بۆ نموونە:**
**ئەژماردن KALKYLER، میزانپاژ LAYOUT ، پیتداچنین ORDBEHANDLING، و زۆر کاری تریش وەک یاری LISTIK، و قەیدکرنREGISTRERING..**



**EM2 386SX-25**
**Processor: 386SX-25**
**Minne:2 MB**
**Hårddisk: 50 MB Quantum**
**Grafik: VGA och Super VGA**
**Monitor: NEC Multisync 2A, 14" färgmonitor**
**Keyboard: 102 tangenter**
**Dos: Dr Dos 6.0**

**EM2 286-12**
**Processor:286-12**
**Minne: 1 MB**
**Hårddisk: 40 MB**
**Grafik: VGA och Super VGA**
**Monitor: NEC Multisync 2A, 14"**
**Keyboard: 102 tangenter**
**-Dos: Dr.Dos 6.0**

## Biha: Li gor dilê we ye.

**نرخەکەی بە دڵی ئێوەیە.**

**بۆ زانیاری تەواو دەتوانن پەیوەندی بە «بوبێ»ەوە بکەن.**
**تەلەفۆن:**
**جێگای کار:08/6528585**
**ماڵ:08/7401138**

**Ji bo informasiyona zêde û bi kurdî, pêwendiyê bi Bûbê re daynin.**
**Telefon Kar: 08-6528585**
**Mal:08-7401138**

## EM2-Data AB, Box 44055, 100 73 Stockholm

www.arsivakurdi.org

لەرێگەی پێشمەرگەیی        ئەکەن دزی و چەردەیی
هەر بەدزی ناوەســتــن        بەکاری ترهەڵ ئەســتــن
کاتێ بۆ دزی ئەچن        خاوەن ماڵیش ئەکوژن

*یادی ٤٥ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان*
راپۆرتیK.R.O ئاوەدانکردنەوەی کوردستان

***رێبازی نوێ:*** ئۆرگانی ناوەندی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان . ژمارەی (٢)ی ساڵی ١٧، تشرینی یەکەمی١٩٩١

– مام جەلال:« حکومەتی عێراق سورە لەسەر بەعەرەبکردنی کوردستان» و «کاربەدەستانی عێراق –لاساری دەکەن لەسەلماندنی مافی رەوای خەڵکی کوردستان لە ئۆتۆنۆمی‌یەکی راستەقینە بەسەر خاکی هەموو کوردستاندا ».

* سیاسەتی بەعەرەبکردن هەرەشە لە پرۆسەی ئاشتی دەکا–سەروتار.
*دۆزینەوەی (٤)گۆری بەکۆمەڵ لەهەولێر و گۆرێک لە سلیمانی.
* پەرلمانی بەغدا و سەگەکانی کوردستان.
* پیتەرگالبرێس– راوێژکاری بالأی کۆمیتەی پەیوەندیەکانی هەندەرانی ئەنجومەنی پیرانی کۆنگرێسی ئەمریکا بۆ حەوتەمین جار سەر لە کوردستان دەدا و دەلی:« دیمەنی وێرانەی کوردستان موچرک بە لەشی مرۆڤدا دێنێ»
* ١٥٤٣٤٨ مین لەکوردستان هەڵگیرایەوە.

***سەربەخۆیی*** – ئۆرگانی ناوەندی پارتی سۆشیالیستی کورد(پاسۆک)، ژمارەی ٦ی، تابی١٩٩١.( کوردستان تەنها موڵکی کوردە).

* ئاوەدانکردنەوەی دیهاتەکان لە دەستکەوتەکانی راپەرینەکەی ئازارە.
* بروسکەیەکی برا یەزیدەکان بۆ بەرەی کوردستانی.
* کوردایەتی کورد مرۆڤایەتی یە.

***رێگای ئازادی***– ئۆرگانی ناوەندی حزبی سۆسیالیستی کوردستانی عێراق. ژمارەی٧١ی ساڵی ١٠. ١٩٩١

–– محمود عوسمان:« لەبەرەدا بڕیارمان داوە رای میللەت لەسەر مەسەلەی گفتوگۆ وەرگرین» .« ئێمە ناتوانین لەسەر بەڵێنی زارەکی میللەتی خۆمان دووچار ی شەر و هەرا بکەینەوە»، « هێزی هاوپەیمانان وتویانە: ناهێلین حکومەتی عێراق جارێکی دیکە پەلاماری کوردستان بداتەوە. »

* برسیەتی و زیادکردنی مووچە.
* هەندێ دیاردەی دزێو و ناشیرن.
* پێشبرکێی رووتاندنەوە.

***ئالأی شۆرش***– ئۆرگانی ئالأی شۆرش ، ژمارەی ٨.٩ی ئەیلوولی و تشرینی یەکەمی ١٩٩١.لەگەڵ ئەم ژمارەیەدا پاشکۆیەکی ئەدەبی – یش بلأوکراوەتەوە. لەم ژمارەیەدا: – دارشتنی بەرنامەی کرێکاریی دوور لە لادانی چەپ و بادانی راست.

* بەداخەوە بە هەمان کەرەسەی رابردو و مفاوەزاتی ئەمجارەش کرا.
* جەنگ و راپەرین و هەڵویستی کرێکاران.
* ئیرەجی ئازەرین، ئازاری چەپەکان دەدا.
* راپەرین و ئەزموونی دیموکراتی.
* رووداوەکان: چەپ و هەڵوێست.

***دیموکراسی***: گۆڤارێکی سیاسی رۆشنبیری و کۆمەلایەتیە. لەلایەن چەند روناکبیرێکەوە لە سلێمانی دەردەچێ . ژمارەی ١ی ئەیلوولی ١٩٩١.
لەم ژمارەیەدا: چەند بابەتێک بلأو کراوەتەوە: – بەرەو کۆمەڵگایەکی دیموکراسی.
– گۆرەپانی سیاسی کوردستان – پێویستی بە رێکخراوێکی سیاسی و دیموکراتی جەماوەری هەیە.
– لە واقیعەوە یا لە خودی چینکەوە بڕوانینە کوردستان.

# چالاکی کۆمەڵەکان

* **کۆمەڵەی کوردی لە ئۆستەرشوند:** راپۆرتێکی لە سەر کارو چالاکیەکانی بلأو کردوتەوە کە لە سێ بەش پێکهاتووە: أ– لە١/١/١٩٩١ –١٩/٣/١٩٩١ لێرەدا باسی چەند چالاکیەک کراوە: شەوی کوردی،شەوێکی کولتوری، بەشداری لە خۆپیشاندانی یادی هەلەبجەدا ،بەشداری لەکۆبوونەوەی ساڵانەی کومەڵەی نیونەتەوەیی ئۆستەرشوند.

ب– لە٢٠/٣/١٩٩١ تا١٥/١٠/١٩٩١ لێرەدا: ئاهەنگی جێژنی نەورۆز، بەشداری مانگرتن لە بەردەم سفارەتی ئەمریکا بۆ پشتگیری خەباتی گەلی کوردمان، کۆکردنەوەی یارمەتیو کەل و پەل و پارە بۆ ئاوارەکانی کوردستان (٣٨.٧٢٥ کرۆن) بۆ ئاوارەکان، بەشداری لە ئاهەنگی فۆلکلۆری سوێدی، کردنەوەی پێشانگایەکی فۆتۆگرافی لە سەر ژیانی کوردەواری، گەشتێک بۆ ئەندامانی کۆمەڵە لە هاویندا.

ج– لە ١٦/١٠ تا کۆتایی ساڵ:
گرتنی شەوی کوردی، بەشداری لە کۆنفراسێک لسەر کێشەی ئافرەتان.
–کۆنفرانسی ساڵانەی لە ٧/١٢/٩١ دەبەستری.

**کۆمەڵەی ئۆپسالا:**
لە مانگیدەدە یدا، کۆمەڵەی ئۆپسالا چەند چالاکیەکی ئەنجامداوە، ئێمەش لە خوارەوە باسیان دەکەین:

*لە رۆژی ١٢/١٠/١٩٩١ کۆرکیان بۆ پارێزەرانی کوردلسەر قانونی تیرۆر کە لە کوردستانی باکور هاتبوون گێراوە .

*لە رۆژی ١٣/١٠ کۆرێکی لسەر بزووتنەوەی نوێخوازی لە هەڵبەستی کوردیدا، بۆ د. کەمال مارف بەستووە.

*لە رۆژی ٢٠/١٠/١٩٩١ کۆرێکی شیعرخوێندنەوە بۆ رەفیق سابیر ساز کرا ، هەروەها کۆمەڵەی ئۆپسالا چەند کۆرسێکی بۆ ئەندامان کردۆتەوە وەک:. تەنبور و ساز، زمانی کوردی بە زاراوەی کرمانجی، مێژووی کورد، جگە لە کۆرسی وێنەکێشی و یاری بالە بە تایبەتی بۆ منداڵان.

* کۆبونەوەیەک لەگەڵ SIV دا

لە رۆژی١٣/١١/٩١ کۆبونەوەیەک لەگەڵ SIV کراوە بۆ چەسپاندنی نۆرمی یارمەتی بۆ رێکخراوەکانی بیگانە لە سوید. سکرتێری فیدراسیون لەم کۆبونەوەیەدا بەشداری کردووە.

*سیمینارێک لسەر هەڵبژاردن لە تورکیا.

لە بارەگای TCO international سەرۆکی فیدراسیۆن کاک ویلدان و ئەندامی کۆمیتەی کارگێر کاک کریف سیمینارێکیان لسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی تورکیا پێشکەش کرد.

*سیمینارێک لسەر AIDS

لە رۆژانی ١٨–١٩ی.١١.١٩٩١ لە بەرێوەبەرایەتی کۆمەلأیەتی (Social Styrel-sen ) سیمینارێک لسەر نەخۆشی Aids کرا، کاک مەحمود کیهەر بە ناوی فیدراسیۆنەوە بەشداری کرد.



www.arsivakurdi.org

# گەشتێک
# بە رۆژنامە و گۆڤارەکانی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانی باشوور دا

ئەو وتەیەراستە کە دەڵێ: رۆژنامە دەستەلاتی چوارەمە، بەر لە راپەرینەکەی بەهاری ئەم ساڵ و چەند مانگێکیش دوای راپەرینەکە ، خەڵکی کوردستان لە رۆژنامە و گۆڤار و دەنگوباسی راستگۆیانە بێ بەش بوون، بەڵام لەکۆتایی مانگی ئابەوە، هێزەسیاسیەکانی نێو بەرەو دەرەوەی بەرە، بازوویان لێهەڵماڵیوە و بەدەیان رۆژنامەوبلاوکراوەیان دەرکردووە و دەردەکەن. شان بە شانی ئەوانیش رێکخراوە هونەری و پیشەییەکان بە دەیان کۆری ئەدەبی و پێشانگای هونەری و شانۆگەرییان پێشکەش کردووە. بەپێویستی دەزانین کە خوێنەرانی بەربانگ بەو رۆژنامەو گۆڤارانەی ئێستا لە کوردستان دەردەچن بناسێنن:

***بەرەی کوردستانی*** – ئۆرگانی ناوەندی بەرەی کوردستانی -عێراقە. چوار ساڵە دەردەچێ، بەڵام لەدوای راپەرینەکەوە تەنیا دوو ژمارەمان پێگەیشتووە. زۆربەی لاپەرەکای ئەم ژمارەیە بۆ کۆنگرەی «راپەرین»ی یەکێتیی نووسەرانی کورد لەشەقلاوە تەرخانکراوە. لەم ژمارەیەدا: دەنگوباسی چاوپێکەوتنی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی لەگەڵ نوێنەرانی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٠/ ٩١/١ دا بلاوکراوەتەوە. سەروتاری ئەم ژمارەیە لە ژێر سەر دێری: «با پەند لە مەزنی گەل وەرگرین»دا یە، کە لە هەڵوێستی ئەم دواییەی دەولەت لەمەر راگوێزانی فەرمانبەری گشت دایرەکان ی کوردستان بۆ ناوەند و خوارووی عێراق دەدوێ لە کۆتایی وتارەکەدا هاتووە:« بەرەی کوردستانی لەگەڵ ئەوەی سوورە لە سەر چارە سەر کردنی ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد بەرێزیشەوە ئافەرین لە رۆلە بە ئەمەکەکانی گەل دەکات، چۆن هوشیارانە هەڵوێستی نادروستی دەوڵەتیان رەتکردەوە و ئامادەیی خۆیان دەربری کۆمەکی بەرەی کوردستانی بکەن ....ئەو هەست و گیانە بەرز وپیرۆزە گەورەترین سەرمایەی بەرەی کوردستانییە و زامنی سەرکەوتن و وەدیهێنانی مافەرەواکانی گەلە». چەند سەر دێری تری ئەم ژمارەیە: -یادداشتی شاری سلێمانی ،

هەندێ دیاردەی دزێو ...

***رێگای کوردستان*** – ئۆرگانی هەرێمی کوردستان – حزبی شیوعی عێراق. ژمارەی(٧)ی ساڵی ٤٧،تشرینی دووەمی ١٩٩١.( ئەم رۆژنامەیە لەساڵی١٩٦٢ەوە دەردەچێ و درێژە پێدانی رۆژنامەی -ئازادی -یە کە لە ١٩٤٦ دەردەچوو). لەم ژمارەیەدا: دەنگوباسی نێوەخۆ و بەڵگە نهێنیەکانی دەزگای سازمانی عێراق کە لە راپەرینەکەی بەهاری ئەم ساڵ دا کەوتۆتە دەستی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان هەیە.سەروتاری ژمارە:

– رژێم کایەی نەماوە و گەمە دەکات!

*عەزیز محەممەد: بەرژەوەندیی گەل لەسەرووی بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتیەوەیە.

: باکاروباری کوردستان لەرێگای شوورای هەڵبژێراوەوە بەرێوە ببرێ.

* کەریم ئەحمەد: پەرەپێدانی ئۆتۆنۆمی بۆ کۆمارێکی کوردستانی لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدرالی ئارەزوومەندانەدا.

– یادداشت: یادداشتی ٣٨پزیشک وکاربەدەستی نەخۆشخانەکانی سلێمانی بۆ سەرکردایەتی بەرە دەربارەی دەستدرێژکردنە سەرکاربەدەستانی نەخۆشخانەکان، بەتایبەتی دکتۆرە موقیمەکان ...لەکۆتایی یاداشتەکەدا: «داوا لەبەرەی کوردستانی دەکەن کەماوە نەدات پێشمەرگە دەست لەکاروباری پزیشک و خەستەخانەکان وەربدەن».

– یادداشتی « کۆمەڵەی داکۆکی لە مافە مەدەنیەکان» بۆ نوێنەرانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە بۆمبارانی شاری سلێمانی لە لایەن هێزەکانی رژێمەوە،کە بووەتە هۆی شەهید بوونی (١٥٠) کەس و بریندار بوونی (٧٣٤) کەس. ئە م یادداشتە لەلایەن ٢٠٠ کەس ئیمزا کراوە.

– یادداشتی جوتیارەکانی دزلی شاور بۆ گەراندنەوەی زەوییەکانیان.

***ئاڵای ئازادی:*** ئۆرگانی ناوەندی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان . زمارە ٣ی خولی دووەم،ئەیلولی١٩٩١

سەردێرەکانی ئەم ژمارەیە:-

– یەکێتیی ریزەکان بەهیچ شتێک ناگۆردرێتەوە..

– شەهید کردنی دکتۆر محمد باجەلان مەحکوم دەکەین.

– سیاسەت لە نێوان واقیع و درۆدا.

– یادت بەخێر پەلماز گۆنای!

– نامەیەکی کراوە بۆ هەموو خاوەن ویژدانێک: کابرایەک دەنووسێ کە چۆن پاسیکیلێکی( دووچەرخە) کۆنی بە٣٠دینار بۆکورەکەی کڕیوە ،بەڵام لە رێگای پێنجوێن دا ٢٠دینار گومرگی لێسێندراوە.

***خەبات:*** ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان -عێراق-، ژمارەی ٦١ی ئەیلولی١٩٩١.

-مەسعود بارزانی:« زۆر ناشیرینە ئیمرۆ جەماوەری کوردستان لە هەموو شارو شارۆچکەکاندا مەترسیان هەبێ لە گیان و ماڵیان و ئەمنیەتیان موهەددەد بێ».- « تا رێگای ئاشتی هەبێ ،رێگای تر ناگرینە بەر».

* با سوود لە ئەزموونە تاڵ و شیرنەکانی شۆرشی ئەیلول وەرگرین – سەروتار.

* هەڤالی هێژا مەسعود بارزانی خەلاتی جیهانی مافی مرۆڤ وەردەگرێ.

* ئازادکردنی گیراوە سیاسیەکان خواستێکی بەپەلەی جەماوەر و جێی پرسیاریانە.

* دیاردە ناهەموارەکان – رێبوار ناوێک هەندێ لەو دیاردانەی هۆنیتەوە ودەڵێ:

دیاردە ناهەموارەکـان      زۆر بوە لەناو کوردستان

www.arsivakurdi.org

## کۆنگرەی ڕاپەڕین
## شەقڵاوە ١٥-١٧ تشرینی یەکەم ١٩٩١

# کۆنگرەی (ڕاپەڕین)ی یەکێتیی نووسەرانی کورد

بە پێی ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەی (بەرەی کوردستانی- ژمارە ٢) و ڕۆژنامەی (ڕاپەڕین)ی لقی سێی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، بەر لەماوەیەک کۆنگرەیەکی مێژوویی بۆ نووسەرانی کورد، بە ئامادەبوونی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی، کە ئێستا لە ناوچەیەکی فراوانی کوردستانی باشووردا، دەسەلاتدارە، بەسترا. کۆنگرەکە لە ڕۆژانی ١٥-١٧ی ئۆکتۆبەری ١٩٩١، بە ئامادەبوونی ٢٧٣ نووسەری ئەندامی یەکێتیی دەستپێکرد. دوای هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبردنی کۆنگرە و خوێندنەوەی وتاری میوانەکان و کۆمیتەی ئامادەیی، کۆنگرە ئەم لیژنانەی پێکهێنا:

١- لیژنەی وەرگرتنی ئەندام.
٢- لیژنەی پێڕەو و پرۆگرام.
٣- لیژنەی ڕاسپاردە و بڕیار.
٤- لیژنەی ڕۆشنبیری.
٥- لیژنەی پاراستنی مافی ئەندامان.
٦- لیژنەی گۆڤار.
٧- لیژنەی پاراستنی مافی نووسەرە شەهیدەکان.

ئەوەی شایانی باسە، لیژنەی وەرگرتنی ئەندام، کۆمەڵێکی نوێی لە نووسەران بە ئەندام وەرگرت کە بەم شێوەیە بوو:

کەرکووک ٢٨ ئەندام. سلێمانی ٩٠ ئەندام. هەولێر ٩١ ئەندام و دهۆک ٢٦ ئەندام.

لە ماوەی سێ ڕۆژدا لیژنەکان ئەرکەکانیان بەجێهێنا، ڕاسپاردە و بڕیارەکانیان خستە بەردەم کۆنگرە و کۆنگرەش زۆربەیانی پەسندکرد. لە کۆنگرەدا مەسەلەی ناوی یەکێتیی گفتوگۆی لێکرا، هەندێ لەگەڵ ئەوەدا بوون کە بکرێتە یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، و هەندێکی تر یەکێتیی نووسەرانی کوردیان لاپەسندتر بوو. وا دەردەکەوێ کە هەروەک پێشوو مابێتەوە.

هەندێ لە بڕیار و ڕاسپاردە گرنگەکانی کۆنگرەکە:

١- وەرگرتنی دانیال میتران و زانای بەناوبانگی تورک و دۆستی کورد ئیسماعیل بەشکچی بە ئەندامی شانازی.

٢- پێشکەشکردنی یاداشتێک بە کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووکان دەربارەی زیندانییەکان و بێ سەروشوێن بوونی هەندێ لە نووسەرانی کورد.

٣- ناردنی بروسکەیەکی نارەزایی بۆ حکومەتی تورکیا دەربارەی هێرشەکەی ئەم دواییە بۆ سەر کوردستان.

٤- بڕیاردان لەسەر ئەوەی ساڵڕۆژی ڕاپەڕینی بەهاری ئەمساڵ، هەموو ساڵێک، بکرێتە ئێستیڤاڵێکی ئەدەبی.

٥- هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی لە نێوان یەکێتیی و مەڵبەندە کولتوورییە کوردییەکان لە ئەورووپا.

٦- ڕاسپاردەی لیژنەی گۆڤاریش ئەوە بوو کە لە تەک گۆڤارە سەرەکییەکەی یەکێتیی دا، چەند گۆڤارێکی تری تایبەتیش بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، کولتووری و وەرگێران دەربچێت، بێجگە لە گۆڤارێکی تایبەت بە منداڵان و گۆڤارێکیش بۆ وەرگێڕانی ئەدەبی کوردی بۆ یەکێ لە زمانەزیندووکانی جیهان.

لە کۆنگرەدا ٣٥ کەس خۆیان بۆ دەستەی بەڕێوەبردنی گشتی هەڵبژارد. لەوانە ٩ کەس بە ئەندام و دوو جێگر کە زۆربەی دەنگی کۆنگرەیان وەرگرتبوو، هەڵبژێردران. دەستەی بەڕێوەبەری گشتیش، لەناو خۆیاندا بەم جۆرە کاروبارەکانیان دابەش کرد:

١- د. عیزەددین مستەفا ڕەسول- سەرۆک
٢- ئەلەکەددین کاکەیی- جێگری سەرۆک
٣- محەمەد موکری- سکرتێری ڕۆشنبیری
٤- محەمەدی حەمە باقی- سکرتێری بەڕێوەبردن.
٥- قوبادی جەلیل زادە- سکرتێری دارایی
٦- ئیدریس چەلکی- ئەندام
٧- جەلال بەرزنجی- ئەندام
٨- عەبدولرەقیب یوسف- ئەندام
٩- عەبدولرەحمان مزووری- ئەندام
١٠- زاهیر ڕۆژبەیانی- ئەندامی جێگر
١١- عەبدوڵلا سەراج- ئەندامی جێگر

دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (بەربانگ) پیرۆزبایی لە نووسەرانی کوردستان دەکات و هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو خاوەن قەڵەمێکی پاک و ڕەسەن، لە پێناو گەشەپێدانی زمان و ئەدەب و کولتووری گەلەکەماندا، دەخوازێ.

www.arsivakurdi.org

زیرەک هەر چەند دەنگی خۆش‌و وەستای بەستەی کوردی‌و گۆرانییەکانی لەبەر دڵان دەبن، بەڵام ئەو کارانەو هاتنە دەری لە رادیۆو نەپاراستنی خۆی‌و زۆر هەڵەی دیکە، دەیپلێنی‌و دەیگلێنێ. بەمەو ئەو گیرو گرفتانەی دیکەشی کە وەک گەنە بە رێس ملییەوە نووسابوون، گز دەیگری‌و شێتگیر دەبێ، رۆح‌و گیانی لە هەموو شتێک بێوازو ژین‌و ژیانی پڕ لە هەڵدێرو هەوراز، هەر رۆ، لە باسکێک دەگیرستەوە.

لە سەردەمی نەخۆشیەکەیدا، میوانی (جەلالی سەعاتساز) دەبێ لە مەریوان. لە کاسێتێکدا کە لەو دانیشتنە وەرگیراوەو خەڵکی دیکەشی لێیە، حەسەن دەنگی نایکاو ناتوانێ گۆرانی بڵێ. ئەو کەسانەی کە لە دەورەی دانیشتوون وازی لێ ناهێنن، هەر دەڵێن بیڵێ! ئەویش دەپاڕێتەوەو .....! بەڵام ئەوەندە دەستی لە سەر هەڵناگرن، ناچار دەبێ بە گێڕانەوەی نەقڵ‌و مەتەڵۆک کاتەکە بەرێتە سەر! لە کاتێکدا حەسەن زیرەک گۆرانیبێژ بوو، نەک فڕاوێژو نەقڵبێژ! هەر چەند نۆکتەزان و قسەشیرین بووە و ئەوانەش بۆ خۆیان هونەرو بەهرەن، بەڵام لە گەڵ ناچاریی‌و بێ پارەیی‌و دەسکورتیدا چ دەکرێ؟!

لەو پاودانەدا، بە خۆی‌و دەفەیەک‌و کابرایەکی ماندولێنژەنەوە، دەڕواتە رادیۆی سنە، بۆ تۆمارکردنی گۆرانی خانباجی. کاک (م. ک)، کە خۆی لەوێ ئۆپێراتۆر دەبێ، گوتی: لەو کاتەدا سەرۆکی رادیۆ تەلەفزیۆنی سنە، کابرایەکی فارس بوو بە نێوی (ئاغای تحصیلی). پیاوێکی خراپ نەبوو، هونەردۆست بوو و حەسەنیشی دەناسی. پاش تۆزێک دانیشتن، بەرەو ژووری تۆمارکردن وەڕێ کەوتین. کابرای پیری ماندۆلێنژەن، هاتە پەنای حەسەنەوەو گوتی ئادەی تێکە! حەسەنیش دەستی کرد بە باخەڵیداو قاپێکی ئارەق‌و ئیسکانێکی بچکۆلەی دەرهێنا کە تێ بکا بەڵام قاپەئارەق بەر بووەوەو شکا! حەسەن و کابرا زۆر تێکچوون، گوتت دە ئاوی ساردت هەڵکێشان. حەسەن هاتە لای من‌و گوتی کاکە هەتا نەخۆمەوە، پێم ناگوترێ. چی بکەم؟! کا (ک. م)یش دەڕواتە لای سەرۆکی رادیۆ و رووداوەکەی بۆ دەگێڕێتەوە. هەر چەند ئەو شتە لە رادیۆدا پاوان دەبێ، بەڵام روخسەتی لێ وەردەگرێ‌و ماشێن دەنێرن قاپێکی تریان بۆ دێ‌و دەیخۆنەوەو خانباجی تۆمار دەکەن.

لە کاسێتەکەی کانی مەلا ئەحمەددا کە دەردی دڵی خۆی بۆ «أبو صباح»و «میرزاکەریم» دەگێڕێتەوە، بەو پەڕی ناهومێدییەوە دەڵێ (هونەر لە نێو کورددا قەدری نەما، هونەر بۆ من بەهرەیەکی نەدا، هونەر بۆ من، کارێکی نەکرد کە بە دوویدا بچم، چون کوردم بە زمانی کوردی قسە دەکەم).

کاری ئەو دەنگە خۆشەو ئەو هونەرە رەسەنە، دەگاتە جێگایەک بە کەمانچەیەکی تورکییەوە کە پیرێکی گیرۆدە بە تریاک بۆی دەژەند، داوەت‌و ئاهەنگ بگێڕی‌و کوردێکی لە گەڵدا نەبێ. ئیتر وای لێ دێ کە مەلا حوسێنی عەبدوڵلازادەی «شایەرو بەستەبێژی مەهاباد»یش کە ماوەیەک لە گەڵیا دەڕواتە شایی‌و داوەتان، بە جێی بهێڵێ‌و دەستی لێ بەردا. حەسەن زیرەک لە گۆرانییەکدا کە «شاداب»ی کەمانچەژەن بۆی لێ داوە، بە گۆرانی دەڵێ:

خەبــەر بەرن بۆ خزمــانم
ئاورێ بەر بــۆتە خــەرمـانم
لێم زیزە مەلا حسەینی جوانم!

وەکوو خۆی لە گۆرانییەکیدا باسی دەکا، (ئاخری پیرییەکەی) یان دوایین ساڵەکانی تەمەنی دەباتەوە شاری شنۆیەو لەوێندەرێ دەژی. جێگای خۆیەتی، کاک عەزیزی خەیات‌و بە تایبەت تەقیزادەی نەوارفرۆش، کە هەردووکیان دووکانەکانیان بە نێوی زیرەک کردبوو، لە بیر نەکەم چوونکە لەو ماوەیەدا کە حەسەن زیرەک لە شنۆیە ژیاوە، پیاوانە چوونەتە ژێر باڵی‌و زۆریان یارمەتی داوە. لەوێ بە یارمەتی کاک تەقیزادەی نەوارفرۆش، لە گەڕەکی حەسەناوا، خانوویەک بە کرێ دەگرێ‌و بۆ ئەوەی دەست لە کەس دانەکێشێ‌و نەبێتە گۆشتی گەردە مل، «تالۆار»ێکی ماڵی (ئاغا مووسا خان)ی بۆ بەتاڵ دەکەن‌و هەموو رۆژێکی هەینی ئەو تالۆارە دەبێتە تەلاری حەسەن بۆ پێشکەشکردنی گۆرانی‌و وەدەسخستنی نان! لەو کاتەشدا هونەرمەندە فارسەکان لە باشترین‌و خۆشترین تالاری شارەکانی ئێراندا هونەرنوێنییان دەکردو رایاندەبوارد! بەڵام حەسەن چونکە کورد بووە، بەو چەشنە بەڕێ چووە!! لەوێش پاش ساڵو نیوێک مانەوە، نەخۆشی وای لێ دەکا کە بگەڕێتەوە بۆکان. حەسەن نەخۆش دەبێ کەچی بەو حاڵەشەوە، دەیبەنە داوەت‌و خەتەنەسووران‌و خەنەبەندان‌و زۆر کۆڕو بۆنەی دیکە، بەڵام وەک مامۆستار هەژار گوتەنی:

داخــەکەم بۆ گــوڕو تینی جوانیم
ئەو دەمەی چۆن‌و چ بوو، بۆ وانیم؟!

بە داخەوە حەسەن زیرەک ئەو «حەسەن زیرەک»ە نەمابووەوە کە دەنگ هەڵبڕێ‌و لە سیلەی قەبرانی پێ بچڕێ! نەخۆش‌و دەردەدار، هەژارو لەشبەبار، دۆش دامابوو. بە هیچ شتێک سرکنایی نەدەهات و هیچ ئۆخژنێک، کوڵو کۆی دەروونی دانەدەمرکاند، هیچ هەتوانێکیش دەردی دەوا نەدەکرد، نە ئەم دوکتۆر، نە ئەو دوکتۆر؛ ئاخرەکەی سەرەتان دەرگای هیوای لێ تەنی‌و پاش عەمەلێک لە تەورێزو گەڕانەوە بۆ بۆکان، دوای چەند مانگ ژیانی سەگمەرگی لە ١٩٧٢/٦/٢٦ لە تەمەنی ٥١ ساڵاندا، بەجێی هێشتین‌و بۆ هەمیشە ماڵاوایی لێ کردین. مردنی حەسەن زیرەک بوو بە هۆی ئەوە کە گۆرانی کوردی خۆشەویستر بێ‌و رێزی هونەرو هونەرمەندی کورد لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کورددا بڕواتە سەرێ‌و تێ بگەن کە کوردیش وەکوو گەلانی دیکەی سەر رووی زەوی، خاوەن مەقام‌و گۆرانی و بەستەی تایبەت بە خۆیەتی. حەسەن زیرەک مرد، بەڵام گۆرانییەکانی هەتا هەتایە، زیندووڕاگری نێوی ئەو هونەرمەندەن.

ناسری رەزازی ستۆکهۆڵم ١٩٩١


لەم سەرچاوەگەلەی ژێر، کەڵکم وەرگرتووە:
(گەوهەرێ) گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک ئامادەکردن و نووسین عوسمان شارباژێری.
حەسەن زیرەک و هەندێک لە بەسەرهاتەکانی میزا کەریم خۆشناو.
کاسێتی دانیشتنەکەی «کانیمەلائەحمەد» لە گەڵ ئەبوو سەباح.
کاسێتی دانیشتنەکەی ماڵ «جەلال سەعاتساز» لە مەریوان.





www.arsivakurdi.org

نامەویٰ باسی ئەوە بکەم کە ریزو خۆشەویستی حەسەن زیرەک لە نێو کوردو لە کۆمەڵی کوردەواریدا، تا چ رادەیەک بووە، چوونکە ئەو سەردەمەی کە ئەوی تێدا ژیاوەو ئەو رەوشەیەی بە سەر ویدا سەربەران بووە، هونەری کوردیو هونەرمەندی «کورد»یشی هەڵداشتۆتە بەستۆرەی بایەخپێنەدانو بەهەندگرتن! ئەو هونەرمەندە چەوساوەیە، چەند جار ئێرانو ئێراقی کردووەو سنووری دوو وڵاتی داگیرکەری پەڕاندووە، بۆ ئەوەی بتوانیٰ بحەسێتەوەو ژیانێکی ئینسانانەی هەبیٰ، بەڵام لە هیچ لایەکیاندا جێگەی نەبۆتەوەو نەیتوانیوە خۆی رابگریٰ.

بە دەیان جار لێیان داوەو سووکایەتییان پیٰ کردووە، زۆرجاران بە سەرخۆشیو بێئاگایی هەڵیانداوەتە سەر عەرەبانەو داشقەی حەمباڵانو بە بیٰ یارمەتیو چاوەدێر، بەرەو ژوورەکەی کە هەر چەند مانگو ساڵێک لە لایەک دەمایەوە، کل کراوە. هەتا بەهۆش بووە گۆرانییان پیٰ گوتووە، کە سەرخۆشیش بووە، بێکەسو بێدەر خۆی دیوەتەوە، چونکە لە لایەک خۆی نەناسیوەو نەیزانیوە ئەرکی هونەرمەندێک لەو ئاهوتەیەدا چییە؟! لە لایەکی دیکەش، کۆمەڵی پاشکەوتووی کوردەواری دێرانەیەی ئەوەی نەبووە کە لەگەڵ هەڵسو کەوتی گۆرانیبێژێکی دڵتەڕو بەزمیدا هەڵبکا!

لە خێزانەکەی جویٰ دەبێتەوەو بیرە بیرەو سەر لیٰ شێواو، هەر شەو لە لایەک رۆژ دەکاتەوە. کەچی پاش هێنانی سیٰ ژنیتر، لەگەڵ رابە خانم زەماوەند دەکاو دوای ئێرەو ئەوێیەکی زۆر، لە کانی مەلا ئەحمەدی ئەو پەڕی شاری بانەوە سەر هەڵدێنن! لەوێش وەکوو خۆی لە کاسێتێکدا باسی دەکا: (لە ئێرانو ئێراقدا هیچ جێگاو رێگام نەبووەوە تیا دانیشم، شوێنێکم نەدی تیا بژیم، لە بەینی دوو سیٰ کێودا چایخانەیەکی پرتووکاوو ناخۆشو عەجاییم هەیە! ئەگە بێن تەمەشا بکەن تەعجوب دەمێنن)، سەرەڕای ئەوە دەڵیٰ (نە پێم خۆشە چون کاسپی لیٰ دەکەم!) ئەو هونەرمەندە بلیمەتە، لەبەر ئەوەی مشتەرییەکانی بەویٰ رابێریٰ، ناچار دەبیٰ هەر لە بەیانییەوە هەتا شەو دێریٰ، یا بەپای وان بخواتەوە و بە دەفەیەک گۆرانییان بۆ بڵیٰ، بەڵام مەگەر مرۆڤ بەردە، یان ئاسن؟ رۆژێک هەر دەبیٰ بەلادا بیٰ!

حەسەن زیرەک تەنیا لەبەر کاسپی نەبووە کە رووی کردۆتە شوێنێکی تەریکی وەکوو «کانی مەلا ئەحمەد»ی لای بانە؛ ئەو هونەرروەرە، دڵی بە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق، زۆر کراوەتەوەو هەمیشە دڵی بۆ ئەو دیو، کۆرەی هاتووە! بانەش سەر سنووررو نزیک بە ویٰ بووە. زۆرتریشی لەبەر ئەوە بووە کە لەو دەمەدا، کوردستانی بندەستی ئێراق وەکوو سیٰ بەشە داگیرکراوەکەی تر نەبووە، کورد ئازادی ئەوەی هەبووە کە بە زمانی کوردی بخوێنیٰو بنووسیٰو شۆڕشی چەکداریش لە گۆڕێدا بووە.

لە سەفەرێکیدا بۆ ئێراق، ساڵی ١٩٦٦ کاتێک کە لە بەغدا دەبیٰ، لە بەر چەند هۆ، دەیگرنو ٦ مانگ، ئازارو ئەشکەنجەی دەدەن! بۆ خۆی لە کاسێتێکدا دەڵی ١٨ مانگ بەڵام وانییەو ماوەی سەفەرەکەی ١٨ مانگ بووە، لەو کاسێتەدا سەرخۆشەو جۆڕاوە دەنا شاهیدی لە سەرە کە ٦ مانگی لە زیندانێدا ماوەتەوە. دوای ئەوەش کە بەر دەبیٰ، ماوەیەک لە سلێمانی دەمێنێتەوەو پاش ئاهەنگێک لە ماڵی یەکێک بە نێوی شێخ جەبار، دیسان دوای ماوەیەک دەیگرنەوەو دەیدەنەوە بە ئێران. خۆی لەو کاسێتەدا دەڵیٰ:

(ئەی هاوار ئەی هاوار، من لە هیچا نەبووم، هەژدە مانگ لە ئێراقا گیرام! شەش مانگ لە ژێر شکەنجەی سازمانی ئەمنییەتی ئێراقا بووم! ئەوەی کە بە سەریان هێنام، هێنام. ئەوی کە «تعذیب» بوو، کردیانم. ئاخری دەیانەویست بترییەکی بیرە لە قنگم بڕن! کوڕێکی خانەقینی پۆلیس بوو لەویٰ، گوتی ئەگەر هەرچیتان لیٰ کردووە قەی ناکا، من قبووڵم کردووە، ئەگەر ئەوەی لیٰ بکەن من ئەم ئەمنە بە یەکا ئەدەم!! باشە ئەو خراپەی دەربارەی من کرد، لە منی دا، کوشتمی رۆژێک، پێشتر، مانگێک پێشتر لێی دام. ئەمما دوایی جغەرەی بۆ دێنام. تا ئەو رۆژەی بمرم، مەمنوونیم بە خاتری خوا. کاکە من رۆژگاری خۆمم ئاوا بردۆتە سەر). تا ئەوەی کە دەیگوێزنەوە بۆ زیندانی کەرکووکو پاشان مووسڵو لەوێش پێشمەرگەیەکی ئەو سەردەمەی شۆڕشی بارزانی سەختی دەکا بەری دەدەنو رزگاری دەبیٰ.

پێش ئەو سەفەرە، یەکەمجار کە لە ئێراق دەبیٰ، گۆرانییەک بە عبدوالکریم قاسمدا هەڵدەڵیٰ، چوونکە (لەو سەردەمەدا کوردستان ئاهوتەیەکی نیوەدێمۆکراسییانەی بە خۆیەوە بینیوەو لە کوردستانی بندەستی ئێرانەوە زۆر کەس بەرەو ئەویٰ هەڵاتوون). کە دەچێتە گەلاڵەو حاجی ئۆمەران، هەر هەمان ستران دەکاتە پایەنازی مەلا مستەفا. کەچی لە گەڕانەوەیدا بۆ ئێران، سترانی نێوبراو دەکا بە:

لێـدەن لێـدەن لێـدەن، مـۆسیقـای شـادومـانیـی
ئەوە هـاتـە رووی دونیـا چکـۆڵ شـازادەی ئێـرانیـی
سـەقزو بانـەو تیـلـەکۆ، سـەردەشت سابـلاغو شنـۆ
شاهەنشا موبارەک بیٰ، فەرەح تەبریک بیٰ لەتۆ...و زۆر گۆرانی دیکەی قۆڕی وەکوو ٢١ی ئازەرەو ٢٨ی مورداد و تێکدانی سروودی «نەورۆز» شیعری مامۆستا «پیرەمێرد»و هیتر. ٢١ی ئازەریش ئەو رۆژەیە کە لەشکری ئێران گەیشتە تەورێزو ئازەربایجان کەوتەوە دەست حکوومەتی شای دەرکراو.

لێرەدا گەرەک ئەوە روون بێتەوە کە، کوردستانی بندەستی ئێران بەشێکی زۆری، بە قبڵی حکوومەتی ناوەندی، خراوەتە سەر ئازەربایجانی رۆژهەڵاتو کوردستانیان بە بەشێک لە ئازەربایجان لە قەڵەم داوەو دەیدەن! ٢١ی ئازەریش، بۆ دەوڵەتی رەزاخانی سەرکەوتنێک بوو کە گرتنەوەی کوردستانیشی مسۆگەر کرد، چونکە ئازەربایجان بە شەڕ گیراوەو خەڵک زۆر کوژراو سەرەک کۆماری ئەوێش «پیشەوەری»، هەڵات بۆ ئازەربایجانی سۆڤیەت. لیٰ کورد شەڕی نەکردو پێشەوا قازی محەممەد بە جێگای هەڵاتن، مایەوە. بەڵام بە داخەوە گیرا و رۆژی ٣١ی مارشی ١٩٤٧، بە دەستی چەتەکانی رەزاخان، لە سێدارە درا!

گوتنی ئەم گۆرانییانەش لە لایەن حەسەن زیرەکەوە، هۆی نەخوێندەوارییو نەزانیو چۆکدادانی خۆی بوو، دەنا تووشی شتێکی ئاوەها نەدەهاتو نەدەبوو بە ماڵ بەسەرییەوە. هەر چەند ئەو گۆرانییانە لە لای خەڵک، کارێکی وا بەرچاوی نەکردە سەر حەسەن زیرەک، بەڵام هەر چەند جاریٰ کە بیستوویەتەوە، جەرگی، جەرگی خواردۆتەوە!

www.arsivakurdi.org

گۆرانییەکانی زیرەک لە رادیۆ کرماشان سەنتووری لێ داوەو لە کەسیترم بیستووەو بە گۆرانییەکانیدا دیارە، هۆرو هۆشی بۆ وەرگرتنی دەزگاکانی مووزیک، کەمو کووڕی نەبووە.

جگە لەو گۆرانییە کوردییانەی کە چڕیونی، هەر گۆرانییەکی ناکوردیشی کە گوتۆتەوە، وا لە دەنگیدا جێگەی گرتووە کە نەناسراوەتەوە. وەکوو ئەو چەند سترانە تورکیو ئازەریو عەرەبیو ئەرمەنیو ئاسوورییەی کە بە کوردی گوتوونیەوە: (وەرەقوربان)، (دەوەرە گوڵم نێوی دڵم)، (بۆت دەڵێم تۆزە تۆزە)، (دوگمەت داخە)و (خانباجی).

لە راستیدا، گۆرانی لە داڕێژگەی دەنگی ئەم هونەرمەندەدا، قاڵبی گرتووەو بووە بە کوردی. هیچ کات دەنگی نەچۆتە داڕێژگەی گۆرانییەوە. گۆرانییەکە بۆ خۆی بووە کە لە دەنگیدا جێی گرتووەو داکاسراوە، بۆچی؟ (چونکە گوێی حەسەن زیرەک بە لای لایەی کوردیو بەندو باڵۆرەی کوردانە گۆچ کراوە، لەبەر ئەوەش کە نەخراوەتە بەر فێرگەی فارسیو نەنێردراوەتە ژێر دەست مامۆستای فارسو کورد ماوەتەوەو نەگۆڕاوە، هەر بەو پێودانە، دەنگێکی کێوییو دەستەمۆنەکراو و کوردیی هەبووە.)

ئەو هەڵبەستانەی کە زیرەک بە گۆرانی چڕیونی، ئاوێنەی وێنەنوێنی ژیانی سادەی بە تایبەت، ئەو کاتەی کوردەواریو تەنانەت ئێستاشە. لە گۆرانییەکانی حەسەن زیرەکدا:

دەنگی باو باران، هاژەی رۆباران، سەیرانی بەهاران، هەوهەوی سواران، قاسپەی کەوی نزاران، هۆرەی شوانانو (بەر بەر)ی جووتیاران، گەڕەلاوژەی شەوانەو هەڵپەڕینی ئێواران، گەڕی رەشبەڵەکو گۆڤەندی چاوبەخوماران، زرینگەی گۆبەرۆکو خرمەی مێخەکو گواران، کۆڕی گەرمی دیوەخانو هێماو ئاماژەی دڵداران، بزەی تازەبووکی دەستبەخەنەو چاوبەسورمەی ئامێزی رەشماڵانو دەواران، لەنجەی کناچەی گۆزەبەشانو قیتەقیتو پسکەپسکی لاوی سەر کۆنسوارانو قەراخ پاسارانو هەستو سۆزو خۆشەویستیو فرە  رانەی دیکە وێنەنوێنە.

حەسەن زیرەک مۆڵەقێک بەستەی فۆلکلۆریکی  رندو ناسکی لە نەمان رزگار کردووە کە هەرکام لەو شیعرانە لە باری ئەدەبیەوە، دەربڕی پاودانێکی تایبەتیو خاوەنی بایەخی سەردەمی خۆیانن.

حەسەن زیرەک لەبەر دەردی نەخوێندەواریی، جگە لە چەند شیعری تاکو تەرای شاعیران، نەیتوانیوە شیعری شاعیرێکی کورد بە درووستیو بێهەڵە بڵێتەوە. لە ستۆدیۆی تۆمارکردنی گۆرانیدا لە رادیۆ، شیعری شاعیرێکیان داوەتێ کە بیڵێ، هەرکە چۆتە پشت میکرۆفۆن، لە بیری چۆتەوەو چی بەزاردا هاتبێ، ئەوەی گوتووە! سەبارەت بەمە، کۆچکردوو مامۆستا هێمن، پێی گوتم ئەو سەردەمەی کە لە ئێراق بووم، وتارێکم لە ژێر سەردێڕی (ئەوانەی دە شیعری من رەیاون)دا نووسی، کە لە (حەسەن زیرەک)ەوە دەستم پێ کردبوو و چەند گۆرانیبێژی دیکەشی دەگرتەوە، بەڵام دوایی لە بەر چەند هۆ......!، لە ستۆن کردەوە و وازم لێ هێناو بڵاوم نەکردەوە!

ئەوەی کە دەڵێن حەسەن زیرەک ...١ گۆرانی تۆمارکراوی هەیە، وا نییەو هەڵەیە، ئەو بژاردنە پەڵەیە. وان سترانان بە مەمانان نایەنە هەژمار، مەگەر گۆرانیبێژ بۆ خۆی ئارشیڤی رادیۆ کوردییەکان!!

ئەو گۆرانییانەی کە حەسەن زیرەک لە رادیۆی کوردی بەغداو تەورێز و تاران سنە و ورمێ و کرماشان، تۆماری کردوون، ئەوانەشی کە هی دانیشتنو ئاهەنگی کۆڕو کۆمەڵن، بە هەموویانەوە ئەگەر دووپاتکراوەکان بە (٢) حیساب نەکەین، واتە ئەو گۆرانییانەی کە دووجار گوتوونییەوە، لە (..٦) گۆرانی تێپەڕ ناکا. کورتو کورمانجی (ئەوەی کە لە بەرچاوە چی بە رانانێ داوە؟!)

حەسەن زیرەک لە گۆرانی کوردیدا، خاوەن قوتابخانەیەکی تایبەتەو گۆرانی گۆرانیبێژی تریشی گوتۆتەوەو زۆر لە گۆرانیبێژانی کورد، کە من یەکێکیان بۆ خۆمم، لە سەرەتادا لاسایی ئەومان کردۆتەوە.

حەسەن زیرەک گۆرانی هەندێک لە گۆرانیبێژەکوردەکانیشی گوتۆتەوە نموونەشیان: ماملێ، جەلال بەگ، مەلاکەریم، تایر توفیق و هیتر.

ئەوەش دەبێ باس بکرێ کە ڤیۆلینیستی بەرزو بەنێوبانگ کاک مجتبی میرزادە خەڵکی کرماشان، لە زیاتر بە نێوبانگکردنی حەسەن زیرەکو خۆشەویستکردنی گۆرانییەکانی لەناو خەڵکی کورددا دەورێکی باڵای دیوە.

لە سەرپاکی ئەو کاسێتانەدا کە زیرەک لە گەڵ سازو ئامێری جۆر بەجۆری مووزیک تۆماری کردوون، چ لە ئێراق، چ لە ئێران، هیچیان بە قەدەر ئەو گۆرانیانەی کە لە گەڵ میرزادەو عبدالصمدیو یووسفزەمانیو فەرەیدوونی مورادی لە رادیۆ کرماشاندا تۆماری کردوون، مووزیکەکە لە گەڵ دەنگو گۆرانییەکانیدا نەگونجاوەو جێی نەگرتووەو لە داڕێژگە دەرنەهاتوون!

ئەو سەردەمەی کە حەسەن زیرەک لە رادیۆ کرماشان کاری دەکردو مامۆستایان (تاهیر توفیق)و (علی مەردان)و (عارف جزیری)و (حەسەن جزیری)و (ئەلیاس فەرەنگی)، لە بەر گرێدایی کولتووری نێوان ئێرانو ئێراق، یان ئەوەی کە حکوومەتی ئێران نێوی نابوو: (روابط فرهنگی)!!، رێ درابوون بێنە ئێرانو میوانی حەسەن زیرەک دەبن، مامۆستا تاهیر توفیق، یادی بەخێر، بۆی گێڕامەوە کە، هەر ڤیۆلینیستێکیان هێناوە، لە بەر ئەوەی فارس بووەو شارەزای مووزیکی کوردی نەبووە، نەیتوانیوە لە گەڵیاندا لێ بدا هەتا ئەو کاتەی میرزادە هاتووە!

(میرزادە هەم لە مووزیکی کوردی، هەم فارسی، تەنانەت عەرەبیو ئازەریش شارەزایە! ئەو شێوازە کوردییەی کە میرزادە لە ڤیۆلۆندا هەیەتیو لە هەستانی «حیجازو سەباو بەیات»دا کە بۆ مامۆستا (تاهیر توفیق)ی لێ داوەو زەقو وێنەنوێنە، بە هیچ ڤیۆلینیستێکی کوردستانی بندەستی ئێراق، کە کوردییان خوێندووەو لە ژێر دەست مامۆستای کورددا فێر بوونە، لێ نەدراوەو لێ نادرێ،مەگەر پەنجەی هونەرمەندانەی «دڵشاد»ی دهۆک!)

کاک ئەنوەر قەرەداغی هەر چەند دەستکەمێکی لە میرزادە نییەو لە میرزادە گەلێک خۆشەویستترو بەنێوبانگترو بە خزمەتترە لە نێو کورددا، پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول، کە پەڕەوازەی ئێران بوون، بە هەر جۆرێک بوو خۆی گەیاندە میرزادەو دیتی، چونکە زۆر حەزی لە شێوازی ژەندنی میرزادە دەکردو بە مرۆڤێکی هەڵکەوتووی دەزانی.

www.arsivakurdi.org

مانگیٰ «٦» دینار. لەویٰ بە وتەی خۆی، ٥٧ گۆرانیی تۆمار کردووە کە یەکەم سترانی (ئەسەر یارم جوانە) بووەو گۆرانییەکی کوردییەو لە پێشدا جەلال بەگی دیاربەکریی کە بە «جەلال گوزەل ساس» واتە: جەلال دەنگخۆش، بە نێو بانگ بووە، بە تورکی گوتوویەتیو حەسەن جەزراوی بە کرمانجی لە ئێزگەی بەغدا تۆماری کردۆتەوەو حەسەن زیرەکیش بە سۆرانی، گوتوویەتەوە. لە ئێزگەی کوردی بەغداش، کاک ئەحمەدی شێخاڵیو کاک قادر احمدو چەند کەسیتر، وەکوو دەستەی «کۆراڵ»، سەربەندی زۆربەی ئەم گۆرانییانەیان، لە گەڵدا گوتۆتەوە.

ساڵی ١٩٥٧ حەسەن زیرەک لە ڕێگای خانەقینەوە دێتەوە شاری سنەو خەبەر دەگاتە خەڵک کە حەسەن زیرەک گەڕاوەتەوە.

بەڵام ساڵی ١٩٦٦ کە دیسان چۆتەوە ئێراق، لە ئێزگەی بەغدا وەریان نەگرتووەو گۆرانییان لیٰ تۆمار نەکردووە! چونکە جارێک لە ئێراق بووەو گەڕاوەتەوە. سەرەڕای ئەوە پاش ماوەیەک لە کۆڵی نابنەوەو دەیگرن، کە دواتر باسی ئەو گرتنە لە زمانی خۆیەوە دەگێڕمەوە.

لێرەدا پێویستە ئاماژەیەک بە سەردەمی شۆڕشی بارزانی «ئەیلوول» بکەم کە کاردانەوەی لە باری سیاسییەوە چ بووەو لە سەر حکوومەتی ئێران، کە خۆی لاقی لە کێشەی کورددا گیرە، چ شەوتێکی داناوەو ئەو حکوومەتەی خستۆتە چ پلو پایەک؟!

لەو سەردەمەدا کە شۆڕشی کوردستانی بندەستی ئێراق بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفای بارزان لە ئارادا بوو، ڕژێمی شای گۆڕبەگۆڕ، بە ساواکو دەزگا دەوڵەتییەکانییەوە، کەوتنە پڕوپاگەندەی پڕو پووچ بۆ کوردو کوردی هەر چوار پارچەکەی کوردستانی داگیرکراویان بە ئێرانی لە قەڵەم دەداو بە (مەرزداری غەیوور)و (کوردی سەلەحشوور)و (نەتەوەی سەلاحوددینی ئەیوبی)و (اصیل)و (نەجیب)و بەم وتە قۆڕانەیان نێو دەبردین! چونکە دەیانەویست وای بنوێنن کە کورد عەشیرەتێکە لە هۆزەچیانشینەکانی ئێرانو زمانی کوردی بە هەموو لقو پۆپێکییەوە، «گوویش»ێکە لە زمانی فارسی. سەبارەت بەمە، چەند نووسەری زۆڵەکوردی دەستندەخۆری وەک شەمیمی هەمەدانی و هیتریان هان دا کە لە سەر جوغرافیاو مێژووی کوردستان شت بنووسن، بەو مەبەستەی کە کوردستان وڵاتێکی کوردی نەبووەو نییەو گەلێکی بە نێو کوردی لیٰ نەژیاوە. رادیۆی کوردی (قەسری شیرینو کرماشانو تاران)شیان تەرخان کرد بۆ بانگەوازو جاڕدان، بۆ جێبەجێکردنی ئەو مەبەستانە! لە ئێراقیش هەر ئەم هەنگاوەیان هەڵگرتو کەوتنە بەرێکردنی نووسەرو هونەرمەندو رۆشنبیرو هیتر بۆ ئێران!

بەڵام بە داخەوە، لە سەردەمی شۆڕشی بارزانیدا، کۆچکردوو مامۆستا هەژاری لیٰ دەرچیٰ، نە تەنیا مرۆڤی سیاسیو شۆڕشگێڕی کوردی بندەستی ئێران، بەڵکوو هیچ نووسەر و هونەرمەندێکی کورد لەو رەوشەیەدا نەیتوانیوە بحەوێتەوە و خۆی پیٰ ڕانەگیراوە!

زیرەکیش لەم کاتەدا وەکوو خۆی باسی دەکا، بە بانگهێشتنی بارزانی! دەڕواتە گەلاڵەو حاجی ئۆمەران، بەڵام ئەستەم بووە لە رەوشەیەکی ئاوەهادا دەربەریو لەویٰ نەیتوانیوە هەڵ بکاو پاش ماوەیەک، بیری زێدەکەی خۆیو کوردستانی بندەستی ئێران، حەجمینی لەبەر هەڵدەگریو دەگەڕێتەوە!! ئەو بانگهێشتنەش تەنیا بۆ بەزمی دانیشتنو گۆرانی بووە نەک شتێکیتر. مێژووی ئەو سەفەرەش نازانم.

بە هەر حاڵ، دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر شارو گوندەکانی کوردستان قونەکەو دەکا، لە لایەن وەزارەتی فەرهەنگی ئێرانەوە، بەشی کۆکردنەوەی کولتووری کوردی لە کوردستان!! بانگ دەکریٰ بۆ تاران کە گۆرانی تۆمار بکا! ئەم بانگهێشتنانەی نووسەر و هونەرمەند و شاعیری کوردیش بۆ تاران، هەر وەک لە سەرەوە باس کرا، پێوەندی بەو ترسەوە هەبووە کە شۆڕشی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق خستبوویە دڵی حکوومەتی ئێرانەوە.

بەڵیٰ زیرەک بە دەستی پڕ بەرەو تارانو کرماشانو تەورێز، وەڕیٰ دەکەویو لەوێش بە وتەی کاک کەریم قەیبومی، ٢٦٠ گۆرانی دیکە تۆمار دەکا! ماوەیەکیش لە رادیۆی کوردی کرماشان دایانمەزراندو بارو دۆخی زۆر باش بوو، بەڵام لەوێش نەیتوانی داکاسریو هاتە دەریٰ.

تا ئەو جێگەیەی من بزانم، حەسەن زیرەک پێنج ژنی هێناوە، (میدیا)و (زینیٰ)و (زیە)و (ئامە)و (رابیە). لە میدیا خاتوون دوو منداڵی لە پاش بە جیٰ ماوە کە هەر دووکیان کچنو ئێستا لە ئێران دەژینو (رابە خانم)یش دوایین ژنی بووە.

(حەسەنی زارەعی) یان «حەسەنی ئامینە کەیفیٰ» کە دواتر لە بەرئەوەی بە راستی بەستەبێژو تا بڵێی زاڵو سەربەران بوو بە سەر گۆرانی کوردیدا، بە حەسەن زیرەک نێو دەردەکاو لە ماوەیەکی کەمدا بە هۆی ئێزگەی کوردی بەغداو ئێزگەی کوردی کرماشانەوە دەناسریو، گۆرانییەکانی دواتر کە (ضبط صوت)و «تسجیل» دادیٰ سەر دەکا بە هەموو ماڵێکی کوردەواریداو دەبیٰ بە دەنگی زەنگی کاروانی پێشڕۆی گۆرانیِ فۆلکلۆری کوردیو ئاوێنەی ژیانو سرووشتی کوردەواری.

حەسەن زیرەک نەخوێندەوار بووە، بەڵام مێشکێکی وریاو کراوەی هەبووە. لە هەر کۆڕێک گۆرانییەکی کوردیو تەنانەت ناکوردیشی بیستبیٰ، وەری گرتووەو لەبەری کردووە. هەموو دەم تۆشەی پڕو تەیار بووە. ئەوەندە بەستەو هەڵبەستی فۆلکلۆری زانیوەو خۆشی وشەی بۆ گۆرانی داناوە، وەکوو لە کوردەواریدا باوە: ئەوەی گوتوویەتی، نەیگوتۆتەوە! دیارە ئەو بەستەبێژییو وشەدانانە، تەنیا لە حەسەن زیرەک نەوەشاوەتەوەو لە کوردستان، بە تایبەت لە ناوچەی موکوریان، شتی ئەوتۆمان زۆرەو شایەرو گۆرانیبێژی وامان هەیە کە بە سەعاتان دەیڵێنو نایبڕنەوە، بیٰ ئەوەی بەندێک دووپات بکەنەوە! بەڵام یەکیٰ لەو تایبەتمەندییانەی کە «حەسەن»ی لەوان جیا کردەوە، دەنگەکەیو ئەو هەموو سترانە گەلێریانەن کە بە کۆرپەیی لە ئامێزی گرتن و لە دارێژگەی گەرووی پڕ لە سۆزیدا، بەخێوی کردن و بۆ رادیۆی بردن و لە هەڵدێری نەمان پەراندنییەوە.

بەو چەشنەی لە کاک (کامکار)و کاک (نیروومەند)ی کلارینێتژەنو کاک (مەسقەتی) تارژەنو کاک (ئیزەدی) کە بۆ زۆربەی زۆری

www.arsivakurdi.org

# هونەرمەندی بلیمەت،

## «حەسەن زیرەک»



ناسری رەزازی

لەمەڕ حەسەن زیرەک شتی زۆر بڵاو کراوەتەوە، چ بە نووسراوە، چ بە کاسێت، بەڵام هیچیان پڕ بەپێسی وەکوو یەک نین‌و راو بۆچوونەکان جیاوازن.

من پێم خۆشە، هەر کەسێک لە سەر هەر هونەرمەندێکی کورد، بە تایبەت ئەو هونەرمەندانەی کە نەماون، شت دەنووسێ، بێ کەمان دەست باتە قەڵەم‌و ئەوەی کە هەبووەو رووی داوە باسی بکات‌ومانی خۆی بداتێ،نەک شتێکی لێ بشارێتەوەو شتێکی‌تری بخاتە سەر.

بێ پێوەنان، ئەو بوویەرو رووداوانەی ژیانی حەسەن زیرەک، بۆ ئەوە دەشێن کە رۆمانێکی لە سەر بنووسرێ. ئەوی لەوی قەوماوە، لە حەسەن‌و حوسێنیش نەقەوماوە. لە کۆمەڵی کوردەواریدا دەنگبێژێک شک نابەم کە بەقەدەرحەسەن زیرەک، دەربەدەری‌و کوێرەوەری کێشابێ‌و ئەوەندە، بەستەو گۆرانیی لە داڕێژگە دەرهێنابێ!

کوتەیەک لە ناو خەڵکی هەژارو دەسکورتا باوە:

ئەوەی دڵم دەیەوێ، چیبکەم دەستم نایهێنێ. منیش گەرەک بڵێم چە کەردەن؟ لە کوردستان دوورم، داخەکەی گرانم! لێرەش لەم هەندەرانە، کەنگێ دەلوێ‌و کوا بۆم هاسانە، بەو بارو دۆخە نالەبارەی باری ئابوورییەوە، (خودەم دەر ئێنجاو یارم دەر پاوە)، لە سەر حەسەن زیرەک شت کۆ بکەمەوە! بەداخەوە من دووجار حەسەن زیرەکم دیوە، ئەویش بە رێبواری، نەک بە دانیشتن‌و شەوزیندەداری. ئەوەش کە لە دوو توێی ئەم وتارەدا خۆی حەشار داوە، کاردۆژەی ساڵەهای ساڵ پرس‌و گەڕان‌و لێکۆڵینی ئەو چەند ساڵ تەمەنەی کوردستانمە، دەنا بۆ منی هەڵداژراوی دوور لە «واقع»ی خاک‌و گەلەکەم، ئەستەمە شتی وا!

زیرەک هەڵکەوتووی شاری بۆکانەو ساڵی ۱۹۲۱ هەر لەوێ لە دایک بووە. خوشکێکودوو برای هەیە کە خۆی دووهەمین منداڵی ئەوخێزانە بووە.

پاش ماوەیەک چاوساغی‌و شاگردیی لە کسمی جۆر بەجۆرداو شارو دێ کردن، دەبێ بە شاگرد شۆفێر. لە سەرەتای پێگەیشتنیدا کە تازە دەستی کردووە بە گۆرانیگوتن، دەڕوا بۆ ئێزگەی تەورێز گۆرانی تۆمار بکا، بەڵام وەری ناگرن‌و بە ناهومێدی دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان‌و شاگردشۆفێرییەکەی خۆی درێژە پێ دەدا. لەم کاتەدا بە حەسەنی ئامینە کەیفێ ناسراوە، نەک حەسەن زیرەک.

ساڵی ۱۹۵۱، لە لای داژوێنەر «شۆفێر»ێک، بە نێوی مصطفی، کە بە «مچە» بانگ کراوە، لە سەر ماشێنێکی باری، شاگردشۆفێریی دەکا. رۆژێکیان لە بەختی رەشی وی، لە سەقز، لە شەقامی «ساحلی» لە بەر ماڵی حاجی تەیموورزادە، ماشێن وەردەگەڕێ‌و گڕی تێ بەر دەبێ. لەو کاتەدا خەڵک بۆ ئەوەی بکوژێننەوە، بانیژەی ماڵی ئەو حاجی تەیموورزادەیە دەڕووخێنن بە سەر ماشێنەکەدا، بەڵام چ فایدەی نابێ‌و ناکوژێتەوەو ماشێن دەبێ بە قەقنەس‌و مچەی داژوێنەریش دەمرێ. ئەویش لە ترسی ئەوەی کە نەبێ بە ماڵ بەسەریەوەو پووڵ‌و پارەی ماشێنەکەی نەیەتە سەر، هەڵدێ‌و بە هەر چەرمەسەرییەک دەبێ، دەچێتە تەورێز. لەوێش دوای قەدەرێک دەربەدەریی‌و لاتەوازیی، بە ناچار دێتەوە سابڵاغ‌و بۆکان. لەوێش‌ڕا ساڵی ۱۹۵۳، رێی مەریوان دەگرێتە بەرو هەتا شاری پێنجوێن لە کوردستانی بندەستی ئێراق بەن نابێ. لە پێنجوێنیشەوە دوای چەند رۆژ دەڕواتە سلێمانی‌و ماوەیەک لەوێ دەمێنێتەوەو لە بەر «خانەقا» کوویەو شەربەتی فرۆشتووەو بەو چەشنە بەڕێ چووە! ماوەیەکی کورتیش لە کەرکووک ماوەتەوەو ئەوسا چۆتە بەغدا. لەوێ بە هاندانی دڵسۆزێک کە نێوی کاک (صلاح) بووەو پشتگریی کاک (عادل عرفان)، دەڕواتە ئێزگەی کوردی بەغداو بەو نێوەوە کە گوایە خەڵکی «قەڵادزێ»یە، دامەزراوە بە

www.arsivakurdi.org

وەرجیش......! پیاوی دەوێ! بەسەری تۆ! هەموو ڕۆژێ خوا دایناوە، یەکی دەکیلۆمیتران هەڵدێن و جا دوایە، ئاغای بە ماڵم وەردەگەڕێنە خواردەمەنی بە لەزەت و بە قەوەت......

یەکیان چرکەیەک تێمەوە ڕاماو بە ناباوەڕی پرسی:

– بە ڕاستیتە کزبووین!؟ ڕاستیش دەکەی، چونکە هەرکەسێکی تووشمان دەبێ، هەر قسەکەی تۆ دەکا.

ئەوجار بە بارێکی دیکەدا پرسیارم لێکردن و گوتم:

– دەکرێ پێم بڵێن، وا بە تالووکە بۆ کوێ دەچن و ئەم گشتە خرت و پرتانەتان بۆچییە؟

هەردووک وێکرا وەڵامیان داوە:

– حەی بێقەزابێ! بۆ چما نازانی ئێمە لە شارێکی دیکە دەژین و جا چۆن ئەو شتانەتان بۆچییە؟! ئێستاش دەبێ بهوورێ، کاتی ڕۆیشتنی ئۆتۆرۆپۆستەکەمان نزیکە و بێتوو بە پەلە نەڕۆین بەجێمان دێڵێ و ئەوجار دەبێ زوو ئەم شتانە لە ئێستگەی دانێن و بگەڕێنەوە، چونکە سێ ئەوەندەی دیکەمان شت ماوە بچین بیهێنینەوە.

بەسەرسوورمانەوە لێم پرسینەوە:

– بۆ چما لە شاری خۆتان، لەم چەشنە شتانە گیرناکەوێ، کە ئێستا خۆتان تووشی ئەو قووڕەکارییە کردووە؟

– بەری وەڵڵاهی، لێرەشی زیاتر لێیە، بەڵام لێرەکانە سوورە سوور! بابم منداڵمان زۆرە و دەرەقەت نایەین و بۆخۆشت دەزانی ئەو هەلات هەلاتەش پێی دەوێ و دنیاش هەزار و یەک مقەدەری بە دوواوە و نابێ پیاو لە پاشەڕۆژی بێ ئاگابێ... ئەو کەرەتەی ئێمە کوردین کورد...! ئەوە بۆ بە دوو ڕۆژان هەمووشتێکت لەبیرچووە!؟

ویستیان قسان ببڕنەوە و خۆم لە دەست ڕزگارکەن، بەڵام دەرفەتم نەدان و بەرسینگەم قایمتر کرد و لێم پرسینەوە:

– حاڵی نەبووم لەوەی، چ سوورە و لە کوێ سوورە؟

– تەک ماڵت بە سێ چەپی قوڕێ گیرێ! چۆن تاکو ئێستا مانای سووری فێر نەبوی؟ ئەدی لەم وڵاتەدا خەریکی چ تاڵەم ساڵدمێکی؟ سوور واتە (ریبا) بە زمانی خۆمان هەرزانکراو (هەراج). لەهەر شوێنێکی ئەم وڵاتە، هەر نووسراوە و ئەژمارێکی سوورت دیت، ئەوە بەو واتاییە شت نرخی شکاوە... ها ها ها لەهەوو فرۆشگایەی ئەولا ئەولای ئەو شتانەمان کڕیوە. ئێستاش بابم، شتەکانمان لێدەدزن و ئۆتۆرۆپۆستەکەش بەجێمان دێڵێ و دەبێ بڕۆین! ئەتۆش واباشە بچییەوە لەقوتابخانەکەتان مانای ئەم سوور و موورانە و گەلێک شتی دیکەش هەنە، لە مامۆستایەکەتان فێربی. چونکە بەو بایەی لەو کونە ڕا دێتەدەر، دەزانم ماندەنی و زۆرت حەوجەێ بە ئەژماری سوور دەبێ و ماڵئاوا......

ئەوان بە هەڵلا و گرمە ڕۆیشتن و منیش بەرەو ئەو فرۆشگایەی ئەوان قامکیان بۆلا ڕاداشتبوو، سەرم داخست و ڕۆیشتم.

چوومە ژوور و دیتم ڕاستیان دەگوت، سەر دار و بەردیان سوور هەڵگێرابوو. هەرزان و بەلاش! گۆشتی مریشکێ لە ٢٤ کرۆنی را ببو بە ٢٣و٩٠. گۆشتی مانگایە لە ٦٠ کرۆنی را ببو بە ٥٩و٩٠. ئارد لە ١٣ کرۆنی را ببو بە ١٢و٩٠. پەتاتە و تەماتە و گشت حەلەم قەلەمێکی دیکە، هەر بەو چەشنە لە قاقەزێکی ئەستوور و چوارگۆشە نرخی پێشوویان قەڵەمێکی ڕەشی بەسەرا کێشرابوو، نرخی تازەش بە دێڕی سوور، جەمع و جەهەت دە ئورەیان لێکەم کرابووە، کە پولی لای خۆمان تا قرانێک و زرێڵە فلسێکی دەکرد و ئێڵەڵڵا......

هەر لەجێ تاوێک ڕاوەستام و بیرم لێکردەوە:

– ڕەنگبێ ئەو چاوئەزێری و ڕفکان ڕفکانەی ئێمە لەبەر تۆسقاڵەیەکیش هەرزانی بووبێ، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ و نابێ لێشمان بگرن. هۆی سەرەکی ئەوەیە: ئێمەی کورد ئەوەندەمان ڕاوڕاوێن و دەربەدەری و برسێتی و هەڵقلەمەقۆ لەدەست دوژمنەکانمانەوە دیتوە و چێشتووە، هەر بۆیە لەگشت شوێنێکی ئەم دنیایەدا، بە دایم مۆتە بە ئەوکمانەوە نووساوە و ترسی پاشەڕۆژ و مەبادامان هەر لە دڵدایە و لێمان نابێتەوە......

سالا ١٤/٩/١٩٩١

## تکایەک

تکایە کەمێک دەست بگرنەوە لەو بابەتانەی بۆ «بەربانگ»ی دەنێرن. لە ڕاستیا هەندێک لەو بابەتانەی لۆ ئەم گۆڤارەی دێن هێند درێژن مەگەر بە مقەست بکەوینە سەرو قژیان تا لە گۆڤارەکەماندا جێیان بۆ بکەینەوە. دیارە نەک ئێمە، ئێوەش کەیفتان بەو سەرتاشینەی نایە. دە تکایە لەمەودوا، خەمێکی ئێمە و هی بابەتەکانی خۆشتان بخۆن. کوڕانە، خۆتان لەبری ئێمە، بە دڵی خۆتان تۆزێ سەرو قژیان چاکەن و ئەوجا بۆ مەی بنێرن.

سوپاس

www.arsivakurdi.org

چیرۆکی تەنز

# سـوور!

سیامەند

هاوین بوو، تازە پەڕیوەی ئەورووپایە ببوم و لە شارەکی سوێد، کە هەروا حۆل حۆل دەخولامەوە، لەپڕێک چاوم بە دووسێ کوردی نەناسیاو کەوت، کە هەر کامە دە پازە کیسە ئاردی دوو کیلۆییان بە نەقە نەق هەڵگرتبوو. کەیفخۆش و رووگەش تیژ بە لامدا تێپەڕین.

بەخۆم گوت:

– لە ولاٚتی خۆمان، راست لە سەروبەندی مانگی پووشپەر و جۆزەردانێدا، ئەگەر هاتوو تەپەکوێرە و مێشوولە لە زیادیاندا و لەسەروگوێلاکی پیاوی هاڵاٚن. بەپێی قسەی قەدیمییان و ئەزموونی کۆن، ئەوە دەگەیەنی، کە هاوینی ئەو ساڵەمان زۆر گەرم دەبێ. دەکرێ بڵێم بەم حیسابە شاڵاوی ئەم کوردانەش بۆ کرینی ئارد، وای چاوەروان لێدەکرێ، لە نەکاو عروسان هێرش بکەنە سەر ئەم ولاٚتە و هیچ دووریش نییە، بە دوای خۆیاندا قاتی و قوریش بە دیاری بێنن.

هەروا کە بیرم لە شەڕوشووڕ و گرانی دەکردەوە، رووم کردە فرۆشگایەکی یەکجار گەورە و هەزار بە هەزار، کە مەیدانە ئەسپێک درێژ و پان دەبوو. لەوێدا، لەسەری مار و مێرووی را بگرە، تاکو شیری وشتریشی تێدا دەدۆزرایەوە! لە بەشی خواردەمەنی زۆر وردبوومەوە و چاوم گێرا، نە خوانەکا! نە یەک زەڕە چەقە و شەقەی ترازووی فرۆشیار دەبیسترا و نە پاڵەپەستۆ و رفان و بەسەرووگوێلاکی یەکدا هەڵپرژانی کڕیاران دەبیندرا. دەریایەکی ئارام و مەند و پڕ بەرەکەت بوو. لەقورنەیەک بە سەدان کیسە ئاردی دوو کیلۆیی و پێنج کیلۆیی و ...... لە هەموو بابەتێک وەک ئاشی (مام ئەحمەدی) لەسەر یەک داندرابوو، هەر کەس بەلاشیاندا نەدەرۆیشت. کەمێک لەولاتر بە نۆزدە چەشنە نانی جۆ، گەرمە شامی، هەرزن و گەنم بەرێکوپێکی و پێچراوە کەڵەکە کرابوون.

دەی ڕاوتەگبیر، ئەو کوردانە ئەو گشتە ئاردەیان بۆ چ بوو؟ خۆ لەم ولاٚتە تەندوور و تیرۆک و رفێدەی نانکردن، لە چەشنی ولاٚتی خۆمان دەست ناکەوێ و نانکردن هەروا سانا نییە. دەی! ئەدی چی؟

لە فرۆشگایەکە وەدەرکەوتم و بەرەو شەقامی رووبەڕوو جاڵە بوومەوە، لەوێش را بۆ خەیابانێکی دیکە و هەر کەویستم بادەمەوە، لە نەکاو تووشم بە تووشی دوو کۆنە برادەری خۆم هاتوو ئەوانیش هەریەکە، چەندین کیسە نایلۆنی زەرد، سوور و شینی پڕ لە شتومەکی خواردەمەنییان بەدەستەوە و بە هانکە هانک و پەلە پەل، یەک لەپێش و ئەوی دی دوو شەقاو لەپاش بەدەنگی بەرز و بۆر لەسەر ئەو شوێنە بڕیاربوو بۆی بچن مقو مقویان بوو. هەر کە چاویان بەمن کەوت وێکرا راوەستان و بەیەک دەنگ گوتیان:

– کوڕە ئەوە لێرە چ دەکەی؟ ئای ئای! یاڕەبی بەخێربێی!

هەروا کە چاک و خۆشیم لەگەڵ دەکردن، لە بنەوە نەختێک لە بەژن و باڵاٚیان فیکریم و دیتم هەردوو لە عارەقەی رەش و شیندا شەلاڵ بوونە و هەرچەند لە رابردووشدا قەڵەو و خەپەتۆڵەبوون، بەلاٚم سەیر ئەوەبوو، لەو ماوە کورتەدا، کە ئەوانیش وەک من لە ولاٚت پچرابوونەوە، چەند ئەوەندەی دیکە گۆشتییان گرتبوو، هەروەک بەرانی دابەستە لارەی دووگەیان دەهاتوو پلەگۆشت، بەز و پێستی چین لەسەر چین کەوتووی ورگیان، دووگمەی کراسیانی پساندبوو، تەقەڵی دوولینگەکانیان هەڵوەشاوە و بەجێ دوورمانەکانییاندا، گۆشت و پێستی سپی سپی ران و خارووی تەنگەیان دەرپەڕیبوویەدەرێ! لەبەرخۆمەوە، بەو ڕواڵەتە سەیر و نائاساییە و بە تایبەتی، بەزیادە لەبەر گۆشت و چەوری گرتەنەکەیان پێکەنینم هات. بۆ ئەوەی پێکەنینەکەم ئاشکرا نەبێ، بەدوو قامکان لووتی خۆم رێک گوشی و سەرێکم باداو لێیان دەولای کەوتم و لێم پرسین:

– یاڕەبی لەچاوی پیس بەدووربن! هەر بەراستی راستی، لەوکاتەوە کە نەمدیوون، هەردووکتان زۆر کزەڵۆکە و باریک و خونجیلانە بوونە! خوا ماڵتانە ئەوە چتان کردووە، بۆچی فێری ئێمەش ناکەن؟

بەو شێخەی باوەڕتان پێیەتی! پێش ئەوەی پرسیارەکەم تەواوکردبێ، هەردووک بە جووتە وەلاٚمیان دایەوە:

– کاکەلێ هێشتا کوێت دیوە! ئێمە وەرزشیش دەکەین



www.arsivakurdi.org

# نازانم ... دەزانم

شیعری: مارف عومەر گوڵ

نازانم گۆرانیی بۆ کامە شەهیدم
بدەمە دەم سۆزی ئاوازی تارەوە
نازانم مەدالیای روخساری کام ئازیز
هەڵواسم بە ئەڵقەی ملوانکەی گەردنی یارەوە.
کاروانێک، دە کاروان، سەد کاروان
قەڵایەک، دە قەڵا، سەد قەڵا
چیایەک، دە چیا، سەد چیا
شەهیدم ریز بووە!

نازانم ناوی کام لوتکە شاخ
بنێم لە دیوانە هۆنراوەی ئاوارەم
نازانم ناوی کام چەمی خوێن
بنێم لە بارانە فرمێسکی پەژارەم.
دەزانم پێش مردن،
تف دەکەم لە نەخشەی سیاسەتی وڵاتان
دەزانم پێش مردن،
دە پەنجەم دەبێتە نیزەی رق بۆ چاوی دوژمنان.

٣/١٩٩٠
ئوکرانیا- کییف

# ژەهرباران... مەرگ باران

ئاسکێکی زامداری هەورامان، پێدەشتی بەجێهێشت
لە لوتکەی سووتاوی وڵاتی پەردوودا تا ئەژنۆی نیشتبۆ
ژیلەمۆ
دەیڕوانی، هەر گورگ بوو چوار دەوری
هەر تەم بوو ئاسمانی بەرینی سەرسەری
هەر لەوێ، لەو جێیە، بوو بە دار
دەرختێ، بێگەڵا... بێ باڵدار
شوانێکی بەهاری بادینان، بە چاوی کوێرەوە
مێگەلی چاونووستووی ژێر هەوری ژەهراویی بەجێهێشت
تێ ڕاما! بەردەمی واچیای جەستەیە
هەستی کرد! چوار دەوری هەر گورگ و جەردەیە
بە تەکان، دوای هەزار سەرسمدان
بە تەکان، دوای هەزار هەڵپلان
هەمدیسان گەیشتەوە تەلبەندی دوژمنان!
دە سەیرکەن:
دارستان وا کێڵگەی جەستەیە، نووستوە
دە سەیرکەن:
هەوراز و نشێوی ئەو خاکە،
پاڵ بەرد و توولە رێی هەر خوێنە وشک بووە.
هەوایەک هەڵناکا کە تاپۆی مردنی پێ نەبێ
لە بەینی شاخێک و دەشتێکا
سنوورێک نابینم جێ قەمەی زۆرداری لێ نەبێ.

٨/١٩٩٠
ئۆکرانیا- کییف

www.arsivakurdi.org

لەبری:

ئەی باڵداری ئینسک سووک

بلبلی دەنووک بچووک

وەرگێر دەڵێ:

Du lilla näktergal
i din gröna dal

واتا:

ئەی بلبلی بچکۆلە

لە نێو دۆڵە سەوزەکەتا

ئەوی سەرنجێکی دەقە سوێدییە کە بدات، هەست دەکا وەرگێڕ لەبەر کێش و سەروا دەستکاری شیعرەکەی کردووەو راستە بەشێک لەو جوانییەی شیعرەکانی گۆران بۆ کێش و سەرواکانیان دەگەڕێتەوە، بەڵام گرنگی دان بە کێش و سەروا وەک لە شێوە رەسەنەکاندا بالای جوانیی دەقەکانیان بڵندتر نیشان داوە، لە دەقە سوێدییەکاندا شیعرەکانیان شێواندووە و بێ پێزیان کردوون، وەرگێڕ وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد لە شیعری بەستەی دڵداریشدا هەمان رێچکەی زیانبەخشی گرتۆتەبەر.

لەبری:

یان چۆن ئەو نەختە مێشکە

بۆ فەن بووە بە بێشکە

وەرگێڕ دەڵێ:

Din lilla hjärnas rum
bli konstens eget hem?

واتا:

چۆن ژووری مێشکە بچکۆلانەکەت

بۆتەماڵی هونەر؟

وەرگێڕ لە خۆڕا وشەی «ژوور»ی خوولقاندووە، «بێشکە»شی کردووە بە ماڵ. بێشکەی هونەر، چەند دەربڕینێکی شاعیرانەیە، ماڵی هونەر چەند دەربڕینێکی ساکارە.

لەبری:




چۆن تۆخوا چۆن ئەی بلبل

ئەی باڵداری بەهرە زل

نە پەری، نە ئینسانی

نە قوتابی، فەننانی

وەرگێڕ دەڵێ:

Din sång du näktergal
är ingen människastal
och inte är du fe
och inte ens elev
på en akademi

واتا:

ئەی بولبول گۆرانیی تۆ

قسەی ئینسان نییە

تۆ نە پەرییت

نەقوتابی ئاکادیمیای

وەرگێڕ لەبری: «کام درەخت شۆخ و شەنگە» دەنووسی:

alla lugna, ljusa träd

واتا: هەموو درەختە هێمن و رووناکەکان

* بۆ گەورەیەکی شیعر دۆست(١١)

لەبری: پەڕەی دڵێ زامدار نەبێ بە تیری خوای دڵداری،

وەرگێڕ دەڵێ: om ingen kärleks pil trängt in
i mitt hjärtas djup

واتا: ئەگەر تیری دڵداری لە قووڵایی دڵم نە چەقی بێ.

گۆران گوتوویەتی: «تیری خوای دڵداری»، وەرگێڕ کردوویەتی بە «تیری دڵداری».

گۆران گوتوویەتی «دڵی»، واتا باسی دڵی کەسێکی ناشوناس دەکا، وەرگێڕ کردوویەتی بە «دڵم».

* لە بەندیخانەدا(١٢)

لە بەری:

بۆ وڵاتێک هاونیشتمان تیایا ئازاد بێ

ژیری دڵسۆز باوک بێت و گەلیش ئەولاد بێ

گۆران شاعیرانە لە بری «دەوڵەت، میریی، دەسەڵاتداران» باوک ی بەکارهێناوە، خاڵی بە هێزی دێڕە شیعرەکە ئەوەیە، گۆران راستەوخۆ مەبەستەکەی نەگوتوە، شاعیرانە گوتوویەتی، کەچی وەرگێڕ ئەمەی رەچاو نەکردووە و وشەی Stat «دەوڵەت»ی بەکارهێناوە.

گۆران دەڵێ: ئەندامێکی وەک منی بۆ شیعر و ئەدەب زاو

وەرگێڕ دەڵێ: någon som jag författare, poet

واتا: یەکێکی وەک منی نووسەر و شاعیر

چەند شاعیرانەیە بڵێی: من بۆ شیعر و ئەدەب خوولقاوم. چەند نا شاعیرانەیە بڵێی: من نووسەرم، شاعیرم.

---

10- Tårar och Konst S. 34, 35.
11- Tårar och Konst S. 40.
12- Tårar och Konst S. 68

www.arsivakurdi.org

واتا:

لێم دەپرسن بڕوام بە چییە
لەسەر چ ئایینێکم؟
هەمیشە وا وەڵامتان دەدەمەوە
تەنیا تۆ دەبینم.

وەک بەو دوو نموونەیەی سەرەوەدا دەردەکەوێ، وەرگێڕ لەبەر سەروا لە مەبەستەکەی گۆران دوورکەوتۆتەوە.

لە بری: عەشقێک لە دڵ چەسپیوە

وەرگێڕ نووسیویتی: har jag fastnat för dig وەک دیارە لەو سێ وشەیە، دووانیانی «عەشق، دڵ» پشتگوێ خستووە.

* ئافرەت و جوانی (٢)

لە بری: شەونمی درەخت لە رووم پژاوە.

وەرگێر دەڵێ: Kvälls fuktiga träd har vattnat mni ansikte

واتا:

درەختی شێداری ئێوارە رووی ئاو داوم.
لە بری: هەتاوی نەورۆز، مانگی جۆزدەرو

وەرگێڕ دەڵێ:

det nya året mars sol
majs och juins måne

واتا: هەتاوی مارتی ساڵی تازە، «مانگ»ی ئایار و حوزەیران

پێم وایە وشەی «نەورۆز» دەبوو وەک خۆی بنووسرێتەوە و لە پەراوێزدا روون بکرێتەوە، وەرگێر وەک «نەورۆز»ی بەو شێوەیە وەرگێڕاوە، بەو پێیە دەبوو «جۆزدەرو»یشی هەروا لێبکردایە، واتا باسی جۆ و درەوەکەیشی بکردایە، وەک چۆن لە نەورۆزەکەدا باسی ساڵی تازەی کردووە، ئەگەرچی نەورۆز با سەرەتای ساڵی نوێش بێ، بەڵام بە مانای رۆژی نوێ دێ. گۆران مەبەستی لە جۆزدەرو، جۆزەردانە واتا «مایس، یان ئایار» وەک خۆی لە پەراوێزی شیعرەکەیدا نووسیویتی(٣)، نەک مایس و حوزەیران وەک وەرگێڕ لێکیداوەتەوە.

* نیاز(٤)

ئیتر رابورد من پەریبم یان دڵم بری
یان بلووری شادمانیم هەرگیز گەرد بگرێ

لەبری «بلوور» وەرگێڕ Lampglass ی نووسیوە، واتا: «شووشەی چرا» راستە بلوور بە مانای ئەو شووشەیش دێ کە تایبەتە بەو چرایەی لە کوردستان لامپای پێدەگوترێ، بەڵام تەنیا ئەو مانایەی نییە و گۆران مەبەستی لە شووشەی سپی «کریستاڵ»ە نەک شووشەی چرا.

هەر گۆران دەڵێ:

بەفر ئاسۆی بڵند بگرێتە چوارچێوەی بلوورینی
لە چەم هەڵسێ خوڕە و هاژەی شەپۆلی ئاوی خوێنینی(٥)

هەردی دەڵێ:

ئەو گەردنە بێگەردە کە وەک تەختی بلوورە
ئەو لێوە کە وەک خونچە تەڕ و ناسک و سوورە(٦)

وای بۆ دەچم لە هەموو نموونەکاندا بلوور بە مانای شووشەی سپی بەکار هێنراوە، بلوور بە مانای خامی زۆر سپییش بەکار دێ و جۆرە قوماشێکە.(٧)

## جوانی بێ ناو (٨)

لە بری «جوانی بێ ناو» en namnlös skönhet نووسراوە، واتا: جوانییەکی بێ ناو. Skönhet بە مانای «جوانی» دێت نەک «جوان»، هەر وەرگێڕ خۆشی لەبری «ئافرەت و جوانی» Kvinna och Skönhetenی نووسیوە. ئاشکرایە گۆران مەبەستی لە جوانێکی بێ ناوە، نەک لە جوانییەکی بێ ناو. «جوان»ەکەی گۆران ئاوەڵناوە adjektiv نەک «ناو» substantiv وەک وەرگێڕ بۆی چووە، «جوان»ەکەی گۆران مانای شۆخێک دەبەخشێ، ئەمەش بە دوا دێڕی هۆنراوەکەیەوە دیارە:

هیی ئەوەی نیگارێک لە یادم کێشراوە
شۆخێکی نایابە، بەڵام ئاخ بێ ناوە.

لەبری «شاگوڵ» کە بە مانای گەشترین گوڵ، یان جوانترین گوڵ دێ، Kungliga Blommor نووسراوە، واتا: گوڵی پاشایانە، لە هۆنراوەی «ئەی گەلاوێژ»یشدا (٩) لەبری شاستارە Konungsliga Sjärna نووسراوە، واتا: ئەستێرەی پاشایانە، نەک گەشترین ئەستێرە وەک گۆران مەبەستێتی، ئەمەش وەرگێڕانی حەرفییە، بە مانا هەرە نێگەتیفەکەی.

* بۆ بلبل(١٠)

2- Tårar och Konst S. 22, 23.

٣- گۆران، بەهەشت و یادگار چاپخانەی مەعاریف بەغدا . ١٩٥ ل١ پەراوێزی ژمارە ٣.

4- Tårar och Konst S. 24, 25.

٥- دیوانی گۆران، ل ١٦٥.

٦- رازی تەنیایی، ل ٥١.

٧- بۆ وشەی بلوور، سەرنجی هەنبانە بۆرینەی مام هەژار و فەرهەنگی خاڵ و قاموسی زمانی کوردیی زەبیحیم داوە.

8- Tårar och Konst S. 28.

9- Tårar och Konst S. 56



www.arsivakurdi.org

بیروباوەڕی کۆمۆنیستیدا پەیداکردووە، لە بەندیخانەیشدا ساڵی ١٩٥١، کە بۆ جاری یەکەم دووچاری زیندان بووە، ئاشنایەتی لەگەڵ حیزبی شیوعی عیراقدا پەیدا کردووە.(١٠)

وەک دڵزار بە تەلەفۆن پێیگوتم: «نەژادی ئەحمەدی عەزیز ئاغا، (گۆران)ی هێناوەتە ریزی حیزبی شیوعی عیراقەوە.»

ساڵی ١٩٧٤ کاکەی فەللاح لە یەکێ لە ژمارەکانی گۆڤاری بەیان دا بە ناونیشانی «گۆران-م چۆن ناسی» باس لەوە دەکا کە لەگەڵ گۆران دا پێکەوە لە حیزبی شیوعی عیراقدا کاریان کردووە.

دڵزار دەڵێ: «گۆران کە ناوی نهێنی «هۆشیار» بوو زۆر دڵسۆزی حیزب و -حشع- گوێ رایەڵی بوو.»(١١) هەروەها دەڵێ: «پارچە شیعرێکی نووسی کە سەرەتایەکی ئەم شیعرە بوو:

ساڵ یەکە هەزار و نۆسەدوو چواروسی
پزیسکێک لەبیری تیۆری مارکسی (١٢)

هەروەک دڵزاریش دەڵێ: ساڵی ١٩٥٣ گۆران و دیلان هەردووکیان پاڵێوراو بوون بۆ ئەندامێتی لە حیزبی شیوعی عیراقدا.(١٣)

گۆران وەک محەممەدی مەلا کەریم نووسیویتی: «لە ١٧ای ئۆکتۆبەری ١٩٥٤ دا بۆ جاری دووەم لەگەڵ کۆمەڵێ لە ئاشتیخوازانی سلێمانی ئەگیرێ.»(١٤)

کەواتە گۆران یەکەم جار لەسەر بیروباوەڕ نەگیراوە، دووەم جاریش کە گیرا لە مێژوو پێوەندی لەگەڵ (حشع)دا پەیدا کردبوو. سێیەم جاریش: «لە هێرشی میریدا بۆ سەر نیشتمان پەروەران بە بۆنەی دەستدرێژییە سێ قۆڵییەکەی سەر میسرەوە ئەگیرێتەوە.»(١٥)

وەک دەرکەوت هیچ کام لەو جارانەی گرتنی گۆران پێوەندی بە ناسیونالیست بوونییە و، نەبووە، لەگەڵ ئەم سەرنجانەیشدا دەڵێم گۆران شاعیرێکی گەورەی کوردە، ئەتەوەیی بوو بێ یا نەبووبێ، کۆمۆنیست بوو بێ یا نەبووبێ، هیچ لە گەورەیی و شوێنی وەک شیعر کەم و زیاد ناکات.

دەکرێ بگوترێ گۆران شاعیرێکی نوێکەرەوە و پێشڕەو بووە، شاعیری وەسفی سروشت و جوانی ئافرەت بووە، نەک شاعیری ناسیونالیست یان کۆمۆنیست، ئەو خەسڵەتانە بۆ کادر و گۆتارنووس دەست دەدەن نەک شاعیرێکی جوانپەرستی، داهێنەری وەک گۆران.

## ٢

لەم بەشەی نووسینەکەمدا سەرنج و تێبینییەکانم لەسەر چۆنێتی وەرگێڕانی شیعرەکانی گۆران دەردەبڕم و پێشەکی ئەوە دەڵێم کە رێزێکی زۆرم هەیە بۆ ئەوانەی بە وەرگێڕانی شیعرەکانەوە ماندوو بوون، بە تایبەتی فەرهاد شاکەلی، کە ئاتێستا لە سوێدا لە بواری وەرگێڕاندا چ لە کوردییەوە بۆ سویدی، چ بە پێچەوانەوە، کەس هێندەی ئەو جێدەستی دیار نییە.

* بەستەی دڵدار(١)

لەبری:

لەژێر ئاسمانی شینا

وەرگێڕ نووسیویتی: under himlens blå واتا: لەژێر شینایی ئاسمانا، لە بری: لە پاڵ لوتکەی بەفرینا، under Fjällens snö نووسراوە، واتا لەژێر بەفری شاخدا. لە بری: وەک فریشتە و پەریزاد بێ، min ängel, min älva نووسراوە، واتا: فریشتەکەم، پەرییەکەم.

«نە پاریکی، نە گزشتن.» لە بری «گزشتن» fet نووسراوە کە بە مانای «قەڵەو» دێت. بێگومان قەڵەو وشەیەکی یان خەسڵەتێکی نێگەتیفە، بەڵام بە پێچەوانەوە «گزشتن» پۆزەتیفە، قەڵەو ناو و ناتۆزەیە، گزشتن ستایشە. لەبری:

بەڵام بە نیگای شیرین
ئەم دی کەس وەک تۆ بە تین

وەرگێڕ دەڵێ:

med sin starka blika
brinner mig som beck

واتا:

بە نیگای بەهێزی
وەکو قیر دەمسووتێنێ

گۆران دەڵێ:

بۆ ئاینم ئەگەڕێ*
هەندێ کەس
با جار بدرێ
تۆیت و بەس

وەرگێڕ نووسیویتی:

Ni frågar vadjag tror
vad är min religion?
alltid så svarar jag er:
Du är den enda jag ser.

---

١١- ئەحمەد دڵزار، بیرەوەری رۆژانم ژیانم، ستۆکهۆلم، بنکەی سارا ١٩٩١ ل ١٢٦.

١٢- هەمان سەرچاوە ل ١٣٠.

١٣- مع گوران الشاعر الكبير دلزار، الثقافه الجديده عدد ٧، ٢، ٨- ٢- ١٩٨٩ ص ٢٥.

١٤و١٥- دیوانی گۆران- محەممەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٨٠. ل ٥٤٧.

1- Goran Tårar och Konst översättning: Lars Bäckström, Bakhtiar Amin, Farhad Shakely 1986 Azad Förlag, S.18,19.

* ئەگەڕێن، راستە، چونکە «هەندێ کەس» کۆیە، گۆران لەبەر سەروا، رێزمانی فەرامۆش کردووە.

کوردستانیش بووایە، حیزبایەتی هەر بە زیان دەگەڕایەوە بۆی. شاعیر سەربە هەر حیزبێک بێ، زیان بە شیعری دەگات، گەورەیی گۆران بە شاکارەکانییەوە بەندە.

گۆران کە مایەی شانازیی گەلی کوردە، لەبەر بەرهەمەکانیتی، نەک لەبەر تێکۆشانی، لەبەر شیعریتی نەک لەبەر فیکری، لەبەر ئەوەیە کەس لەو شاعیرتر نەبووە، نەک لەبەر ئەوەی کەس لەو خەباتگێڕتر یان بیرکەرەوەتر نەبووە.

لە ساڵی ١٩٣٤ (حشع) سەری هەڵداوە، لە ١٩٤٦یشدا پارتی، کە ئەویان خاوەنی (بەرنامەیەکی کۆمۆنیستی) و ئەمیان بەرنامەکەی ناسیونالیستی بووە. لە ساڵی ١٩٥٠یشدا دوو کۆمەڵە شیعری گۆران چاوی کوردیان ڕۆشن کردۆتەوە. بەلای منەوە بەهەشت و یادگار لە بەرنامەی (حشع) و فرمێسک و هونەر لەوی پارتی گرنگترە.

جێگەی سەرنجە بەلای نەتەوەییە توندڕەوەکانەوە، یەکێک لە خەوشەکانی گۆران نا نەتەوەیی بوونیتی، بۆ نموونە د. کامیل بەسیر لە گۆڤاری (ڕۆژی نوێ)دا نووسینێکی درێژی بڵاوکردۆتەوە، بەو مەبەستەی بیسەلمێنێ کە (کامەران)ی نەتەوەیی لە (گۆران)ی نانەتەوەیی شاعیر ترە. کەچی تازەکی لەم دوورەوە گۆران وەک شاعیرێکی نەتەوەیی ناودەبرێ!

لاش گەرچی (گۆران)ی بە شاعیرێکی ناسیونالیست لە قەڵەم داوە، کەچی لە کۆتایی باسەکەیدا وەک هاوتای «دان ئەندەشۆن» ناوی بردووە، ئەو شاعیرە سوێدییەش وەک شاعیری پرۆلیتاریا ناسراوە و(٧) لە مێژووی ئەدەبدا ناوی لەگەڵ جاک لەندەن و مەکسیم گۆرکی دا دێت.(٨)

گۆران لە شیعری «نیاز»دا دەڵێ:

بەڵام ئەی یار، یاری نازدار، شۆڕەژنی شۆخ
بە لێوی ئاڵ، بە چاوی ڕەش، چاوی ڕەشی تۆخ

لە شیعری «دوا سەرنج»یشدا دەڵێ:

ئەو چاوە کاڵانەت کە نیگای دەربەست بوون...

بەپێی لێکدانەوەی لاش ئەو ئافرەتە چاوڕەشەی «نیاز» و ئەو چاوکاڵەی «دواسەرنج» هەردووکیان هەر یەکێکن و سیمبوڵن بۆ گەلی کورد. ئەمەش بارکردنی ئەرکێکی گرانە لەسەر کۆڵی ئەو دوو هۆنراوەیە و ئەوی شارەزای شیعری گۆران بێ، لەوە دڵنیایە کە ئەو دوو ئافرەتە، ئافرەتی ئاساین و سیمبوڵ نین بۆ هیچ مەسەلەیەک. ئەگەر دوو ئافرەتی ڕاستەقینەش نەبن و دەستکردی خەیاڵی بە پێزی شاعیرانەی گۆران بن و دوو چیرۆکە شیعری دیکە بن، لە باتی «بەردە نووسینک» و «بووکێکی ناکام»ەکەی ئەوا هەر ئافرەتن و هیچی دیکە و سیمبۆڵ نین بۆ کورد.

لاش لەبەر ئەوەی (گۆران)ی بە ناسیۆنالیست لە قەڵەم داوە، بۆیە ناچار بووە، بەهەر شێوەیەک بێ ناسیونالیست بوونی گۆران بسەلمێنێ، بەڵام وەک چۆن مەحاڵە کەسێ بیسەلمێنێ کە مریشک بەچکەی دەبێ، هەرواش مەحاڵە کەسێ بتوانێ بیسەلمێنێ گۆران ناسیونالیست بووە.

لاش نووسیویتی: «کاتێک گۆران وەک ناسیونالیستێکی کورد بەرەو زیندان دەبەن......» یان دەڵێ: «گۆران وەک ناسیونالیستێک و کۆمۆنیستێک سێ جاران بۆ ماوەی دوورودرێژ خراوەتە زیندانەوە.»(٩)

ڕاستە گۆران سێ جاران گیراوە، بەڵام هیچ کام لەو جارانە وەک ناسیونالیستێکی کورد نەگیراوە. یەکەم جار لە ساڵی ١٩٥١ فەرمانبەرێکی گچکە بووە لە ئەشغاڵی سلێمانی لەبەر بزربوونی پارە بەندکراوە. ئەوی سەرنجی شیعری «لە بەندیخانەدا» بدات کە بەرهەمی سەردەمی یەکەمین زیندانیکردنیەتی، هەست دەکا گۆران بە دزێتی تاوانبارکراوە بۆیە بۆتە میوانی زیندان. پاڵەوانی ئەو شیعرە کە بە تاوانی دزێتی دووچاری بەندیخانە بوو، گۆران خۆیەتی:

ئەی تیشکی ڕۆژ ئەو وڵاتەی کۆمەڵی پاکە
ئەندامێکی وەک منی تیا ئازارد و چاکە
ئەندامێکی وەک منی بۆ شیعر و ئەدەب زاو
تیا نابێتە پارە دزی برسی و ناتەواو

گۆران گەر پارەی میریی بۆخۆی لادابێ یان ئەو تاوانەی بۆ هەڵبەسترابێ، لەهەر دوو حاڵەتەکەدا ئەوە مایەی شەرمەزارییە بۆ ئەو کۆمەڵگایەی (گۆران)ی تێدا ژیاوە نەک بۆ گۆران خۆی. لە کۆمەڵگایەکی مرۆڤانەدا داهێنەرێکی وەک گۆران ژیانی بۆ دابین دەکرێ و لێی دەگەڕێن تەنیا خەریکی داهێنانی هونەریی خۆی بێ.

گۆران بۆ یەکەم جار ئەو کاتانەی لە ئێسگە کوردییەکەی یافا کاری کردووە، سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی، لە ڕێی چیرۆکنووسی فەلەستینی ئەحمەد دەباغەوە ئاشنایەتی لەگەڵ

---

٧- مامۆستای کورد، ژمارە ٦ ل ٣٥ پەراوێزی ژمارە «٥». جێی سەرنجە ئەمجەد شاکەلی زانیارییەکی زۆری سەبارەت دان ئەندەشۆن نووسیوە، بێ ئەوەی ئاماژەی بۆ هیچ سەرچاوەیەک کردبێ.

8- Svenska blandning, Litteraturs historia. Lars Johansson, Anders Melchior 1972 Sweden 172.

٩- مامۆستای کورد، ژمارە ٦ ل ٣٣.

١٠- بۆ ئەم زانیارییانە سوود لە: مع گوران الشاعر الکبیر مع الرفیق هوشیار. دلزار الثقافە الجدیدە عدد ٢.٧، ٢.٨ ١٩٨٩، ص ٢٤٩ وەرگیراوە، جگە لە تەلەفۆنێک لەگەڵ دلزار خۆیدا.



www.arsivakurdi.org

ناسیونالیزمیشدا کردبا، هەر لاواز دەبوون. (شاعیر کە رۆڵی کادری وازی کرد، ناتوانێ شیعری چاک و نەمر بنووسێ.)

سالح خۆشناوی ئەفسەری پۆلیس دەڵێ: (گۆران تا نەبوو بە شیوعی، گەورەترین شاعیری کورد بوو، ئەمە نەک هەر بە قسەی من ئەدەمۆزیش وا دەڵێ)(٢)

ئەو پۆلیسە شیعردۆستە راستی گوتوە، بەڵام ئایا ئەگەر ببووایە بە پارتی (ناسیونالیست) هەر بەو گەورەییەی جارانی دەمایەوە؟

لاش نووسیویتی: (دەگوترێ کەوا گۆران لە دوا کاتەکانی تەمەنیدا کە لە مۆسکۆ دەژیا، وەکو نەخۆشێک کە شێرپەنجەی هەبوو، لەبیروباوەڕە کۆمۆنیستییەکانی خۆی نائومێد و دڵسارد و هیوابڕاو دەبێت)(٣)

ئەمە تەنیا قسەی رووتە و پشتی بە هیچ سەرچاوەیەکی بڕواپێکراو نەبەستووە، ئەوانەی گۆران یان لە نزیکەوە ناسیوە و لە کاتی نەخۆشییەکەیدا لە مۆسکۆ یان لە سلێمانی سەردانیان کردووە وەک: (پرۆفیسور عیززەدین مستەفا رەسوول، محەممەدی مەلا کەریم، کاکەی فەللاح) وایان نەگوتووە و واناڵێن.

ئەوی سەرنجی بەرهەمی گۆران بدات، هەست دەکات کە ئەو شاعیرە بیری لەوە فراوانتر بووە کە وەک ناسیۆنالیست ناو ببرێ. گۆران وەک بیروباوەڕ نێونەتەوەیی بووە نەک نەتەوەیی، وەک شیعریش لە قاوغی تەسکی کەلەپووری نەتەوەییدا گیری نەخواردووە و ئەو سنوورەی شکاندووە و پەلی بۆ ئەدەب و کولتووری جیهان هاوێشتووە و دەرگا و پەنجەرەی ماڵی شیعری بۆ ئەزموونی گەلانی دیکە خستۆتە سەر گازەرای پشت.

هیچ شاعیرێکی ئەوسای کورد هێندەی گۆران شارەزای ئەدەبی بێگانە نەبووە، هێندەی ئەو ئەزموونی گەلانی دی لە بەرهەمیدا رەنگی نەداوەتەوە. ئەو کەرەسەیەی گۆران تەلاری شیعری پێ رۆناوە، تەنیا کەرەسەیەکی نەتەوەیی نەبووە، بەڵکو کەرەسەیەکی نێونەتەوەیی بووە، هەر بۆیەش توانیویتی ببێ بەو شاعیرە گەورەیەی نەتەوەی کورد، نەک شاعیری نەتەوەیی کورد.

ئەو شیعرانەی کە (گۆران)یان بە لاش بێکسترۆنیم ناساندووە، بریتین لە: «ژن، بەستەی دڵدار، ئافرەت و جوانی، نیاز، جوانی بێ ناو، شیوەنی گوڵاڵە، بۆ بولبول، بۆ گەورەیەکی شیعردۆست، دەروێش عەبدوڵڵا، هەڵبەستی دەروون، زەنگی پەستی، پایز، شەوێکی بەهار، ئەی گەلاوێژ، بەسەرهاتی ئەستێرەیەک، ئاخ هەزار ئاخ، دوا سەرنج، لە بەندیخانەدا، زیندانی ئەژدەهاک و بێشکەی منداڵ.» لەو بیست شیعرەیش تەنیا لە هۆنراوەی «ئاخ هەزار ئاخ»دا بە زەقی هەست بە هەستی نەتەوەیی دەکرێ، ئیدی زۆربەی هەرەزۆری شیعرەکان لەگەڵ جوانیی، ئافرەت، دڵداریی، سروشت و ئازاری ناخی دەروونی مرۆڤێکی هونەرمەندی دەستکورت خەریکن.

گۆران گەڵێ شیعری وای هەیە کە ئەوینی بێ سنووری خۆی بۆ گەل و نیشتمانەکەی (کورد و کوردستان) بەرجەستە دەکەن، بەڵام ئەمەیش ناکاتە ئەوەی بە ناڕەوا خەسڵەتی ناسیونالیست بدرێتە پاڵ ئەو شاعیرە مەزنە کە مەودای فڕینی مەلی شیعری ئاسمانی هەموو جیهانە.

«بەهەشت و یادگار... کۆمەڵە شیعرێکە لە دیوانەکەم سەرانسەر لەگەڵ بابەتەکانی جوانی و دڵداری خەریکە. گۆران»(٤)

«شیعر و ئەدەبی گۆران هەر چەندە لە کوورەی دەروونی رۆژهەڵاتییەکەوە سەری هەڵداوە، بەڵام لە بۆتەی زێرینی رۆژئاواییەکدا قاڵ کراوەتەوە. عەلائەدین سەجادی»(٥)

ئەو دوو بۆچوونەی گۆران خۆی و عەلائەدین سەجادی کە یەکەمیان لە پێشەکیی بەهەشت و یادگاردا و ئەوی دیکەیان لە پێشەکیی فرمێسک و هونەردا هاتووە باس لەو شێوانە دەکەن کە لاش توێژینەوەی لەسەر کردوون.

گۆران ئەگەر لە دوا ساڵی تەمەنیشیدا لە بیروباوەڕە کۆمۆنیستییەکانی پاشگەز بووبێتەوە، ئەمە هیچ ناخاتە سەر خەرمانی شیعرەکانی، هەر وەک چۆن ئەگەر تادوا هەناسە لەسەر ئەو بیروباوەڕە سووریش بووبێ، هیچ رۆڵێکی نابێ لە بڵندکردنەوەی باڵەخانەی شیعریدا.

پرۆفیسۆر عیززەدین مستەفا رەسوول کە زەحمەتە کەس هێندەی ئەو لە نزیکەوە (گۆران)ی ناسی بێ دەڵێ:«... گۆران پێشڕەوی ڕێبازی ریالیزمی سۆسیالیستە لە ئەدەبی کوردیدا و... تێکۆشەرێکی ناسراوی ریزەکانی بزووتنەوەی ئاشتییە لە عێراقدا و ئەندامی ئەنجوومەنی ئاشتیی جیهانییە.»(٦)

گومان لەوەدا نییە ئەنجوومەنی ئاشتیی جیهانی و بزووتنەوەی ئاشتی لە عێراقدا دوو رێکخراوی سەر بە (بزووتنەوەی کۆمۆنیستی) بوون. ئەو ئەدیبەشی بەرهەمی بکەوێتە خانەی ریالیزمی سۆسیالیستەوە، واتا خۆی وەک فیکر کۆمۆنیستە، ریالیزمی سۆسیالیستیش هیچ نییە. بێجگە لە ناوە هونەرییەکەی مارکسیزم، لینینیزم، ئیدی کەی دەکرێ نووسەرێکی لەم چەشنە بە ناسیونالیست لە قەڵەم بدرێ؟

گۆران سەر بە حیزبی شیوعی عێراق بووە، ئەمەش لایەنێکی بەهێز و گەشی شیعرەکانی نییە، گۆران گەر سەر بە پارتی دیموکراتی

٢- ئەحمەد دڵزار- بیرەوەری رۆژانی ژیانم ل ١٥٤.
٣- مامۆستای کورد ژمارە ٦ ل ٣٤.
٤- گۆران- بەهەشت و یادگار، چاپخانەی مەعاریف- بەغدا . ١٩٥.
٥- گۆران- فرمێسک و هونەر- چاپخانەی مەعاریف.
٦- الدکتور عزالدین مصطفی رسول- الواقعیه في الادب الکردي، بیروت، دار المکتبه العصریه ص ١٥.



www.arsivakurdi.org

# شیعری هاوچەرخی کوردی بە زمانی سوێدی

حەمە سەعید حەسەن

*«کە شیعرێک وەردەگێڕین، ئەشتەرگەریی لە دڵیدا دەکەین، دوای وەرگێڕانەکە، یان ڕاستتر، دوای ئەشتەرگەرییەکە لە دڵیدا، دەشێ شیعرەکە بژی، دەشێ بمرێ.»*

ڕەخنەگرێک

-١-

لە ساڵی ١٩٨٦دا بەختیار ئەمین و فەرهاد شاکەلی بە یاریدەی شاعیر و ڕەخنەگر و وەرگێڕی سوێدی لاش بێنگستروێم، کۆمەڵێ هۆنراوەی شاعیری هەرە ناسراوی کورد «گۆران» یان کردە سوێدی و بەناونیشانی Tårar och konst «فرمێسک و هونەر»ەوە بڵاویان کردەوە.

ئەو نامیلکە ٨٥ لاپەڕەیییە بریتییە لە پێشەکییەک، ٢٠ شیعری گۆران بە کوردی و (حەرفی لاتینی) سوێدی، ژیاننامەیەکی کورتی گۆران و هەندێ کورتە سەرنج لەسەر شیعرەکان.

«گۆران شاعیری نەتەوەی کورد»، بەو ناونیشانە لاش بێنگستروێم لە بری پێشەکی، لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر شیعری گۆران نووسیوە، ئەمجەد شاکەلی کردوویە بە کوردی و لە گۆڤاری (مامۆستای کورد)ی ژمارە ٦دا بڵاوی کردۆتەوە.

ئەو پێشەکییە هەندێ بۆچوونی وای تێدایە کە مشتومڕ هەڵدەگرن، لەوانە: «گۆران... تێکۆشەرێکی نەتەوەیی کورد... بوو» یان: «گۆران وەکو ناسیۆنالیستێکی کورد بەرەو زیندان دەبەن» یان: «مرۆڤ ئەوە لە شیعرەکانیدا دەبینێ کە ئەو ناسیونالیست بوو لەگەڵ گەلدا زێتر لەوەی کۆمۆنیست بێت و شاعیر بوو زیاتر لەوەی سیاسی بێت.»(١)

گۆران شاعیر بوو، زێتر لەوەی سیاسەتمەداربێ، ئەمە بۆچوونێکە مشتومڕ هەڵناگرێ، دەنا نەدەبووە لوتکە بڵندەکەی شیعری کوردی. ئەگەر گۆران تەنیا سیاسەتمەدار بوایە، ئەوا ئێستا ئێمە نە دەمان ناسی و نە ناویشمان دەبرد. لەو سەردەمەدا کە گۆرانی تێدا ژیاوە و خەباتی سیاسی تێداکردووە، سەدان و هەزاران کەسی دیکە سەرقاڵی خەباتی سیاسی بوون و پلە و پایەی حیزبایەتیشیان لەو باڵاتر بووە، بەڵام لای ئێمە شیاوی باس نین و مەگەر کەسوکاری خۆیان جارجار یادیان بکەنەوە.

گۆران کورد بوو، شاعیرێکی مەزنی گەلی کوردیش بوو، هەر بە مەزنیش دەمێنێتەوە. نەکەس گەلی کوردی لە گۆران زێتر خۆش ویستوە، نە هیچ شاعیرێکی ئەوسا و ئێستاش هێندەی ئەو ڕاژەی زمان و شیعر و ئەدەبی کوردی کردووە.

ئەگەرچی گۆران وەک بە ژیانی و بەرهەمەکانییەوە دیارە، خاوەنی هەستێکی ناسک و خاوێنی نەتەوایەتی بووە، بەڵام وەک بیروباوەڕ نەتەوەیی واتا ناسیونالیست نەبووە.

لاش کە گۆرانی بە ناسیونالیست ناوبردووە، مەبەستی شێواندنی ڕاستی و چەواشەکردنی خەڵکی نەبووە، ئەگەر بڕێک زێتر خۆی ماندوو بکردایە، ئەگەر خۆشباوەڕ نەبووایە، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی ڕاستگۆیی خۆیەتی، ئەو بۆچوونەی دەرنەدەبڕی.

کامەران موکری ناسیۆنالیست بووە، تائێستا کەس نەیگوتوە: کۆمۆنیست بووە، (گۆران)یش وەک فیکر و ئیلتیزام کۆمۆنیست بووە و ئەمە جێگەی مشتومڕ نییە. مەزنیی گۆران بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە کۆمۆنیست یا ناسیۆنالیست بووە، گەورەیی گۆران پێوەندیی بە بەرهەمە هونەرییەکانییەوە هەیە، نەک بە ئایدیۆلۆژیا و خەباتی سیاسییەوە.

سەدان کەس وەک کادر لە گۆران خەباتگێڕتر و لێزانتر و بە دەموپلتر بوون، بەڵام کەس لەو شاعیرتر نەبووە. لە حیزبی کۆمۆنیستی عێراقدا کاکەی فەللاح و دڵزار هەر یەکە و سەردەمێ بەرپرسی گۆران بوون، بەڵام هەردووکیان هەمیشە لە بواری شیعردا خۆیان بە قوتابیی ئەو زانیوە.

گۆران شاعیرێکی گەورەی کوردە، کە تێکەڵی سیاسەت بووە، ئەوە بە زیان بۆ خۆی و ئەدەبی کوردی و گەلی کورد گەڕاوەتەوە. گۆران گەلێ «شیعر»ی لاوازی هەیە، ئەگەر حیزبایەتیی نەکردایە، ئەو شیعرە لاوازانەی نەدەنووسی. ئەو شیعرانە لەبەر ئەوە لاواز نین کە پروپاگەند بۆ کۆمۆنیزم دەکەن، ئەگەر ئاویان بە ئاشی

١- مامۆستای کورد، ژمارە ٦ ل ٣١، ٣٣، ٣٤.

جوانکارییەکانی دیڕ بە بە دیڕی هەستی دوورەولاْتیی نالی بە «کاتی پیرۆز»، بە «شوێنی پیرۆز»... لەلای نالیدا پێشچاو دەخات و دەیانسەلمێنێ. وەک نووسەر بۆ خۆشی دەڵێ (پرۆسەی گەڕانەوەکەی شاعیر بە مەبەستی وەدەستهێنانەوە و خولقرکردنەوەی «رۆژگاری پیرۆز»)(۱۳)، (لە چوارچێوەیەکی میتۆلۆژیانەدا خۆی دەنوێنێ)(۱٤) کەچی لەم فەسڵە دیاریکراوەدا، واتە لە فەسڵی (دەسەلاْت-چارەنووس)دا، گەڕانەوە میتییەکەی نالی بە هۆیەکی سیاسی لە قەلْەم دەدات و دەیخاتە چوارچێوەیەکی سیاسییەوە: «دەست بەسەرپوونی فیکریی شاعیر» و «ملکەچبوونی شاعیر لە ئاست جیهانبینی سیاسیی دەسەلاْتداری بابانەکان»(۱۵)

ئەم لەگەڵ خۆ دژوەستان و ناکۆکییەی بیروڕا، لەلایەن ڕەخنەگرەوە، بێگومان سەر لە خوێنەر دەشێوێنن و ئامانجی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی ئەدەبی نادیار و شێلوو دەکەن. بەم شێوەیە کاک ڕێبوار لە لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکەی خۆیدا نەیتوانیوە خۆی لە «پڕپشکی» ئەو میتۆدە سیاسی و ئایدیۆلۆژییە جۆراوجۆرانە بە دوور رابگرێ، کە ساڵانێکی زۆرە و هەتا ئەمڕۆکەش ئەدەبیات و ڕەخنە و هونەر دەخەنە ژێر باری ئەرکە سیاسییەکانی خۆیانەوە.

نووسەر، هەر بە تێگەیشتنی ئەوەی کە گوایە نالی لەم شیعرەیدا «دەسەلاْتخواز» و «دەوڵەتخواز» بووە، هاتووە گفتوگۆیەکی درێژی بێ نموونەی لەبارەی چەمکی «دەسەلاْت» و «دەوڵەت» سازداوە، گوایە ئیتر «ئەو دەسەلاْتە، بە درێژایی چەندین سەدەیە ئیحتیوای فیکری و رۆشنبیریی کردووین»(۱٦)

جارێ پێش هەموو شتێک، «چەندین سەدە» نییە کە نووسەر و ڕووناکبیرانی کورد بیر لە هەبوونی «دەسەلاْت» و «دەوڵەتێکی کوردی» دەکەنەوە- ئەگەر وا بوایە حاڵمان بە ڕۆژی ئەمڕۆ نەدەگەیشتا، جگە لەوەش خۆ ئەگەر (لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە) بیریشیان لێکردبێتەوە، ئەم بیر لێکردنەوەیە بۆچی دەبێ، بەڕای کاک ڕێبوار، بە ئیحتیوای فیکری و رۆشنبیری لە قەڵەم بدرێ؟ ئایا، بەڕای کاک ڕێبوار، کام بیری سیاسی باشە و «ئیحتیوا» نییە: ئایا (نالی)ش هەر لەو سەردەمەدا داوای «حوکمی زاتی»ی بکردایە و باسی سۆزی غەریبی و دوورەولاْتیی بۆ نیشتمانەکەی نەکردایە؟! ئایا نالی، لەو کاتەی کە رۆژگاری حوکمی بابانەکانی لەدەست چووبوو، لە جیاتی دەربڕینی سۆزی غەریبی خۆی لە هەمبەر بەسەرچوونی «ڕۆژگاری پیرۆز»، بیروڕا و هەست و نەستی کۆسمۆپۆلیتانەی دەربڕیبایە؟! کاک ڕێبوار وەلاْمی ئەم پرسیارانە ناداتەوە، بەلاْم بێ سۆنگە، بێ بەڵگە، هەر لە خۆیەوە دەیەوێ وا لە خوێنەران بگەیەنێت کە ئەو «دەسەلاْت» و «دەوڵەتەی» گوایە نالی باسی کردووە و خۆزگەی بۆ خواستووە، ئەوا مایەی «بوحران» و تەنگوچەڵەمەیە بۆ کورد.(۱۷)

کاک ڕێبوار، سەرەڕای ئەوەی هەوڵی داوە کە خۆی لە درێژدادڕی و جووینەوەی بیروڕای پێشترگوتراو بە دوور ڕابگرێت و هەمیشە پوختەی بۆچوونەکان بەدەستەوە بدات، بەلاْم دیسانەوە لە گەلێک شوێندا چەندین لاپەڕەی کتێبەکەی بە گێڕانەوەی باس و خواسی بێ سوود ڕەش کردۆتەوە. گێڕانەوەی چیرۆکی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە (ل ۲۱-۲۵)، چیرۆکی دروستبوونی شاری سلێمانی (ل ۲٦-۲۸)، چیرۆکی ساڵی لە دایکبوون و مردن و ژیانی نالی (ل ٤۹-۵۰)... هتد. ئەم جۆرە شتانە لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا، هەمیشە دەخرێنە پەراوێزەوە، چونکە زەینی خوێنەر لە ئامانجی سەرەکیی لێکۆڵینەوەکە دوور دەخەنەوە.

خوێنەر ئەگەر سەرنجی بیبلیۆگرافیا و ئەو سەرچاوانە بدات کە ڕێبوار سوودی لێوەرگرتوون، دەبینێ بەشی هەرە زۆریان سەرچاوەی «ئیسلامی» و «ڕۆژهەلاْتین» واتە عەرەبی و فارسی و کوردی. لە کاتێکدا کاک ڕێبوار دەیتوانی، بۆ توێژینەوە لەم شاکارەی نالی، لێکۆڵینەوەکەی خۆی بە بە کارهێنانی کۆمەڵێک سەرچاوەی «رۆژئاوایی» و دانمارکی دەوڵەمەند بکات.

جێگای خۆشحاڵییە، کە ئەمڕۆ دەبینین سەرتاسەری کتێبێک، لە دوورەولاْتیدا، بۆ لێکۆڵینەوەی تاقە یەک شیعری نالی تەرخانکراوە و بلاْوبۆتەوە: شیعرێک کە نالی (۱۵۷) ساڵ لەمەوبەر، لە دوورەولاْتیدا بە هەمان هەستی پڕ لە نسکۆی بێ ولاْتیی ئێمەوە نووسیویەتی:

لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە
دڵ ڕەنگە بێ بە ئاو و بە چاومدا بکا عوبوور
ئایا مەقامی ڕوخسەتە لەم بەینە بێمەوە
یا مەسڵەحەت تەوەققوفە تا یەومی نەفخی صوور؟!

پاریس: ۱۹۹۱/۹

ژێدەر:


۱- ڕێبوار سیوەیلی: چەمکی میتۆلۆژیا و جیهانبینی مەلا خدری نالی، دانمارک، دەزگای چاپ: ؟، ۱۹۹۱، لاپەڕە (٦۱). بە تایبەتی بڕوانە بەشی سێیەم و چوارەم.
۲- شیعری (قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور). وەک پاشبەندێک لە کتێبەکەی کاک ڕێبواردا بلاْوکراوەتەوە. سەرچاوەی پێشوو، ل ۷۵-۸۱.
۳- س. پ.، ل ۳۱-۳۲.
٤- دەربڕینی کەفوکوڵ و چەند هەست و نەستێکی دوورەولاْتی، کە ئەمڕۆ تاکوتووک لە هەندێ شیعری شاعیرانی دوورەولاْتدا دەیانبینین، جیاوازە لەگەڵ ئەوەی کە شاعیر لە سەرتاپای شیعرەکانی خۆیدا، ئەو هەست و نەستانەی دوورەولاْتیی لە چوارچێوەی ڕوانینێکی بە پەلوپۆی فەلسەفیی قووڵدا لە بارەی ئەزموونی «دوورەولاْتی» هەڵچنیبێت.
۵- سەرچاوەی ناوبراو، ل۵۹.
٦- س.پ، ل.٦۰.
۷- س.پ، ل۵۹.
۸- س.پ، ل ٦۲.
۹- س.پ، ل٦۲.
۱۰- س.پ، ل.٦۰.
۱۱- س.پ، ل٦۱-٦۲.
۱۲- دیوانی نالی، لاپەڕە ۱۹۹-۲۰۱.، لەسەرچاوەی پێشوو وەرگیراوە، ل٦٤-٦۵.
۱۳- ڕێبوار سیوەیلی: چەمکی میتۆلۆژیا و جیهانبینیی نالی، هـ. س، لاپەڕە ٦۱.
۱٤- هـ. س، ل ۳.
۱۵- هـ. س، ل ٦۰.
۱٦- هـ. س ل٦٤.
۱۷- هـ. س، ل٦٤.






www.arsivakurdi.org

پیشان بدا و بیسەلمێنێ:

ئایا مەقامی ڕوخسەتە  لەم بەیتە بێمەوە
یا مەسلەحەت ئەوەقترفە  تا یەومی نەفخی صوور؟

نووسەر لە بارەی ئەم کۆپلەیەوە، دەڵێ کە لێرەدا (نالی وەکو مەوجوودێکی دەسەڵاتخواز «سلطوی» ئاشکرا دەبێت).(٥) ئەمەش، دیسانەوە، بێ ئەوەی بۆمانی ڕوون بکاتەوە، چۆن؟ بێ ئەوەی تەنانەت بەیەک دێڕیش چییە، لەهیچ بەیتێکی، لە هیچ وشەیەکی شیعرەکەی نالی بدوێت «کە گوایە» ئەم ڕاستییە وتراوەی نووسەر دەسەلمێنن!

لەلایەکی دیکەشەوە، نووسەر نالیی شاعیری بەوە تاوانبار کردووە کە گوایە (دەسەڵاتخوازیی میرەکانی بابان لە ئەندێشەی نالی‌دا ڕەنگی داوەتەوە)(٦)، هەروەها گوایە نالی «دەسەڵاتداری و ڕەوشی پەروەردەیی سیستەمی بابانەکانی»، «کە بێگومان بە شێوە تەقلیدی و خۆرهەڵاتی و ئیسلامیەکەی مومارەسەی حوکمی تیاکراوە» لە شیعرەکەیدا «بە شێوەیەکی ڕەمزی و لە نائاگاییدا» مومارەسە کردووە و دووبارەی کردوونەتەوە.(٧)

خوێنەر، سەرسوڕماوانە، حەپەساوە، لە خۆی دەپرسێ: ئایا نالی چ «دەسەڵاتخوازی» و «ڕەوشێکی پەروەردەیی سیستەمی بابانەکانی» لە شیعرەکەیدا باسکردووە؟! چ «ڕەوشێکی پەروەردەیی» «تەقلیدی» و «ڕۆژهەڵاتی» و «ئیسلامیانەی» «حوکمی بابانەکانی» لە شیعرەکەیدا دەربڕیوە؟! ئەم وشە و زاراوانە، واتایان چییە؟! سەبارەت بەچی لەلایەن نووسەری ئەم کتێبەوە، واتە لەلایەن کاک ڕێبوارەوە، سەپێندراونەتە سەر جیهانی پاک و بێ تاوانی «ڕۆژهەڵاتیانەی» ئەم شیعرەی نالییەوە؟!

ئایا ئەو «ڕەوشە پەروەردەییە» «تەقلیدی» و «ڕۆژهەڵاتی» و «ئیسلامیانەی» سیستەمی بابانەکان، لە چ کۆپلەیەکی ئەم شیعرەی نالی‌دا، لە کام بەیتی ئەم شیعرەدا ڕەنگیان داوەتەوە و باسیان لێکراوە؟! خۆ نالیی شاعیر، تەنانەت لە هیچ بەیتێکیشدا باسی «لەم دیاردە تەقلیدی و ڕۆژهەڵاتی و ئیسلامیانە» نەکردووە؟!

نالی لە یەکێک لە کۆپلەکانی شیعرەکەیدا، کاتێ سۆزی غەریبی خۆی بۆ نیشتمان دەردەبڕێ، بەم شێوەیە باسی خەڵک و ڕۆڵەکانی نیشتمان دەکات:

ئەهلێکی وای هەیە کە هەموو ئەلی دانشن
هەم ناظیمی عوقوودن و هەم ناظیری ئوموور

ئاشکرایە کۆپلەیەکی ئاوها، نابێتە بەڵگەی ئەوەی کە گوایە نالی «مومارەسەی ڕەوشی پەروەردەیی تەقلیدیانە و ئیسلامیانەی سیستەمی حوکمی بابانەکانی کردبێ». چونکە نالی بە مەدحکردنی هاوشار و هاونیشتیمانەکانی خۆی لەم کۆپلەیەدا (کە ئەم سیفاتانە، بێگومان لەو سەردەمە مێژووییەی ئەو کاتدا ڕاستیش بوونە!) ویستوویەتی کە خۆشەویستیی خۆی بۆ «ڕابردووی پیرۆز» بۆ «شوێنی پیرۆز» بۆ ئایدیالێک دەربڕێ کە نالی لە دوورەوڵاتیدا لەدەستی چووە و «جاران نرخی وجوودی خۆی تیا دەبینی»(٨)، ئەو ئایدیالەی کە کاک ڕێبوار خۆشی بە «مدینە الفاضلە» ناوی دەبات.(٩)

جگە لەوە، لە ئاستە شیعرییەکەشدا، نالی بەم جۆرە چنینە جوانکارییە، هەڵبەتا ویستوویەتی سیفەتێکی ئەفسانەیی و ئایدیال ببەخشێتە (نیشتمان). ئەمەش یەکێکە لە توخمە میتۆلۆژییەکانی جیهانبینیی نالی لەم شیعرەیدا. وەک چۆن لە چەند کۆپلەیەکی دیکەشیدا دەبینین، کاتێ وەسفی (کوردستان) دەکا:

شامی هەموو نەهار و، فوصوولی هەموو بەهار
تۆزی هەموو عەبیر و، بوخاری هەموو بخوور

نووسەر هەر بەوە نەوەستاوە، هاتووە «نیشانەی پرسیاری» لەسەر ئەو سۆزی غەریبی و هەستی دوورەوڵاتییەی نالی داناوە، دەڵێ: (ئایا ئەم ڕەنگدانەوەیە لە ئەنجامی خۆشەویستیی نالی بۆ فەرمانڕەوایانەوە هاتووە، یاخود بەڵگەیە بۆ دەست بەسەر بوونی فیکریی شاعیر  وملکەچبوونێتی لە ئاست جیهانبینیی سیاسیی دەسەڵاتدارێتی بابانەکان...؟).(١٠)

نووسەر لەم فەسڵەدا، دەیەوێ ئەوە بسەلمێنێ کە نالی لەم شیعرەیدا «وەک ملکەچێکی سیاسی بابانەکان» چارەنووسی خۆی بەستۆتەوە بەو ڕۆژگارەی کە بابانەکان فەرمانڕەواییان دەکرد: بەو ڕۆژگارەی کە حوکم بریتی بوو لە سیستەمی پەروەردەیی- سیاسیی دەسەڵاتدارێتیی بابانەکان بۆ ئیحتیواکردنی عەقڵیەتی سەردەم»(١١)

هەموو ئەم قسانەش، هەموو ئەم هێرشە بێ هەنجەتانەش بۆسەر ڕۆژگاری حوکمی بابانەکان، بێ هیچ بەڵگە و هیچ نموونەیەک، بێ هیچ سەلماندنێکی زانستییانەی باوەڕپێکراو! ئایا بەڕاستی (بابانەکان) ڕۆڵیان لە مێژووی گەلی کورددا ئەوە بوو کە ئیحتیوای عەقڵیەتی مرۆڤی کورد بکەن لەو سەردەمەدا؟! ئەمە پرسیارێکە، کە من- وەک خوێنەرێک- چاوەڕێم دەکرد کە کاک ڕێبوار پێشنیاری ئەوە بکات بە کتێبێک، بە چەند کتێبێک وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە، نەک بە دێڕێکی ڕاگوزارییانەی بێ بەڵگە لە سووچی کتێبێکدا کە بۆ لێکۆڵینەوە لە (شیعرا) تەرخانکراوە!

ئایا بیر و ئەقلیەتی شاعیری گەورەمان (سالم)یش هەر، لەلایەن بابانەکانەوە ئیحتیوا کرابوو، کاتێ- دوای لەناوچوونی حوکمی بابانەکان- لە سلێمانییەوە نامە بۆ نالیی شاعیر دەنووسێت و دەڵێ:

تۆخوا بڵێ بە حەضرەتی نالی دەخیلی بم
بەم نەوعە قەت نەکا بە سولەیمانیدا گوزەرا

بەم شێوەیە، نووسەر لەم فەسڵەی کتێبەکەیدا (لاپەڕە ٥٩-٦٥)، بە تەواوەتی لەهەمبەر ئەو پێشبڕیار و بۆچوونە ڕەخنەییانەی خۆی دژ دەوەستێتەوە کە لە فەسڵەکانی پێشوودا دەری بڕیبوو. چونکە لە فەسڵەکانی پێشوودا، نووسەر زۆر زیرەکانە و بەوردییەوە پەیوەندییە



www.arsivakurd.org

وەک ڕەگەزێکی میتیۆلۆژی لە بنیاتنانی جیهانبینیی نالی‌دا، شوێنی پیرۆز وەک ڕەگەزێکی میتۆلۆژی لە چینی جیهانبینیی شیعری نالی‌دا، بنەماڵەی بابان... هتد، واتە شوێن و ڕۆڵی هەر یەکێک لەو ڕەگەزانە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و فراوانتر، لە چوارچێوەی جیهانبینیی شیعری نالی‌دا ڕوون بکردایەتەوە. نەک بە شێوەیەکی سەربەخۆ و جیاواز- وەک ئەوەی هەیە- لێی تۆژیبانەوە. یانیش دەیتوانی ڕاستەوخۆ لە کاتی لێکۆڵینەوە لە جیهانبینیی نالی‌دا باسیان بکات، واتە لە بەشەکانی سێیەم و چوارەم و پێنجەمی کتێبەکەیدا.

تازەیی و ڕەسەنایەتی لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکەی کاک ڕێبوار، بە ڕای ئێمە، لە بەشی سێیەمەوە دەست پێدەکا. ئەم تازەییەش لە دوو خاڵی دیاریکراودا خۆی دەنوێنێ:

١- بەخشینی ڕەگ و ڕیشە و پەلوپۆیەکی فەلسەفی بە مەسەلەی «دووره‌وڵاتی» لە شیعری نالی‌دا. کە ئەم دیاردەیەش، شتێکە، بەو قووڵی و فراوانییە، لەلایەن ڕەخنەگرانی دیکەوە لێی نەکۆڵدراوەتەوە.

٢- گرێدانەوەی ئەم مەسەلەیەی «دووره‌وڵاتی» بە بیری میتی/ میتۆلۆژیاییەوە. ئەمەش، لەبەر ئەوەی ئاوارەیی و دووره وڵاتییەکەی نالی لە شیعرەکانیدا (واتە گەڕانەوەی شاعیر بە مەبەستی وەدەستهێنانەوە و خوڵقکردنەوەی «ڕۆژگاری پیرۆز»)، بەڕای نووسەر، لە چوارچێوەیەکی میتۆلۆژیانەدا خۆی دەنوێنێ.[1]

نووسەر، زۆر زیرەکانە توانیویەتی پەیوەندی ئەم دوو دیاردەیە (دووره‌وڵاتی) و (بیری میتۆلۆژی) بە یەکترەوە، لەم شیعرەی نالی‌دا بدۆزێتەوە، بەڵام بەڕای ئێمە، نەیتوانیوە سنوور و پەلوپۆکانی ئەم دوو دیاردەیە، ئەم دوو ڕەگەزە، بخاتە ژێر کۆنترۆڵی بەکارهێنانێکی سەرکەوتووانەی میتۆدی ڕەخنەییەوە. ئەمەش لە سۆنگەی ڕەچاونەکردنی ئەو فاکتەرانەی کە لە سەرەوەدا باسمان کردن و لەبەر چەند هۆیەکی دیکەش، کە لە خوارەدا پەنجەنومایان دەکەین:

نووسەر لە کتێبەکەیدا، تەنیا یەک تاقە شیعری نالیی بۆ لێکۆڵینەوە لە «جیهانبینی»ی نالی هەڵبژاردووە، کەچی لە پێشەکیی کتێبەکەیدا، لە لاپەرە (٤)دا دەڵێ: (لێرەدا، دەمانەوێت ڕەگەزی میتۆلۆژیا لە جیهانبینی شیعری نالی‌دا بکەینە تەنگوچەڵەمەی لێکۆڵینەوەکەمان).

واتە، بەڕای کاک ڕێبوار، ئێمە دەتوانین جیهانبینیی نالی، لەم تاکە شیعرەوە بکەینە جیهانبینی هەموو شیعرەکانی نالی.[2] ئەم جیهانبینییە، لەم تاقە شیعرەدا، کە پشت بە فەلسەفەیەکی قووڵی دووره‌وڵاتی- میتۆلۆژی- دەبەستێت، بەڕای نووسەر، دەکرێ شموولی بکرێت و بۆ هەموو شیعرەکانی دیکەش بەڕاست بگەڕێ. بێگومان ئەمەش شتێکی هەڵەیە، چونکە سەرتاپای لێکۆڵینەوەکەی کاک ڕێبوار لە بارەی تەنیا یەک تاقە شیعری نالی‌یە، نەک هەموو شیعرەکانی نالی، شیعرێک کە نالی لە دووره‌وڵاتیدا نووسیویەتی. جگە لەوەش، هەموومان دەزانین کە شیعرەکانی دیکەی نالی لەسەر هەمان ئەم بینینە تراژیکەی، وەک من ناوی دەنێم (فەلسەفەی دووره‌وڵاتی» هەڵنەچنراون. بۆیە ئەم سەرجەمگیری کردنەی کاک ڕێبوار تەنیا لەبارەی شاعیرێکەوە ڕاستە کە سەرتاپای شیعرەکانی (دیوانەکەی) لەسەر ئەم دوو پەیوەندییە هەڵچنرابن: پەیوەندی (دووره‌وڵاتی) بە بیری میتۆلۆژیایی/ نیشتمانەوە.

کاک ڕێبوار لەوەدەچی بۆخۆیشی ئاگاداریی ئەم ناقۆڵاییە بێت، لە لاپەرە (٣١)دا دەڵێ: (لە سەرجەمی ئەم باسەدا، قەسیدەکەی «قوربانی تۆزی ڕێگەتم...» دەکەینە بەڵگەی قسەکانمان) چونکە (ئەم دەقە شیعرییە بۆخۆی یەکێکە لە شاکارەکانی تێکڕای شیعری سەرانسەری ڕۆژهەڵات) پاشان (لەبەر ئەوەی باسی شاری سلێمانی دەکات لە دوای ڕووخانی شارستانیەتی بابانەکان، کە ئەم شارستانیەتەش وەکو یۆتۆپیای نائاگایی مرۆڤی کورد خۆی دەنوێنێت) سێیەم (لەبەر ئەوەی نموونەیەکی دەوڵەمەندی تێکستی شیعرییە کە خوێندنەوەیەکی بەردەوامی جیاواز هەڵدەگرێت)هتد.[3]

ئاشکرایە، هەموو ئەم ڕاستییانەی باسی کردوون، بەهیچ شێوەیەک ناتوانن ئەوەمان بۆ بسەلمێنن کە شیعرەکانی دیکەی نالی، لەسەر هەمان ئەو دوو پەیوەندییەی نێوان (دووره‌وڵاتی) و (بیری میتیۆلۆژیایی/ نیشتمان) هەڵچنراون: لە غوربەتەوە گەڕانەوە بەرەو «پیرۆزترین سەردەم» «پیرۆزترین شوێن»، «بەهەشتی ونبوو»...... هتد. کاک ڕێبوار بۆخۆشی و هەموو خوێنەرێکی دیکەی نالی، ئەم ڕاستییە باش دەزانن، چونکە نەک تەنیا لە دیوانی شیعری نالی‌دا، بەڵکو لە سەرتاپای ئەدەبیاتی شیعریی سەدی نۆزدەهەمی کورداندا، ئەم شیعرەی نالی تاقە شاکارێک و تاقە شیعرێکە کە توانیبێتی بۆعدێکی فەلسەفیی قووڵ ببەخشێتە ئەزموونی «دووره‌وڵاتی»، ئەو کارەی کە تاکو ئەمڕۆش، تێکڕای نەوەیەکی شاعیرانی ئاوارەی کورد لە دووره‌وڵاتیدا هەر بیریشیان لێ نەکردۆتەوە.[4]

درێغی لێ‌ناکرێ کە نالی خۆشەویستی و سۆزی غەریبیی خۆی لە دووره‌وڵاتیدا بۆ نیشتمان، گەیاندۆتە ئاستێکی پیرۆزی میتی و فەلسەفیی بەرز. ئەمە، شتێکە کە کاک ڕێبواریش جوانی یەکلا کردۆتەوە. بەڵام نووسەر کە دەگاتە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەی لە فەسڵی (دەسەلات- چارەنووس)دا، هەوڵ دەدا کە ئەم ئاستە میتی- فەلسەفییەی جیهانبینیی نالی، لە گۆشەنیگایەکی سیاسی- ئایدیۆلۆژییەوە شیبکاتەوە. بۆ ئەمەش، نووسەر چەند بیرۆکەیەکی سیاسی لە دەرەوەی جیهانی شیعرەکەوە سەپاندۆتە سەر شیعرەکە، کە پەیوەندییان نە بە ڕەخنەی ئەدەبی، نە بە شیعرەکەی نالییەوە نییە، لەوانە: بیری «دەسەلاتخوازیی نالی» و «دەوڵەتخوازیی نالی» و...... هتد، کە گوایە نالی لە شیعرەکەیدا دەریبڕیوە. ئەمەش بێ ئەوەی هیچ نموونەیەکی ئەم قسەیەمان لە شیعری نالییەوە پێ

www.arsivakurdi.org

خوێندنەوە:

# کتێبێک لە بارەی شیعرێک

فەرهاد پیربالْ

شامی هەموو نەهار و، فصوولی هەموو بەهار
تۆزی هەموو عەبیر و، بوخاری هەموو بوخوور

ئەگەر یەکێک لە مەرجەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، لێکۆڵینەوەی ئەو وردەکاری و جوانکارییە تازانەی شیعر بێت کە بۆ یەکەمین جار لەلایەن شاعیرەوە داهێنراون و خوێنەر ناتوانێ درکیان پێ بکات: ئەوا ئەو کتێبە تازەیەی ڕێبوار سیوەیلی بەناونیشانی (چەمکی میتۆلۆژیا و جیهانبینی مەلاخدری نالی) یەکێکە لە ڕیزی باشترین ئەو لێکۆڵینەوە ڕەخنەییانەی کە تائێستا لە بارەی (نالی)یەوە نووسراون.

(نالی) لە ڕیزی شاعیرانی کلاسیکی کورد، لە هەموویان زیاتر لێکۆڵینەوەی لەسەر نووسراوە، بەڵام زۆر کەم لەو لێکۆڵینەوانە توانیویانە لە گۆشەنیگایەکی تازەوە جیهانی شیعری (نالی)مان پێ بناسێنن. نووسەری لاو، ڕێبوار سیوەیلی، لەو کتێبە ڕەخنەییەی خۆیدا، دوور لە جوینەوەی هەموو ئەو شتانەی کە تائێستا لەسەر نالی نووسراون، هەوڵی داوە کە بەشێک لە توخمە پێکهێنەرەکانی شیعری (نالی)مان یەکەیەکە بۆ شیبکاتەوە و پاشانیش جیهانی شیعری (نالی)مان لە پەنجەرەیەکی دیکەوە، لە گۆشەنیگایەکی تازەوە پێ‌پیشان بدا.

لەم چەند دێڕە ڕاگوزارییەی خوارەوەدا، ئێمە زیاتر دەمانەوێ تەنیا یەک- دوو تێبینی لەبارەی میتۆدی لێکۆڵینەوەکەی کاک ڕێبوار بخەینە بەرچاو: ئایا بۆ بەڕاست نیشاندان و سەلماندنی بۆچوونە ڕەخنەییەکانی خۆی، کاک ڕێبوار تا چ ڕادەیەک لە بەکارهێنانی میتۆدی ڕەخنەی ئەدەبیدا سەرکەوتووە؟

مەسەلەی هەڵبژاردن و بەکارهێنانی زاراوە ئەدەبییەکان، یەکێکە لەو گیروگرفتانەی کە پێش هەموو گیروگرفتێک لەبەردەم ڕەخنەگر و لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییدا قووت دەبنەوە. ڕەخنەگر، کاتێ هەر زاراوەیەکی ئەدەبی بۆ ناونیشانی باسەکەی و بۆ بەتەنگوچەڵەمەکردنی لێکۆڵینەوەکەی بەکاردەهێنێ، پێویستە لەسەرەتای یان لە پێشەکیی باسەکەیدا زۆر بە وردی و بە فراوانییەوە ڕوونی بکاتەوە، هەروەها پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانی ئەو زاراوەیە بە توخم و بابەتەکانی لێکۆڵینەوەکەی گرێبداتەوە.

بەم پێیە، کاک ڕێبوار دەبوایە لە سەرەتای کتێبەکەی خۆیدا، بەوە دەست پێ بکا ئایا زاراوەی «جیهانبینی» وەک زاراوەیەکی ڕەخنەیی، واتە چی؟! چی دەگەیەنێ؟! پاشان بۆمانی ڕوون بکاتەوە کوا داخوا جیهانبینیی نالی چییە؟ چۆنە؟ توخمە پێکهێنەرەکانی ئەو جیهانبینییە «تایبەتیەی» نالی، کامانەن؟! ئایا نالی جیهانبینیەکی (ڕوانینێکی) سەربەخۆی ئەوتۆی هەیە کە لە جیهانبینیی شاعیرانی دیکە جیای بکاتەوە؟! ئەگەر هەیەتی، ئەو جیهانبینییە کامەیە؟! نیشانەکانی، توخمەکانی، سروشتی، خاسیەتەکانی؟! هتد.

کاک ڕێبوار دەبوایە لەم خاڵەوە دەستی پێ‌بکردایە، ئینجا هاتبایەتە سەر مەسەلەی لێکۆڵینەوەی میتیۆلۆژیا وتوخمە میتییەکان لە چوارچێوەی جیهانبینیی شیعری نالی‌دا. چونکە ڕەسەنایەتیی شیعر، هەمیشە لە شیعر- خۆی‌دا: لە جیهانبینیی شاعیر دایە. هەرچی توخم و دیاردەکانیشن، بۆ نموونە وەکو (ئافرەت) و (سروشت) و (دوورەوڵاتی) و (میتۆلۆژیا) و...... هتد، ئەوا لە پلەی دووەمدا دێن، تەنیا چەند توخمێکن لە توخمە پێکهێنەرەکانی جیهانبینیی شاعیر. خۆ ئەگەر ڕەخنەگرێک بێت و توخمێک لەو توخمانە بکاتە ئامانجی لێکۆڵینەوەکەی، ئەوا لێکۆڵینەوەکەی دەبێتە لێکۆڵینەوەی بابەتان (لێکۆڵینەوەی Thematique)، پەیوەندی بە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی و لێکۆڵینەوە لە شیعر نامێنێت... دەبێتە سەپاندنی چەند بیروڕایەکی سۆسیۆلۆژی، دەروونناسی، چەند بیروڕایەکی دەرەوەی شیعر بەسەر شیعردا. وەکو ئەو لێکۆڵینەوە تەقلیدیانەی کە جاران لە گۆڤارە کوردییەکانی ساڵانی پەنجا و شەست و حەفتاکاندا دەمانبینی: (مەمک لە شیعری کوردیدا)، (برایەتی کورد و عەرەب لە شیعری کوردیدا)، (کرێکار لە شیعری کوردیدا)...... هتد.

بە داخەوە، کاک ڕێبوار لە کتێبەکەیدا، هاتووە بە لێکۆڵینەوەی یەکێک لەو بابەتانە دەستی پێکردووە: بە تۆژینەوە لە (توخمی میتیۆلۆژیا) لە شیعری نالی‌دا. ئەم کارەش، لێکۆڵینەوەکەی لە لێکۆڵینەوەیەکی Thematique نزیک خستۆتەوە.

پێناسەی جۆراوجۆری میتۆلۆژیا، گێڕانەوەی ئەفسانە جیاجیاکان، لێکۆڵینەوەیان، بەراوردکردنیان «وەک ئەوەی ویستبێتی کتێبێک لە بارەی میتیۆلۆژیا بنووسێت» هیچ شتێک لەمانە، خزمەتی بیری سەرەکیی لێکۆڵینەوەکە ناکەن. ئەم جۆرە ڕێبازە بێ سەروبەرەی نووسین، لێکۆڵینەوە لەوە دوور دەخاتەوە کە تەرخان کرابێ بۆ تۆژینەوە لە شیعر و جیهانبینیی شاعیر.

ڕەخنەگر، لە بەشەکانی پێشەوەی کتێبەکەیدا، هەر هیچ نەبوایە دەیتوانی بەم شێوەیە لە بابەتەکەی بکۆڵیبایەوە: سەردەمی پیرۆز

www.arsivakurdi.org

## خۆكوتان دژی ڤایرۆسی ئەیدز(vaccination)

كوتان vaccine لەسەر ئەو بنچینەیە پێک‌هاتووە كە مرۆڤ بەو میكرۆبە بكوترێ كە نەخۆشیەكە توش دەكات، بێ‌گومان میكرۆبەكە نابێ چالاک بێ، جا لەبەرئەوە یان میكرۆبەكە كوژراوە یان ئەوەتا بێ‌هێز كراوە بۆ ئەوەی نەتوانێ نەخۆشیەكە توش بكات بەڵكو بەس هانی سیستەمی بەرگری بدات و ببێتە هۆی دروست بونی دژەتەن. بەكارهێنانی كوتان لە سەر ئەم بنچینەیە دژی ڤایرۆسی ئەیدز پڕە لە موجازەفە هەر لەبەر ئەوەشە هەوڵ دەدرێ كە كوتانێک ئامادەبكرێت كە بەس بەشێک لە بەشەكانی تیادا بەكار هاتبێ نەک هەموو ڤایرۆسەكە و هەوڵی ئەوە ئەدرێ كە بەشێک لە توێكڵی ڤایرۆسەكە بدۆزرێتەوە كە نەگۆڕ بێت. ئەگەر بێتەوە یادمان لە پێشەوە باسمان كرد كە ڤایرۆسی ئەیدز توانای ئەوەی هەیە كە توێكڵەكەی خۆی بگۆڕێ، بەو شێوەیە كۆئەندامی بەرگری لەش فریوبدات (هەڵ بخەڵەتێنێ)، جابۆیە ئەبێ بەشێک لە توێكڵی ڤایرۆسەكە بەكار بهێنرێت لە كوتانەكەدا كە نەگۆڕبێ، بۆ ئەوەی دژەتەنەكان بە ئاسانی بیناسنەوە و یەكبگرن لەگەڵیا. لەم ماوەیەی دوایدا كۆمەڵێ سویدی بۆ یەكەم جار توانیان دژەتەنی دەستكرد (صناعی)(artificial) ئامادە بكەن بۆ چارەسەركردنی ئەوانەی توشی ڤایرۆسی ئەیدز بوون. لە سەرەتادا ئەم دژەتەنەیان لەسەر حەوت نەخۆش تاقیكرایەوەو ئەنجامێكی باشی هەبوو، هەرچەندە تا ئێستا لێكۆڵینەوە لەسەر ڤایرۆسی ئەیدز زۆر بەكەمی كراوە لە سەرێكەوە زۆر تیۆری بووە بۆ زاناكان بۆ ئەوەی كە دژەتەنێک بدۆزنەوە كە بە باشی ڤایرۆسەكە بكوژێ وە لە لایەكی ترە هەروەكو لە پێشەوە باسمان كرد ڤایرۆسی ئەیدز توانای گۆڕینی توێكلەكەی دەرەوەی هەیە بەشێوەیەک كە ئەو دژەتەنانەی كە لە خوێندا دروست دەبن دژی ڤایرۆسەكە ناتوانن جارێكی تر ڤایرۆسەكە بناسنەوە. بەڵام پسپۆرە سویدیەكان دوای هەوڵێكی زۆر لە ماوەی ساڵێكدا توانیان شەش دژەتەنی تایبەتی بە ڤایرۆسی نەخۆشی ئەیدز بدۆزنەوە بە تایبەتی دوانیان زۆر كاریگەرە هەر شەش دژەتەنەكە تایبەتن بەمادەیەكی گرنگ لە سەر توێكڵی ڤایرۆسەكە كە پێیدەوترێ gp .۱۲۰. و بە تایبەتی بەشێكی ئەم gp .۱۲۰ كە لەوە دەچێ كە لەناو زۆربەی زۆری ڤایرۆسەكاندا لەیەک بچێ واتە ئەم بەشە نەگۆڕە، و كاتێ كە ڤایرۆسەكە توێكلەكەی خۆی دەگۆڕێ ئەوا ئەم بەشەیان بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە. جا ئەگەر بێتو دژەتەنێكی باش هەبێ لەخوێندا تایبەت بەم بە بەشە نەگۆڕە ئەوا یەكسەر یەكدەگرێ لەگەڵ ڤایرۆسەكەدا وە دەتوانی لەناوی ببات جا با ڤایرۆسەكەش خۆی بگۆڕێ ئەوا دژەتەنەكە هەریەک دەگرێ لەگەلیا، چونكە وەک وتمان تایبەتە بەو بەشەی كە نەگۆڕاوە. لە ئەپریلی ۱۹۹۱ ئەم دژەتەنە تازە دروست بوانە دران بە حەوت نەخۆش كە توشبوون بە ڤایرۆسی ئەیدز. Britt Wahren كە باسی ئەم نەخۆشانە دەكات دەڵێ: نەخۆشەكان سیستەمی بەرگری لەشیان زۆر بێهێزبوو بوو. دوای ئەوەی كە دژەتەنەكانیان بەشێوەی دەرزی دران بە نەخۆشەكان، سیستەمی بەرگری لەشیان توانای بەرز بۆوە بۆ لەناو بردنی چ ڤایرۆسی ئەیدز چ ڤایرۆسی تر تەنها ئەو نیشانە لابەلایەی كە لە نەخۆشەكاندا دەركەوت دوای ئەوەی دژەتەنەكانیان لێدرا بەس لەرزو تا بوو. لەساڵی -4-1989 ۹ رۆژنامەیDN سویدی خەبەرێكی بڵاو كردەوە لە ژێر ناوی خەیاری چینی هیوایەكە دژی ئەیدز. كە گوایە دەرمانێک كە لە رەگی خەیاری چینیەوە دروست كراوە دەتوانرێ بەكار بهێنرێت دژی ڤایرۆسی ئەیدز دەرمانەكە ئەو خانانەی سیستەمی بەرگری لەش دەكوژێ كە ڤایرۆسی ئەیدزیان تیایە و كار ناكاتە سەر خانەكانی تر واتە ئەوانەی كە ڤایرۆسیان تیا نی‌یە. ئەم دەرمانە بۆ ماوەي سەدەها ساڵە لە چین بەكار دەهێنرێت بۆ منداڵ لە باربردن. تائیستا زۆر دەرمانی تر بەكارهێنراوە لە وانە ,DDC , DDI , AZT بەڵام ئەمانە هەموریان نیشانەی لابەلایان هەبووە و لە كاتی بە كارهێنانی ئەم دەرمانانەدا دوای ماوەیەک ڤایرۆسەكە بەرگری پەیدا كردوە بەرامبەریان.

## تووش بوون بەم ڤایرۆسە و رێگای بڵاوبوونەوەی

ڤایرۆسی ئەیدز لە دەوروسێ رۆژ زیاتر ناتوانێ لە دەرەوەی لەشدا بژی، هەر لەبەر ئەوەیە كە ئەم ڤایرۆسە بە شێوەیەكی سەرەكی لە رێی پەیوەندی سێكسییەوە ( لەنێوان پیاو و پیاو و ژن و پیاو) ئەگوێزرێتەوە، هەروەها لە رێگای بەكارهێنانی دەرزی پیسبوو بەم ڤایرۆسە، لەكاتی بەكارهێنانی(موخەدەراتدا) (ناركۆتیكا) و هەروەها لە رێگای خوێنەوە وەكو گوێزانەوەی خوێن لە یەكێكی تووش بوو بەم ڤایرۆسەوە بۆ مرۆڤێكی ساغ. ئەم ڤایرۆسە ئەتوانێ لە ئافرەتی سک‌پڕدا كۆرپەكە تووش بكات. ئەو منداڵانەی كە هەر لەسكی دایكیانا تووشی ئەم ڤایرۆسەبوون زووتر نەخۆشییەكەیان تیادا دەردەكەوێ وەک لە مرۆڤی گەورەتردا، هەروەها لە رێگەی شیری دایكیشەوە منداڵ توشی ئەم ڤایرۆسە دەبێ. ژیانو خواردن و هەڵسوكەت كردن لەگەڵ مرۆڤێكی تووش بوو بەم ڤایرۆسە بە هیچ شێوەیەک نابۆتە هۆی گوێزانەوەی ئەم ڤایرۆسە. لە نیویۆرک دیراسەیەک كرا لەسەر ۱.۱ مرۆڤ كە بۆ ماوەی ۳۷ مانگ هەڵسوكەوتیان كردوە لە ماڵێكدا لەگەڵ ۳۹ مرۆڤی گەورە كە نەخۆشی ئەیدزیان هەبوو. لەو ۱.۱ مرۆڤەدا ۲۱ یان تەمەنیان لە ژێر ٦ ساڵەوە بووە، ٤٧ یان تەمەنیان لە نێوان 18-6 ساڵ بووە وە ئەوانی تر ۳۳ مرۆڤی گەورە بوون. هیچ پەیوەندییەكی سێكسی نەبووە لە نێوان ساغ و نەخۆشەكاندا بەڵام پەیوەندی تریان زۆر سروشتی بووە و وەكو خێزانێک هەموو شتێكی ناوماڵیان بەش كردووە و بەكاریان هێناوە بە یەكەوە بۆنموونە ئەم شتانەیان بە هاوبەشی لەگەڵ یەكتردا بەكارهێناوە:- فڵچەی دان شتن، خاولی، پەرداغ، ئاودەستخانە، حەمام، قەرەوێڵە و جێگەی نوستن، موبەق، هەروەها ساغەكان جلی نەخۆشەكانیان شتووە، باوەشیان كردوە بەیەكا، ماچی رومەت و لێوی یەكتریان كردووە. ئاكامی ئەم دیراسەیە ئەوەبوو لەو ۱.۱ مرۆڤە تەنها یەكێكیان نەبێ توشی ڤایرۆسەكە ببوو كە منداڵێک بوو كە تەمەنی ۲ساڵ بوو. وا دیار بوو كە منداڵەكە لە دایكیەوە تووشی ڤایرۆسەكە بووبێ پێش ئەوەی لە دایک بێت، چونكە دایكی ئەیدزی هەبوە.

كردنی جنس لە دواوە موجازەفەیەكی گەورەیە، چونكە ڤایرۆسەكە دەتوانێ لە رێی سپێرمەوە بچێتە ناو خوێنەوە بەهۆی ئەو درزانەی كە لە كۆتای رێخۆڵەدایە. هەروەها ڤایرۆسەكە ئەگوێزرێتەوە لە پیاوەوە بۆ ئافرەت بە پێچەوانەشەوە بۆ پیاو لە كاتی پەیوەندی جنسیدا بۆیە زۆر زۆر گرنگە كۆندۆم بەكار بهێنرێت لە كاتی پەیوەندی جنسی لەگەڵ یەكێكی نەناسراودا .



www.arsivakurd.org

(دی،ئێن، ئەی) خۆی.

دوای ئەوەی کە (دی،ئێن، ئەی) ڤایرۆسەکە چووە ناو (دی،ئێن، ئەی) خانەکەوە ئەوا دوو (احتمال) هەیە، یان ئەوەتا خانەکە ناچار دەبێ هەزارەها خانەی ڤایرۆسی تازە دروست بکات(وێنەی E-F 5)، یان ئەوەتا (دی،ئێن، ئەی) ڤایرۆسەکە بەخامۆشی (latent) تاماوەی هەشت ساڵ یان زیاتریش دەمێنێتەوە بێ ئەوەی هیچ شتێک لە خانەکەدا ڕوبدات، واتە خانەکە دەژی وەکو ئەوەی هیچ شتێک ڕووی نەدابێ. هەموو جارێک کە خانەکە دابەش دەبێت بۆ دوو خانە ئەوا (دی، ئێن، ئەی) ڤایرۆسەکەش دابەش دەبێت، کۆپیەکیش لە خانە تازەکەدا دروست دەبێت.

ڤایرۆسێک کە بەشاراوەیی دەمێنێتەوە لە خانەیەکدا وەکو بۆمبایەک وایە هەرکاتێک بێ دەتەقێتەوە، چونکە ڤایرۆسەکە هەر کاتێک بێت دەتوانێ لە خامۆشیەکەی خەبەری ببێتەوە و وا لە خانەکە بکات کە ڤایرۆسی تازە دروست بکات واتە خانەکە بکات بە کارگەیەک بۆ دروست کردنی ڤایرۆس.

کاتێک کە ڤایرۆسەکە شارراوەیە لە ناو ناوکی خانەکەدا ئەوا هیچ دەرمانێک ناتوانێ بگاتە ڤایرۆسەکە و کاری تێ بکات، تا خانەکە بژی و زیندوو بێ ئەوا ڤایرۆسەکە ئەمێنێ. لەبەر ئەوەیە کە توش بوون بەم ڤایرۆسانە واتە (ریترۆ ڤایرۆس) هێندەی درێژایی ژیان ئەخایەنێ وە هەر لەبەر ئەمەشە کە توش بوون بەم ڤایرۆسە زۆر ترسناکترە وەک لە توش بوون بەهەندێ ڤایرۆسی تر وەک ڤایرۆسی سورێژە measles.

## هێرش دەکاتە سەر مێشک

ئەو زیانانەی کە ڤایرۆسی ئەیدز لە سیستەمی بەرگری دەدات وورده وورده دەبنە هۆی توش بونی نەخۆشی ئەیدز وە لەم کاتەدا سیستەمی بەرگری زۆر لاواز و بێ هێز بووە، وە توانای بەرگری زۆر کەم بۆتەوە هەر لەبەر ئەوەشە ئەوانەی نەخۆشی ئەیدزیان هەیە توشی زۆر نەخۆشی تریش دەبن کە پێیان دەوترێ (Opportunist infections) نمونەش بۆ ئەم نەخۆشیانە وەکو هەڵئاوسانی(ئیلتیهابی) سیPneumonia و (ئیلتهابی السحایا)Meningitis وهەڵئاوسان لەناو دەمو بۆریی خواردندا بەهۆی کەڕووەوە (fungus infection)هەروەها هەڵئاوسانی ریخۆڵە، سک چونێکی زۆر diarrhoea. تا زیاتر ژمارەی خانە یارمەتیدەرەکان بەرەو کەمی بڕوات لە خوێندا ئەوا زیاتر تەندروستی نەخۆشەکە بەرەو خراپی دەڕوات هەرچەندە لەوانەشە چەند ساڵێک بخایەنێت پێش ئەوەی کۆگەی مۆخ بەتاڵ ببێت و خانەی یارمەتی دەری تیا نەمێنێ. لە سەرەتای دەرکەوتنی دەردی ئەیدزدا وا دەزاندرا کە تەنها خانەکانی کۆئەندامی بەرگری immune system ئەکەونە بەر هێرشی ڤایرۆسەکە. زۆر لە نەخۆشەکان هەندێ نیشانەی تایبەتیان هەبوو لەوانە گۆڕان لە شەخسیەتیانpersonality و بیرچوونەوە lost of memory، بەزەحمەت قسەکردن و بە زوویی پیر بوون premature aging. لە سەرەتادا وا شیکرایەوە کە گوایە ئەمانە هەمووی ناکامی درێژ بوونی کاتی نەخۆشیەکەیە کە لە هەمان کاتدا بوونەوەری تر بێجگە لە ڤایرۆسی ئەیدز هێرش دەبەنە سەر مێشکو ئەم نەخۆشیانەی کە ناومان بردن واتە opprtunist infection دەردەکەون. بەڵام ئێستا ئەزانین کە ڤایرۆسی ئەیدز هەر زوو هێرش دەکاتە سەر خانەکانی مێشکیش.

## لە سەرەتادا نیشانەی نەخۆشیەکە نادیارە

وەکو لە پێشەوە باسمان کرد ڤایرۆسی ئەیدز دەتوانێت بە خامۆشی بمێنێتەوە لە ناو خانەکەدا، مانەوەی ڤایرۆسەکە بەخامۆشی بۆ ماوەیەکی درێژ لە لەشی نەخۆشەکەدا ئەوەندەی تر وای کردوە کە تووش بوون بەم ڤایرۆسە زۆرترسناک بێت چونکە لەو کاتەی کە ڤایرۆسەکە خامۆشە، نەخۆشەکە هەست بەوە ناکات کە تووش بووە بەم ڤایرۆسە بەم شێوەیە ڤایرۆسەکە لەمەوە ئەگوێزرێتەوە بۆ یەکێکی تر بێ ئەوەی کەسیان هەستی پێبکەن. ئێمە تا ئێستا بەوە ڕانەهاتووین کە نەخۆشیمان تیا دەرکەوێ دوای بەسەرچوونی چەند ساڵێک بەسەر تووشبونمان بە نەخۆشیەکە چونکە ئەگەر میکرۆبێک بچێتە ناو لەشمانەوە ئەوا توشی نەخۆشیمان دەکات دوای چەند ڕۆژێک یان ئەوپەڕی هەفتەیەک نەک دوای چەند ساڵێک وەک لە حاڵەتی نەخۆشی ئەیدزدا. ئەمەش لەوانەیە هۆی ئەوەبێ کەوا زۆر کەس ئەم بارە ترسێنەرەیان پشت گوێ خستوەو ڤایرۆسەکەیان گواستۆتەوە بۆ خەڵکی تر. دەرکەوتنی ئەیدز لە تووشبووەکاندا دوا ئۆزناغە، وە گەیشتن بەم ئۆزناغەش بە چەند هەنگاوێکدا ئەڕوات. تا (fever)و سکچوون(diarrohea)و لاواز بوون و ئاوسان و زلبوونی گلاندە لیمفاوییەکان چەند نیشانەیەکن لە نەخۆشەکەدا دەردەکەون. ئەم نیشانانە لەزۆر نەخۆشی تریشدا دەردەکەون و هەر لە بەرئەوەشە دەست نیشانکردنی نەخۆشیەکە ئاسان نیە ئەگەر لە پێشا نەزانرێ کە نەخۆشەکە تووشی ئەم ڤایرۆسە بووە.

دەست نیشانکردنی تووشبوون بە ڤایرۆسی ئەیدز بەوە دەکرێت کە فەحسی چڕی (تەرکیزی) دژە تەنی دژ بەڤایرۆسی ئەیدز بکرێ لە خوێندا ئەم فەحسە کە تائێستا بەکارهێنراوە لایەنێکی خراپی هەیە ئەویش ئەوەیە کە ئەبێ چڕی(تەرکیزی) دژەتەنەکان دژی ڤایرۆسی ئەیدز گەیشتبێتە ڕادەیەکی بەرز ئەگینا ناتوانرێ دەستنیشانی نەخۆشیەکە بکرێت، دروست بونی دژە تەنیش دژی ئەیدز یەکسەر ڕوونادات بەڵکو 6-7 هەفتە دەخایەنێنێت بۆ ئەوەی تەرکیزی دژەتەنەکە گەیشتبێتە ڕادەیەکی وا بەرز کە بتوانرێ پیشان بدرێ کە مرۆڤەکە تووشی ئەم ڤایرۆسە بووە، لەبەر ئەوەشە کە ئەگەر ڤایرۆسەکە لە لەشیشدا هەبێ لەوانەیە نەتوانرێ دەست نیشان بکرێت لە ڕێی بەکارهێنانی ئەم فەحسەوە.

بەڵام ئێستا لە تاقیگاکانی ئەمەریکادا خەریکی ئەوەن کە دوو فەحسی تازە ئامادە بکەن بۆ دەست نیشانکردنی ڤایرۆسی ئەیدز لە لەشدا. یەکێ لەو فەحسانە لەوانەیە لەم ساڵانەدا بکەوێتە بەکارهێنان، فەحسەکە زۆر ئاسانە و پێویست بە هیچ دەستگایەک(جیهازێک) ناکات لە کاتی بەکارهێنانیدا و زۆر بەخێرای لە نێوان (3-15) دەقیقەدا ئەنجام دەدات بەدەستەوە. فەحسەکەی تر لەسەر بنچینەی DNA-engineering واتە(ئەندازەی-دی.ئێن.ئەی) یان (ئەندازەی بۆماوە) پێک هاتووە. بەهۆی ئەم فەحسەوە لە ماوەی ١ سەعاتدا ئەتوانرێ تاکە خانەیەک لە نێوان ١ملیۆن خانەی تردا دیاری بکرێت کە ڤایرۆسەکە خۆی تیادا شاردۆتەوە. ئەم فەحسەیان تۆزێک درەنگتر دوای فەحسەکەی تر ئامادە دەبێت و دەکەوێتە بەکارهێنان.





www.arsivakurdi.org

# میکانیزمی تووشبوونی نەخۆشی ئەیدز

ئامادەکردنی: ئومێد سالح رەسول

بەشی دووەم

## خۆی دەشارێتەوە لەناو بۆماوە ماددەی خانە (Genetic Material)

کاتێ کە ڤایرۆسی ئەیدز دەچێتە ناو سایتۆپلازمی خانەیەکەوە بۆ نمونە خانەیەکی پارمەتیدەر(T-helper cell) ئەوا یەکسەر مۆلیکولی ئار.ئێن. ئەی RNA لەگەڵ ئەو ئەنزیمەی لە پێشەوە ناومان برد ئەنزیمیreverse transcriptase لە ڤایرۆسەکەوە دەچنە ناو خانەکەوە (وێنەی A-5). ئەم ئەنزیمە دەکەوێتە لەبەرگرتنەوەی (استنساخ) مۆلیکیولی(ئار ئین ئەی) ڤایرۆسەکە وە کۆپی‌یەکی (دی. ئێن ئەی)(DNA) لێوە دروست دەکات (وێنەی B-5) . هەر لەبەرئەمە شە کە ئەنزیمەکە پێی دەوترێ reverse transcriptase [ واتە کۆپی کەری پێچەوانە چونکە بەشێوەیەکی گشتی لە هەمو زیندەوەرو گیانەوەرەکانی تردا هەمو کاتێ مۆلیکیولی (دی، ئێن، ئەی) کۆپی دەبێ بۆ(ئار،ئێن، ئەی)بەهۆی چەند ئەنزیمێکی ترەوە، ئەم (ئار،ئێن،ئەی)ەش تەرجومە دەکرێ و دەبێ بە پرۆتین . ئەمەش هەموی پێی دەوترێ Central dogma ].

ئەم کۆپی‌یە (دی. ئێن.ئەی)ەی کەتازە دروست بووە لە مۆلیکیولی(ئار.ئێن.ئەی) ڤایرۆسەکە، ئەچێتە ناو ناوکی خانەوە (وێنەی C-5)، وە وەکو دەزانین لەناوکی خانەدا کرۆمۆسۆمەکان هەیە. ئەم کرۆمۆسۆمانەش لە مۆلیکیولی دی. ئێن. ئەی و جۆرە پرۆتینێک پێک هاتوون کەپێیان دەوترێ (Histones).

کۆپیە(دی.ئێن.ئەی) ڤایرۆسەکە کە خۆی ئەخاتە ناو (دی.ئێن.ئەی) کرۆمۆسۆمەکانی خانەکەوە (وێنەی D-5) . ئا بەم شێوەیە ڤایرۆسەکە خۆی دەخاتە ناو گرنگترین شوێنی خانەکەوە چونکە کرۆمۆسۆمی خانەکە وەکو کۆمپیوتەرێک وایە دەستی گرتووە بەسەر چالاکی خانەکەدا وە ڤایرۆسەکە ئەتوانێ لێرەوە دەست بگرێت بە سەر هەموو چالاکی خانەکەدا. ئەگەر ڤایرۆسەکە تا ئەم رادەیە رۆیشت ئەوا خانەکە بەهیچ شێوەیەک ناتوانێ بەرگری لە خۆی بکات و ناتوانێ (دی، ئێن، ئەی) ڤایرۆسەکە (کە چۆتە ناو کرۆمۆسۆمی خانەکەوە) لە (دی، ئێن، ئەی) خۆی جیا بکاتەوە، واتە خانەکە سەیری (دی.ئێن، ئەی)، ڤایرۆسەکە دەکات وەک بەشێک لە




وێنەی(٥)- ئەمە روون دەکاتەوە کە چۆن ڤایرۆسی ئەیدز هێرش دەباتە سەر خانەیەک لە خرۆکە سپی‌یەکان. لێرە دا ڤایرۆسەکە هێرشی بردۆتە سەر خانەیەکی یارمەتی‌دەر (T- helper cell)

www.arsivakurdi.org

خۆگونجاندن لەگەڵ پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و کۆمەڵگای جیهانیدا.

چونکە پێش ئەوەی هەر گەلێکی خەباتگێر بتوانی ببێ بە ئەندام و سۆبێکتی کاریگەری یاسای نێونەتەوەیی، دەبێت هەندێ کاری گرنگ لەناو قەوارەی بزوتنەوەی رزگاریخوازیی خۆیدا بکات و رێگاوبان خۆش بکات بۆ ئەم مەبەستە. بە بیروباوەڕی ئێمەش ئەم کارانە بۆ گەلی کورد بزوتنەوەی رزگاریخوازەکەی ئەمانەن:-

١- پێکهاتنی دامودەزگاکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازیی کورد لە رێگەی:-

ئا- یەککگرتنی لایەنەکانی بزوتنەوەکەوە لە رێکخراوێکی سیاسی یەککگرتوو دا.ب- هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بە رێیەکی دیموکراسی، بە مەرجێ بۆ کوردستان و بزوتنەوە رزگاریخوازەکەی کورد، بەرزترین ئەنجوومەنی یاسادانان بێت

٢- ئازادکردنی مەسەلەی کورد، واتە بە دوورگرتنی لە دروشمی ئۆتۆنۆمی و وازهێنان لەو چارەسەرە ناوخۆییانەی کە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بۆ ڕزگاربوون لە دەست کورد و کێشەکەی دۆزیویانەتەوە یان دەیدۆزنەوە.

٣- دانهێنانی تەواو بە مافی گەلی کورد دا لە دیارکردنی مافی چارەنووسی سیاسی و ئابووری خۆیدا، چ بە شێوەی جیابوونەوە یان فیدرالی.

٤- پەیڕەویکردنی بنچینە و فۆرمە یاساییە نێونەتەوەییەکان لە خەباتی رۆژانەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد دا چ لە کاتی ئاشتی یا کۆنفلیکتی چەکداریدا، هەروەها خۆ دوورخستنەوە لە کاری تیرۆریستی.

٥- گرنگیدان بە خەباتی سیاسی و دبلوماسی لە دەرەوە و ناوەوەی ولاتدا.

ئەم کارانەی سەرەوە (بێگومان بە ئەنجامدانیان) باری ئالۆزی ئێستای بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، تا رادەیەک چاک دەکەن و بنکەیەکی کاریگەر بۆ ئەم بزوتنەوە لە رێگەی بوونیەوە بە سوبێکتێکی تەواوی یاسای نێونەتەوەیی لە رووی پراکتیکەوە دروست دەکەن.

ئەگەر بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد خۆی بۆ خۆی داوای چارەسەری مەسەلەکەی لە روانگەی یاسا ناوخۆکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە بکات، ئەو کاتە باسکردنی چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردی لەبەر رۆشنایی یاسا نێونەتەوەییەکاندا، لە رووی یاسایی و واقیعەوە، باسێکی بێکەڵک و بێبایەخە و کۆمەڵگای جیهانی هەرگیز ئامادە نییە پشتگیری مەسەلەیەکی ناوخۆ بکات.

ولاتە زلهێزەکانی جیهان، بە تایبەت ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت دەورێکی کاریگەریان، بۆ چەسپاندنی فۆرمەکانی یاسای نێونەتەوەیی و چارەسەرکردنی کۆنفلیکتە ناوچەیەکانی جیهان و مسۆگەرکردنی مافی مرۆڤ و مافی چارەنووس گەلان هەیە.

بێگومان، سەرکەوتنی دیموکراسی لە سۆڤیەت و هەموو ئەورووپای رۆژهەڵاتدا و دوایی هاتن بە جەنگی ساردی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا، بارێکی تازە و نوێی دروست کرد و ئێستا پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان زیاتر لە جاران لەسەر بنچینەی ئاشتی و دیموکراسی و پاراستنی مافی مرۆڤ و گەلان دامەزراون. هێزی چەکداری و هەڕەشەی چەکی ئۆتۆمی تابێت کەم دەبێتەوە و لەناودەچێت. زۆر گەل و نەتەوە لەم بارە تازە بابەتەوە توانیان بە ئازادی و سەربەخۆی خۆیان بگەن، لە سۆڤیەت و یۆگسلاڤیا و ئەسیوبیا.

مەسەلەی گەلی کوردیش، پاش شکانی سوپای عێراق لە شەڕی کەنداودا، کەوتە هەنگاوێکی تری خەباتەوە و زیاتر ناسرا لە کۆمەڵگای جیهانیدا. بە بیروباوەڕمان هیوای رزگاربوون و ئازادبوونی گەلی کوردیش وردە وردە نزیکتر دەبێتەوە. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە پیرۆزەش گەلی کورد و بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد، پێویستە لە هەموو وەختێ زیاتر هەوڵ و خەباتی خۆی بەهێز بکات و خۆی رێک بخات و خۆ بگونجێنێ لەگەڵ یاسای نێونەتەوەیی و سیستێمی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا.

هەڵسان بەم ئەرکانەش کەوتۆتە ئەستۆی هەموو کوردێکی دڵسۆز و بزوتنەوە رزگاریخوازەکەی گەلی کوردیش لێپرسراوی سەرەکی هەر سەرکەوتن و تێکشاندێکی مەسەلەی رەوای گەلی کوردە. ئەمرۆ یەککگرتن و رێکخستنی ریزەکانی ئەو بزووتنەوەیە کاریگەرییەکی گەورە و مەزن دەداتە مەسەلەی کورد چ لە ناوەوە لە کوردستان چ لە دەرەوە لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی.

سەرچاوەکان:

١- دەستووری رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، سالی ١٩٨٦. (بە رووسی)

٢- یاسای نێونەتەوەیی لە دۆکۆمێنتەکان، مۆسکۆ ١٩٨٢. (بە رووسی)

٣- پرنسیپە سەرەکییەکانی یاسای نێونەتەوەیی، مۆسکۆ ١٩٨٩. (بە رووسی)

٤- ڤاسیلێنکا ڤلادیمیر، بنچینەی تیوری یاسای نێونەتەوەیی، کیێڤ، ١٩٨٨ (بە رووسی)

٥- International Law, (Progress Publishers), 1986.

٦- The Concept of Self Determination in the United Nation, Damascus 1965.

٧- غانم محمد طلعت، القواعد العامه للقانون الدولي، القاهره ١٩٧٠.

٨- د. احسان هندی، مبادئ القانون الدولي العام، دمشق، ١٩٨٤.

٩- پەیڕەو و پرۆگرامی بەرەی کوردستانی عێراق.

١٠- پەیڕەو و پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق.

١١- د. ئەنوەر دڵسۆز، گیروگرفتی مافی گەلی کورد لە دیارکردنی چارەنووس لە ئاستی یاسای نێونەتەوەییدا، مۆسکۆ، ١٩٧١ (نامە دکتۆراە بە رووسی).

بێگومان بنچینه و فۆرمه یاساییه نێونەتەوەییەکان، تەنیا چەند دۆکۆمێنتێک یا بەڵگەنامەی یاسایی نین، کە داڕێژراو و پارێزراوبن، بەڵکو ئەم بنچینه و فۆرمه یاساییانه پێویسته کاریان پێ بکرێ و لەلایەن سوبێکتەکانی یاسای نێونەتەوەییەوه پێڕەوی بکرێن. زۆربەی زۆری بنچینه و فۆرمه یاساییه نێونەتەوەییەکان، بە تایبەتی بڕیارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و دەستوور و پرینسیپەکانی ئەم ڕێکخراوه، ڕەوشت سیمای ئیمپراتیڤیان هەیە، واته سوبێکتەکانی یاسای نێونەتەوەیی (ملزمن)، لە پێڕەوکردن و جێبەجێکردنی ئەم یاسایانه و لە ڕووی پراکتیکەوە بەرپرسیارن.

بۆ جێبەجێکردن و چۆنیەتی خستنەگەڕی ئەم بنچینه و فۆرمه یاساییه نێونەتەوەییانه، کۆمەڵگای جیهانی، لەبەر ڕۆشنایی دەستووری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا، دامودەزگای تایبەتی تەرخان کردووە، ئەم دامودەزگایانەش، چەندەها ئامراز و دەستەڵاتی تایبەتیان پێ بەخشراوه، کە لە سەرووی دەستەڵاتی دەوڵەتانی ئەندامانی کۆمەڵگای جیهانییەوەن.

ئەنجوومەنەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، بە پلەی یەکەمیش، ئەنجوومەنی ئاسایش و ئەنجوومەنی گشتی، هەروەها دادگای نێونەتەوەیی بە دام و دەزگا سەرەکی و کاریگەرەکانییەوە، بە جێبەجێکەر و پێڕەویکەری ئەم یاسا نێونەتەوەییانه، دەژمێردرێن. تەنانەت ئەنجوومەنی ئاسایش بۆی هەیە ئامرازی هێزی سوپایی دژ بە لایەنی لادەر لە یاسا نێونەتەوەییەکان بەکاربهێنێ، ئەمەش تەنێ بۆ چەسپاندنی ئامانجەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و دابینکردنی ئاشتی و ئاسایشه لە جیهاندا.

سوبێکتەکانی یاسای نێونەتەوەیی گشتی، یاخود بە زاراوەیەکی ساکارتر (ئەندامانی کۆمەڵگای جیهانی) پێکهاتوون لە سێ سۆبێکتی سەرەکی، کە مافی بوون بە سوبێکتیان لە یاسای نێونەتەوەییدا هەیە:- *دەوڵەتەکان، ڕێکخراوه جیهانییەکان و گەل و نەتەوە خەباتگێڕەکان، ئەوانەی بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی تێئەکۆشن.*

ئەم سێ لایەنه (ستاتۆسێکی- Status) یاسایی نێونەتەوەییان هەیە و ئەندامن لە سیستێمی پەیوەندییه نێونەتەوەییەکان و کۆمەڵگای جیهانیدا. هەر سوبێکتێکیش لەم سۆبێکتانه، وەکو هەر ئەندامێکی ساکاری هەر جۆره ڕێکخراوێک، کۆمەڵێ ئەرک و مافیان هەیە لە بەرامبەر یاسا نێونەتەوەییەکان و کۆمەڵگای جیهانیدا. لە ئەرکه گرنگەکانیش:- کارکردن و خەبات کردنە بۆ پاراستنی ئاشتی و هێمنی و ئاسایش لە جیهاندا، هاوکاریکردنه لەگەڵ سۆبێکتەکانی تر بۆ پێشخستنی ئابووری جیهانی، ئەمە جگه لە هاوکاری کردنیان، لەپێناوی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی کۆمەڵگای جیهانی و پەیڕەوی کردنی بنچینه وفۆرمەکانی یاسای نێونەتەوەیی و پاراستنی مافی مرۆڤ و مافی گەلان.

بەرامبەر، ئەم ئەرکانەش سۆبێکتەکان چەند مافێکیان هەیە:- وەک مافی پەیوەندی کردن و ئاڵوگۆڕکردن لەگەڵ سۆبێکتەکانی تری یاسای نێونەتەوەیی، مافی پشت بەستن بە دامودەزگاکانی جێبەجێکردنی یاسای نێونەتەوەیی لە کاتی بەرگری کردندا لە خۆ، و مافی داواکردنی یارمەتی ئابووری و دارایی لە کۆمەڵگای جیهانی.

گەلی کورد، وەکو گەلێکی خەباتگێڕ لە پێناوی سەربەخۆیی نیشتمانەکەیدا (کوردستان)، یەکێکە لە سۆبێکتەکانی یاسای نێونەتەوەیی، شان بە شانی سۆبێکتەکانی تری ئەم یاسایه.

گەلی کورد، خاوەن نیشتمانێکی هاوبەش و زمانێکی هاوبەشه و بۆی هەیە سوود لەم مافانه وەربگرێت، کە یاسا نێونەتەوەییەکان بۆ چەسپاندن و بە دیهێنانی ئامانجی گەلان لە دابینکردنی مافی چارەنووسیاندا، مسۆگەری کردووه .

خەباتی سەدەها ساڵەی گەلی کورد لە پێناوی سەربەخۆییدا و بەرجەستەبوونی ئەو بەڵگەنامه و دۆکۆمێنته یاساییه نێونەتەوەییانەی کە دانیان بە مافی چارەنووسی گەلی کورددا هێناوه (بە تایبەتی پەیمانی سیڤەری ساڵی ١٩٢٠)، هۆکاری سروشتی و یاسایی بەهێزن، بۆ دابینکردنی مافی چارەنووس و بەشداربوونی لە سیستێمی پەیوەندییه نێونەتەوەییەکاندا.

پاش ناساندنی لایەنەکانی یاسایی نێونەتەوەیی گشتی و شیکردنەوەی سوبێکتەکانی ئەم یاسایه، بۆمان دەردەکەوێت کە گەلی کورد لە ڕووی تیۆرییەوە، لە ڕوانگەی پرنسیپ و فۆرمه یاساییه نێونەتەوەییه هاوچەرخەکانەوە، یەکێکه لە سوبێکتەکانی یاسای نێونەتەوەیی.

بەڵام لە ڕووی پراکتیکەوە گەلی کورد، تاکو ئێستا نەیتوانیوه ئەم هۆکاره تیۆرییه یاساییه بکات بە واقیع و لەسەر شانۆی سیستێمی پەیوەندییه نێونەتەوەییەکان، وەکو سوبێکتێکی تەواوی یاسای نێونەتەوەیی لەخەباتیدابۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و ئازادی خۆی نیشان نەداوه.ئایا بۆ؟

بە ڕای ئێمه خستنەگەڕی ئەم ڕاستییه یاساییەی سەرەوه، بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ گەلی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازەکەی، کە ڕاستەوخۆ لێپرسراوه لە بەرانبەر ئەرکی

www.arsivakurd.org

# گەلی کورد وەکو سوبێکتێکی
# یاسای نێونەتەوەیی

عەبدولقادر پشتیوان

پێش ئەوەی بچینە نێو ناوەرۆکی باسەکەمان، بە پێویستی دەزانین بە شێوەیەکی کورت، یاسای نێونەتەوەیی لە رووی زانیارییەوە، بە خوێنەری کورد بناسێنن، شیبکەینەوە و لایەنەکانی دیار بکەین، چونکە مەسەلەی گەلی کورد رۆژ بە رۆژ لە چوارچێوەی یاسا ناوخۆکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان دەترازێ و چوارچێوەیەکی نێونەتەوەیی وەردەگرێت و لەبەر رۆشنایی یاسا نێو نەتەوەییەکاندا چارەسەری دەکرێت.

**یاسای نێونەتەوەیی**: یەکێکە لە زانیارییە کۆمەڵایەتیی و مرۆڤایەتیەکان، رەگوریشەی دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی فیودالیزمی لە ئەوروپادا. ئەم زانیاریە، زیاتر شێوە و قەوارەی خۆی لە نێو زانیارییە کۆمەڵایەتییەکانی ترەوە وەرگرت. بەتایبەت، پاش تەواوبوونی سەردەمی فیودالیزمی و دروستبوونی ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتان لەسەر بنچینەی نەتەوایەتی و دەستپێکردنی قۆناخێکی نوێی پەیوەندی و ئالوگۆر لە نێوان ئەم دەوڵەتانەدا، ئەمە جگە لە دووبەرەکیی و ناکۆکی نێوانیان.

پاش شکانی ئەڵمانیا و یابان لە شەری جیهانی دووەمدا بەرامبەر ولاتە هاوپەیمانەکان. یاسای نێونەتەوەیی قالبێکی تازە و نوێی ، بە گوێرەی ئەو پەیوەندییە تازانەی پاش ئەم شەرە خوێناوی و دووروودرێژەوە هاتنە کایەوە، وەرگرت. هەر لەبەر ئەمەشە یاسای نێونەتەوەیی قۆناخی پاش شەری جیهانی دووەم، بە یاسای نێونەتەوەیی هاوچەرخ ناوە دەبردرێت.

پێکهێنانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، واژۆکردنی بەیاننامەی دامەزراندنی لە ساڵی ١٩٤٥دا، دارشتنی بنچینە و فۆرم و پرنسیپە یاساییە نێونەتەوەییەکان لە فۆرمێکی هاوچەرخ و تازە بابەت دا لە دەستوور و پرۆتۆکۆڵەکانی ئەم رێکخراوە جیهانییە، دەورێکی کاریگەریان لە بەهێزکردنی رۆڵی یاسای نێونەتەوەیی لە کۆمەڵگای جیهانی و سیستێمی پەیوەندیە نێونەتەوەییەکاندا، بەتایبەت پاش تێکشکانی سوپای ئەڵمانیای نازی لە شەری جیهانی دووەمدا، بینی.

(یاسای نێونەتەوەیی) لە دوو بەش پێکهاتووە:- **یاسای نێونەتەوەیی گشتی**، کۆمەڵی بنچینە و فۆرمی یاسایی نێونەتەوەییە، کە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی نێوان دەوڵەتان، دەوڵەتان و رێکخراوە جیهانییەکان، نێوان ئەوانە و گەل و نەتەوە خەباتگێرەکان لە پێناوی سەربەرخۆیی دا، لەهەر دوو باری ئاشتی و کۆنفلیکتی چەکدارییدا، رێک دەخات و بەرێوەبات.

**یاسای نێونەتەوەیی تایبەتی**: ئەو بنچینە و فۆرمە یاساییە نێونەتەوەییانەن کە پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتانی جۆربەجۆر، هاونیشتمانانی دەوڵەتانی جۆربەجۆر رێک دەخات. هەروەها ئەم یاسایە پەیوەندی نێوان ولاتان و کەمپانیاکان بەرێوەدەبات.

سەرچاوە سەرەکییەکانی یاسای نێونەتەوەیی گشتی (کە مەبەستی باسەکەمانە) ئەمانەی خوارەوەن:-

١- پەیمان و رێکەوتنامەکان (دوو قۆڵی و لە دوو قۆڵی زیاتر)، لەنێوان سوبێکتەکانی یاسایی نێونەتەوەیی گشتی دا، واتە نێوان دەوڵەتەکان و رێکخراوە جیهانییەکان، نمایندەکانی گەل و نەتەوە خەباتگێرەکان لە پێناوی سەربەخۆییدا. سەرچاوەیەکی سەرەکی ئەم یاسایەن.

٢- دەستووری رێکخراوە جیهانیەکان، لە پێش هەموویانەوە دەستووری رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان UN و بریارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش و ئەنجوومەنی گشتی ئەم رێکخراوە سەرچاوەیەکی تری ئەم یاسایەن.

هەروەها بە هەمان شێوە،

٣- بریار و راسپێردەکانی دادگای نێونەتەوەیی لە هۆڵەندا.

٤- داب و نەریتی نێونەتەوەیی.

٥- یاسا بنەرەتییەکانی ولاتان، کە بەشێک لە یاسا بنەرەتیەکانیان چۆنیەتی پەیوەندی نێوان یاساکانی ناوخۆ و یاسای نێونەتەوەیی دیارکردووە سەرچاوەی تری ئەم یاسایەن.

www.arsivakurdi.org

# بەربانگ

ژمارە ٧٧ گۆڤاری فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانە لە سوێد ساڵ «١٠»

